ژماره ی ۲ **هانا** مارس‌ی ۱۹۹٦

## ناوەروک


۱ـ پیوانەی ئازادی \ سلیمان قاسمیانی ........ ۲

۲ـ لە پەروایزی فتوای ئیسلامیەکان \ ئاسو ........ ۴

۳ـ قەسابی کردنی کچ \ یوسف کوهەن \ وەرگیر: پویا ........ ٦

۴ـ ژن لە پاکەتی پوست دا \ لەیلا قانعی ........ ۱۳

**۵ـ کاریکاتیر** \ سەردار عبداللە ........ ۱۹

٦ـ جوانی‌ناسي لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی.کوردی‌دا \ ریبوار ........ ۲۰

۷ـ شیعری «شەوە» لە «تاپۆ و بوومەلیل»دا \ فاتح شیخ‌الاسلامی ........ ۲۷

**۸ـ شیعر**

حەمە عەلی حەسەن \ ئاسو \ ماری تولای \ ریبوار \ یوسف رەسولی \ کاکە ........ ۳۲

۹ـ «ئەڤین، ئینسان، رزگاری...» \ سینا پدرام \ وەرگیر: سمکو ئەحمەد ........ ۴٦

۱۰ـ شمشیر و مندال \ روژە دوینی \ وەرگیر: عەلی کتابی ........ ۵۱

۱۱ـ کوکتیل \ کەمال کەریم عبداللە ........ ۵۵

۱۲ـ چەن لاپەرە لە رومانی سارا \ عەلی کتابی ........ ٦۱

۱۳ـ گولی خویناوی \ سلیمان قاسمیانی ........ ٦۵


***

# پیوانەی ئازادی

سەرنووسەر

سلیمان قاسمیانی

## خوینەرانی بەریز!

ئەوا ژمارەی دووهەمی «هانا» لە باوەشتان دا چاو دەکاتەوە. ئەم ژمارەیە بە شانازی دەزانی کە لە روژی جیهانی ژن، هەشتی مارسدا، چاوی دەپشکوێ و لە قوولایی دلەوە ئەم روژە بە هەموو ئازیزان پیروزبایی دەلیت. بە بونەی روژی جیهانی ژنەوە، دوو ووتاری سەرەکی ئەم ژمارەیە تەرخان کراوە بو مەسەلەی وا کە پەیوەندی راستەخوی بە ستەم لە ژنان و بی بەشی بەربلاویان لە دنیای نابەرابەر و چینایەتی ئەمرودا هەیە. ئازادی ژن پیوانەیەکی راستەقینە بو ئازادی کومەل بە گشتییە. لە وولاتیک دا کە بی بەشی و بی مافی ژن بە گشتی و ژنانی کریکار و زەحمەتکیش بە تایبەتی، بناغەی کومەلە، ئیدديعای بەرابەری و ئازادی لەو کومەلگایەدا پووچە و لە کلاو نان لە سەر خەلک واتر، هیچی دیکە نیە. لەو وولاتانەدا کە پلەی کومەلایەتی ژن بە هەزار فێڵ و درۆ و دەلەسە و بیانووی جواروجوری وەک «ریز و حورمەتی کاری ناو مال و مندالداری»، «قوت بوونەوەی دەرگای بەهەشت لە ژێر پێی دایکان»، یان بە بێ شەرمیەوە ئیدديعای ئاقڵسووک بوون و ئیحساساتی بوونی ژن، کەم هیزتر بوونی ژن لە باری جسمی خویەوە،... چەن پلە لە پلەی کومەلایەتی پیاوان، دادەبەزیندرێ، هیچ ئاسەواریک لە ئازادی راستەقینە ناتوانی وجوودی بیت.

کومەلیک کە ژن لە چوارچیوەی تەنگی مال و فەرهەنگی کونەپەرستانەی پیاوسالاریدا دەهیلیتەوە؛ کومەلیک کە قەسابی و کوشت و بری ژنان بە دەس قانوون، باوک، برا، کەس و کار و شوو، بە رەسمیەت دەناسی؛ کومەلیک کە ژن بەردەباران دەکا، بە هەزار جور پاکانە دەکا بو ئازادی سیکس بو پیاو، کەچی ژن سەردەبرێ؛ کومەلیک کە ژن دەکاتە کالا و لە هەموو بازاریکدا دەیفروشی... شایانی نیوی کومەلگایەکی ئینسانی نیە و تەنانەت نیوی «کومەلگای وەحش» یش لە سەری زیادە. هەلبەت بو پاریزگاری لە حورمەتی وەحش و حەیوان بە گشتی دەبێ بووتری، کە «حەیوان» ئەگەر درندەیە و لە زور شت ناتوانێ چاوپوشی بکات، بە تەواوی بیگوناهە؛ چونکە ئەو وەک ئینسان ئەقل و فامی نیە و بە پێی زاتی خوی هەر ئەوە دەکا کە دەتوانێ. بەلام ئینسان بە هوی کار و فام و ئەقلیەوە توانیویەتی بە پلەیەک بگا کە ئەسیر و کۆیلەی تەبیعەت نەمینی و ئاڵ و گوری بنەرەتی بە سەر خوی و سروشتدا بینێ! ئینسان توانای هەلبژاردنی هەیە، بەلام «حەیوان» نا. هەر بویەش ئەم سیستمە کومەلایەتیە دژی ئینسانيیانەی کە بە هێزی چەک و ئایین و فەرهەنگی کونەپەرستانەوە بە سەر جەماوەری کریکار و زەحمەتکیشدا داسەپینراون، شایانی ئینسانی ئەمرو نین و دەبێ بڕووخێن.

تەبیعیە کە ووتارەکانی ئەم ژمارەیەی «هانا» بە دلی زور کەس نەبن و هیندیک کەسمان لی بتۆرێنێ. باس کردن لەو شتانەی کە بە پێی فەرهەنگی حاکم مۆری **تابۆ**یان* (**تابو** بریتییە لە هەر شتێک کە بە پێی رەسم و عورفی کومەلایەتی نابێ قسەی لێ **بکرێ**) لێدراوە و نابێ نێوی بێنی و قسەی لێ بکەی، گوناهیکی گەورەیە. کاتیک «گالیلە» چەن سەد سال لەمەوبەر دەنگی هەلبری و هاواری کرد: «ئەوە عەرزە کە بە دەوری هەتاودا دەسوورێ»، تکفیر کرا! ئیمە ئامادە نین سەر بۆ **تابۆ**کانی ئەم کومەلگا نابەرابەر و دژی ئینسانیيە کە چوار دەوری ژیانی مروڤی تەنیوە، دانەوێنین. ئیمە لایەنی ئەو کچە منال و بیئیختیارانە دەگرین کە بە دەس فەرهەنگی

کون و حاکمەوە قەسابی دەکرین و تەنانەت لە فەرهەنگی ووشەکانیشدا، نیویان نایە. سەیری «فەرهەنگی خال»، «فەرهەنگی هەژار ـ هەمبانە بورینەـ» یان فەرهەنگی فارسی دوکتور محمد معین بکەن، ئەوەی کە باسی ناکرێ خەتەنەی کچانە؛ لە حالیکدا کە نووسەرانی فەرهەنگەکانی ناوبراو توسقالیکیش شەرم ناکەن لەوەی کە نیوی چوچوول و سەری ئەندامی تناسلی پیاو و خەتەنەکرانەکەی بکەن! هویەکەی روونە! چونکە لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا ژن کالا و **شەرەفی** شووەکە و ساحەبەکەیەتی و کەس بوی نیە دەخالەت بکا لە شەرەفی هیچ تاجریک و هیچ دارایەکەوە!

هیوادارین «هانا» بە یارمەتی ئیوەی ئازادیخواز، بتوانێ ئەو **(تابۆ)**یانە بشکێنێ کە کوسپیکێن لە سەر ریگەی ئینساني کردنی کومەلگاکمان و دەبنە هوی بەردەوام بوونی دەسەلاتی رەش لە گشت کوردستاندا.

***

هەواڵنامەی کتێب

# لە پەراوێزی فتوای ئیسلامیەکان و حوکمەتە سەوزەکەی هەرێمدا۱.

**ئاسو**

لە کاتی نووسینی ئەم دێرانەدا، رەنگە ئافرەتێک بکوژرێ یان فشاری خێزان و فەرهەنگی پیاوسالاری و کۆنەپەرستیی، زیندانێکی بێ پەنجەرەی بە دەوردا بکێشێ و خۆی خۆی بکوژێ. ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات کە سەدەی بیستەم سێ زستانیتر ئەتوانێ ناوی خۆی لە ڕۆژژمێری ئینساندا بنووسێ و ناچار لە بەرانبەر سەدەی «٢١» دا دەبێ بە خۆی و وەرزەکانیەوە، گۆشەیەک لە مێژوودا بۆ خۆی بگرێت.بەڵام لە هەردوو بارەکەدا ژیانی ئینسانێک کۆتایی دێت.

ئەگەر لە کوشتنی کوڕێک یان باوکێک لە بەرەکانی شەڕدا، کە لە ئێستادا بازاڕی گەرمی لە هەموو شتێک پڕ ڕەونەقترە لە کوردستان قریشکە و گریانماڵێک پڕدەکات، ئەوا لە کوشتنی قریشکەکان خۆیاندا، ماڵەکانیان دەبێ خۆیان نەکەنە خاوەنیان و ژوورەکانیانان دەبێ بە نهێنی بگرین و بە بەرچاوی خەلکیشەوە دەبێ چاوەکانیان بێ فرمێسک بن.

ئەگەر قانوونەکان، هەلومەرجی سیاسی و زیندوو بوونەوەی ئەو فەرهەنگەی کە لە زۆر شوێنی دنیادا تەنها لە ناو ئەرشیفی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا ماوە، چوارچێوەی گونجاوی بۆ سەربرین و لە خوێندا گەوزانی قریشکەکان پێک هێناوە، ئەوە ئاینی ئیسلام «بیر و باوەری گەلی کورد بە زمانی ڕاگەیاندنەکان»
شەرعیەتی درێژە پێدانی تەمەنی ئەم قەسابخانانەی داوە و ئەو خوێنانەی تەنها لەژێر ناوی ئافرەت بووندا حەلال کردووە.

هەواڵنامەی کێژ

ڕەنگە زۆر ئافرەتی کلوڵ خۆزگە بە بەراز بخوازن. ئاخر هیچ نەبێ خواردنی حەرام کراوە؛ چ جای دەست تێچوونە خوێنی. بۆیەش رەنگە تەمەنی بەراز لە تەمەنی گەلیک ئافرەت درێژتر بێت. ئەمە یەکێکە لەو خالە لە یاد چووانەی کە پسپۆرانی لێکۆلینەوە لە کورتبوونی تەمەنیگەلێک لە ژنانی خورهەلات و درێژ بوونی تەمەنی بەراز لە بەرچاویان نەگرتووە.

ئەو ووتارەی ڕۆژنامەی «بۆپێشەوە» نووسیویەتی، تەنها ئاشکرا کردنی گۆشەیەکی زۆر بچکۆلەی هەلوێستی ئیسلامە بەرانبەر بە ئافرەتی ئینسان، نەک «خیر متاع للرجل». هەر بۆیەش کێشەی نێوان ڕۆژنامەی بۆپێشەوە لە گەڵ فتوادەران و حوکومەتە سەوزە سوشیال دیموکراتەکەی هەرێم، تەنها کێشەیەکی سیاسی نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکانی ئەمڕوی کوردستان نیە، بەلکو کێشەی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە خوازیارن بەر بەو سیناریۆ رەشە بگرن کە بزووتنەوە دینیەکان خوازیاری ڕە نگ ڕشتنین ودەسەلاتدارانی کوردیش دژایەتیان لە گەلدا نیە؛ بەلکو مۆری «وسیری الذین ظلموا ای منقلب ینقلبون»بە نێو چاوانی هەموو ئەو دەنگانەوە دەنێن کە دەیانەوێ بەر بە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی ڕەشی ئەفغانستان و ئێران و جەزائیر بگرن لە کوردستاندا و پەرچەمی سکولاربوون و مۆدێرنیزم بوونی کۆمەلگا هەلببڕن.

ئەگەر لە بە ئیسلامیکردنی هەلەبجەدا، زیان لێکەوتووترین کەسێک گۆرانی بووبێت، ئەوا بە ئیسلامی کردنی شارەکانی کوردستان گورانی وەک:

«گۆنات هەڵمژم پڕ بە دەم
سوور هەڵگەڕێی هێندە ماچت کەم...»

دەبێ شاملو وتەنی: «لە بن‌میچ و پەناو پاسارەکان‌دا بشاردرێننەوە». نەک هەر گۆرانی بەڵکو هەموو ئەو قەلەمانەی کە بانگی ئازادی، نەک بانگی شێوان، بۆ ئینسان هەڵدەدەن لە مەترسی گەرووتاشین‌دان.

نەک هەر قەلەم، دەبێ زەردەخەنە و پێکەنینیش بەمەرجێک‌بێ کە دان دەرنەکەوێ. ئەوساش دەبێ سەرقەبرانێکیش بۆ رەنگی ئاڵ و واڵای کچان، ـ خۆمان کەممان سەرقەبران‌نیەـ ئامادەکەین. ئەو کاتیش بازاڕی دۆلار فرۆشەکانی شارەکانی کوردستان چۆڵتر دەبێ و هەندێک لەدۆلار فرۆشەکان لە خەیاڵی دامەزراندنی چەندین کارخانەی عەبا و جبە و لەچک‌دا نووقمی مەتر و رەنگی رەش و قازانج دەبن.

لە سەرو هەموو ئەوانەشەوە، فتوادان لەسەر قەلەم و گورانی و ئیشق و زۆر شتی‌تر کە هێشتا مێشکی ئینسان پەی پێ نەبردووە، دەبێتە کاری هەمە رۆژ. لە ژێر لیستی ناوەکانی سلمان روشدی و تسلیمە نەسرین و ڕێبوار ئەحمەدەکانیشەوە چەندەها ناوی‌تر ڕیز دەکرێ

**١٩٩٥.١.٢**

***

هەواڵنامەی کتێب

# قەسابی کردنی کچ

نووسینی : یوسف کوهەن

وەرگیرانی بو کوردی: پوویا

**هەر جاریک کە میز دەکا ساعەتیکی پی دەچیَ. عادەتی مانگانە. بە هوی بەربەست بوونی ریگای خوینەوە. لە رادەبەر پر ژانە.**

«ویلو ئەبدولە» بیست و پنج سالەیە. چوار سالانە بوو کە «کلیتوریس»یان*، ( ئەو بەشە لە ئەندامی تناسلی ژن کە دەبیتە هوی لەززەت بردنی جنسی ژن لە کاتی سیکس‌دا ) لیَ قرتاند. بەلام هیشتا بە وردی سەرجەمی کارەساتەکەی لە بیر ماوە.

«..بیرەوەری خەتەنەکران وەها بە مێشکەوە دەنووسێ کە هیچ ژنیک لە بیری ناچیتەوە. من بە شیوەیەکی سەرسوورهێنەر ترسم لی نیشت بوو، ئاخر ژانەکەی لە رادەبەدەر بوو. یەکجار دژوارە کە بزانی چ ژانیکی هەیە. بێ ئەوەی کە سری بکەن دەی قرتێنن و خوینریژیەکی توندی بە دواوەیە. لە شارەکان ئەو کارە بە دەستی دوکتور، بەلام لە دیەکان بە چەقویەک، لەتکە شووشەیەک یان تەنانەت بە بەردیکی تیژ، ژنانی بە سالاچوو دەیکەن.»

## قرتاندنی کلیتوریس و دوورانەوەی ئەندامی تناسلی ژن

بۆ دیداری «ویلو ئەبدولە» دەچینە مالەکەی لە گەڕەکی «ستێنالیدن» لە شاری «کریستینەهامن». «ویلو» کچیکی شیرینە. ئەگریجە کورتەکانی لە هەموو لاوە بە سەر چاوە رەشە بادامیەکانی‌دا بلاو بوونەوە. بە پانتولی جین و کراسە قول‌کورتەکەیەوە، فەرقیکی لە گەل کچانی‌تر نیە. تەنانەت بیر کردنەوە لەوەی کە «ویلو» لە نێو لاقەکانی‌را، بە شیوەیەکی وەحشیانە قەسابی کرابێ و دوورابێتەوە، سەختە. قەسابی ئەندامی تناسلی ژن بە شیوەی جۆراوجۆر دەکرێ کە بێ‌رەحمانەترین و پرژان‌ترینی «ئینفیبولاسیۆن»Infibulationە، واتە لێوەکانی دەرەوە و ژوورەوەی ئەندامی تناسلی ژن و هەروەها «کلیتوریس» دەبرن. دوایی، ئەو بەشە لە لیوەکانی دەرەوەی ئەندامی تناسلی کە ماوەتەوە، هەلدەدروون.

«... تەقریبەن تەواوی ژنانی سومالیایی ئەو بەلایەیان بە سەر دەهێندرێ و ئەندامی تناسلی‌یان هەتا ئەو جیَیەی ئیمکانی هەیە بەرتەسک دەکرێتەوە»

«ویلو ئەبدولە» هەلدەستیتە سەرپێ هەتا نیشانمان بدا. گوێپاک‌کەرەوەیەک و دەنکە شەمچەیەک هەلدەگرێ و دەلێ: « ئەندامی جنسی ژن نابێ لە سەری ئەم دەنکە شەمچەیە ئاوالەتر بێ. ئەگەر ئەم گوێپاک‌کەرەوەی پێدابچێ، مانای ئەوەیە کە خەتەنەکە سەرکەوتوو نەبووە...»

## ماسین و رزین

**بروا کردنی دژوارە. بەراستی دەکری ژنیک دوای کارەساتیکی لەو چەشنە. ژیانیکی ئاسایی هەبی؟**

« تەقریبەن نا. چوونە سەر پێشاوێک دەبێتە موشکیلەیەکی هەرە گەورە. بە هۆی ئەوەی کە ئەندامی جنسی زور بەرتەسک بووەتەوە، میز کردن ساعەتیکی پی دەچێ.»

سەرەرای دانیشتنی زور لە کاتی دەس‌بەئاو بوون‌دا، ئیحتمالی ئەوە کە بەشیک لە میز یان خوینی عادەتی مانگانە، هەر لە لەش‌دا بمینیتەوە ئیجگار زورە. «ویلو ئەبدولە» بە چاوی خۆی گەلێک ژنی دیون کە بە هوی

مانەوەی خوێنی عادەتی مانگانە لە لەشیاندا ئاماسیون و سەرەنجام لە ناوەوە رزیون و مردوون. تازە ئەوە لە حالیکدایە کە ئەم مەسەلە تووشی نەخۆشی کوشندەیتر نەکردبن و نەیکوشتبن.

«ویوی هیردمەن» دوکتوری نەخۆشی ژنانەیە و بە هوی ئیشەکەیەوە، لە گەل ژنانی سومالیایی سەر و کاری هەیە و بەشی زوری وەختی کارەکەی تەرخان کردووە بو نەجاتدانی گیانی ئەو ژنانە کە لە سەروحەدی زایین‌دان یان «فیستول»یان هەیە. (فیستول بەو برینە دەگوترێ کە بە شیوەیەکی پیچدەرپیچ سەر دەخاتە قوولایی جەستەی ئینسان. ورگیر ). «ویوی هیردمەن» دەڵێ:

« ئەو ژنانەی کە ئەندامی تناسلی‌یان دووراوەتەوە، سەرەڕای برینی تەقەڵەکان و ئاواڵە کردنەوەی زیاتری ناو پێ، لە کاتی زایین‌دا منالەکەیان تەقریبەن نایەتە دەر و لە ژوورەوە بۆ میزڵدان و ریخولەکانی دایک فشار دێنێ و سەرەنجام دەبێتە هۆی لە بەریەک چوون و تەقینیان. کاتێ کە منالەکە بە هەر حال دیتەدەر، ئیتر ئەندامی جنسی دایک بووەتە فازلاوی پیسایی و میز و خوێن. ئەو ژنانەی کە پێشتر خوێنرێژی عادەتی مانگانە نەیکوشتوون، بە دەست ئەمەیانەوە نەجاتیان نابێ.»

موشکیلەیەکیتر «فیستول»ەکانن. ئەو خوین و میزەی کە لە لەشی ژنە خەتەنەکراو و درواوەکاندا دەمێنێتەوە، لە ژوورەوە تەنگ بە ریخولەکان هەلدەچنن و سەرەنجام دەتەقن. تەقینی ئەو ریخولانە دەبێتە هوی برینداربوون و سەرهەلدانی نەخوشی لە میزلدان و مندالداندا. نزیکەی ۷ ملیون ژنی ئافریقای شیمالی لە سالدا گیرودەی ئەم بەلایە دەبن کە لەوانە نیو ملیون گیانیان لە دەست دەدەن.

## کەمەربەندی عیففەت (الطهارە)

### هوی چیە کە منالان بە دەست دایک و باوکیان تووشی ئەو ژیانە پڕ ژانە دەکرین؟

ئەم مەسەلە فری بە سەر مەزهەبی بنیادەمەکانەوە نیە. زور بەر لەوە، قورئان خەتەنە کردنی کچانی مەحکوم کردبوو. «ویلو ئەبدولە» لە سەر ئەو باوەرەیە کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە «رۆڵی جنسی»یەوە هەیە و بەم شیوەیە پیاو دەتوانێ نەقشی ژیردەستەبوونی ژن بپارێزێ. «ویلو» دەلێ:

« پیاوەکان دەیانهەوی بەر بگرن لەوەی کە ئیمەش لەززەتی جنسی بەرین. ئەوان دەیانهەوی کە ئیمە ملکەچی ئەوان بین و تەنیا وەلام دەرەوەی نیازی جنسی ئەوان بین.»

لە هەر حال دا، هیچ «کەمەربەندیکی عیففەت» ناتوانێ وەکوو ئەم جورە خەتەنە کردنە بەکار بێ، چون تەقەلەکان ئیمکانیک بو رابیتەی جنسی ناهێڵنەوە. کاتیک ژن میرد دەکا، چەند دانە لە تەقەلەکان بە قەرای ئەوەی کە شووەکەی بتوانێ نزیکی لێ بکا، دەکەنەوە. بەلام وەختیک پیاوی مال بو ماوەیەکی زور بچێتە سەفەر، سەر لە نوێ ژنەکە دەدروونەوە هەتا بەم شیوە لە پاراستنی عیففەتی (ژنەکە) دلنیا بن.

«واریس نور» بیست سالە بوو کە میردی کرد. دوای میرد کردن بە شیوەیەکی بیرەحمانە تەقەلەکانیان کردەوە.

« میردەکەم پێی خوش نەبوو بچمە لای دوکتور؛ لە بری ئەوە، خۆی بە فشار تەقەلەکانمی لە بەریەک بردن.»

دوای ئەم رووداوە، «واریس» هەتا دوو حەوتوو لە بەر ژانی لە رادەبەدەر، دانیشتنی بو نەدەکرا.

## سامیکی داچلەکینەر

بەشیکی زور لەو ژنانەی کە بەم شیوەیە خەتەنە دەکرێن، هەرگیز ناتوانن لەباری جنسی‌یەوە ژیانیکی

سلامەتیان ببێ. ئەگەر چی ئەوان فیر دەبن کە بێ «کلیتوریس»یش تەحریک ببن، بەلام خەتەنەکران و دروونەوەیان، خوی لەخوی دا، وەها شوینەواریکی تال لە سەر میشکیان دادەنی کە نەک هەر لە بیر بردنەوەی مەحالە، بەلکوو هەر شتێکی کە بگەریتەوە سەر ئەندامی تناسلی ژن، سامێکی داچڵەکێنەر دەخاتە گیانیانەوە.

«واریس» دەلی:

«یەکەم رابیتەی جنسیم، تالترینیان بوو. بە رادەیەک ژانم بوو کە هەتا شەش مانگ دواتریش، بیجگە لە ژان هەستم بە هیچ شتیکیتر نەدەکرد.»

«واریس» لە «تۆگۆ» لە دایک بووە. ئیستا سيي سالیەتی، قەد باریک و رێکوپێک. ئەویش وەکوو «ویلو ئەبدولە» دوو سال لەوە پیش خوی قات و قری و شەڕی ناوخویی سومالیا دەرباز کرد و خوی گەیاندە سوئید. ئیستا «واریس» دوو کوڕی هەیە و بە هیوای منالیتریش نیە. ژانی دو جار زایینەکانی وەها پر لە سام بوون کە ئیتر ئامادە نیە جاریکیتریش خوی بداتە دەستیەوە.

**پیم خوش بوو بزانم ئەگەر «واریس» کچیکی هەبوایە، ئاخو هەمان بەلای بە سەر ئەو دەهینا؟:**

«هەرگیز! من هەرگیز ناتوانم بەڵایەکی ئاوەها بە سەر کچەکەم بێنم؛ لانی کەم لە سوئیددا نا...»

لە سومالی زور دژوارە کە لە خەتەنەکردنی کچەکەت خۆ بپارێزی. لەوێ کچیک کە خەتەنە نەکرابێ وەک ژنی لەشفروش لە قەلەم دەدرێ؛ بە تەنیا دەمێنیتەوە و بە چاوی سووک سەیری دەکرێ و پێیان گولە. «واریس» دەلێ:

«هەڵدەکەوێ کە دایکیک کچەکەی خەتەنە ناکا، بەلام کچەکە کاتیک گەورە دەبێ، خۆی بە شوێن کەسیکدا دەگەڕێ کە ئەو کارەی بو بکا. باری ژیان وەکوو کچیکی خەتەنە نەکراو، بە کەم کەس هەلدەگیرێ.»

ئەو ژنانەی کە ئەندامی تناسلییان دوراوەتەوە، لە سوئید دەتوانن بچنە لای دوکتور و تەقەڵەکانیان بکەنەوە. «ویلو ئەبدولە» جارێ شووی نەکردووە و هیشتاش تەقەلەکانی نەکردۆتەوە. لێی دەپرسم:

ـ بو هەتا ئیستا نەچوویە لای دوکتور بۆ کردنەوەی تەقەلەکانت؟

ـ ئەگەر لە گەل سومالیایییەک زەماوەند بکەم دەبێ «دەست لێنەدراو» بم . پیاوانی سومالی ژنی نەدوراوەیان ناوێ. دەبێ «کچ» بی هەتا بتوانی زەماوەند بکەی.

**لە سالی ۱۹۸۲ بەولاوە خەتەنە کردنی ژن لە سوئید قەدەغەیە. بەلام سەرەرای ئەوەش ویدەچی لە سالدا نزیکەی ۳۰۰۰ کچ لە سوئید لە مەترسی قەسابی کردنی ئەندامی جنسی دابن.** زوربەی ئەو کچانە سەر بەو خانەوادانەن کە لە وولاتانی سوملی، جیبوتی، ئیتیوپی و سوودانەوە هاتوونە سوئید. خزم و کەس و کاریان لە فکری هەڵبرینی هەستی جنسی ئەوان دان. لە ترسی سزای قانوونی سوئید، ئەم کارە بە دزی و دوور لە چاوی دوکتور دەکرێ، یان کچەکە دەنێرنەوە بو وولاتەکەی خویان و بە کومەکی خزم و کەس و کار، بەر لە گەرانەوەی کچەکە بو سوئید، خەتەنەی دەکەن و دەیدروونەوە.

بەلام بریار وایە کە بەر بەم کارەش بگیرێ. ریکخراوی «رزگاری منالان» و «دەزگای گشتی کاروباری کومەلایەتی» بە دوو قۆلی دەستیان داوەتە پرۆژەیەک. خانمی «ئانیکا کێمپێ» سەر بە ریکخراوی «رزگاری منالان» دەلێ:

« خەریکین ئەو کچانە دەدوزینەوە کە ئەو مەترسیەیان بە سەرەوە. هەول دەدەین کە لە مانگی سپتامبری ۱۹۹۲ دا بە شیوەی جۆراوجۆر لە گەل خانەوادەکانیان پەیوەندی بگرین و رازییان بکەین کە لەم کارە چاوپوشی

بکەن.»

ئەم پرۆژەیە قەرارە بە پێی گەلالەی ئینگلیسیەکەی بچێتە پێش. لە ئینگلیس کاربەدەستانی دەولەت و مەدرەسە و «ناوەندەکانی چاوەدێری لەشساخی»، بە هاوکاری یەکتر توانیویانە کە هەتا رادەیەکی زور پیش بە خەتەنە کردنی کچانی پەنابەر بگرن. لە راستیدا ئەو کەسانەی کە لە ناوەندەکانی «پەروەردە و بارهینان» و «چاوەدێری لەشساخی»دا کار دەکەن، ئەرکی سەرشانیانە کە ئەو کچانە ـ کە لە وولاتانی خویاندا خەتەنە ئاساییە ـ بخەنە ژیر چاوەدیری و ئەگەر پێیان وابوو کە منالێک خەریکە بە زوویی خەتەنە بکرێ، شوێنی کەون و پێشی پێ بگرن.

«ئانیکا» دەلێ: « وەختیکی منالەکە باسی ئەوە دەکا کە قەرارە لە کاتی تەعتیلاتدا(پشووی هاوین) بچنەوە وولاتەکەی پێشوویان، یان دەلی کە بە زوویی سمتی تووشی ژانیکی دژوار دەبێ، بەو مانایەیە کە دەبێ ئیمە وشیار بین.»

هەر وەخت شتیکی لەو بابەتە بەرچاو بکەوێ، دەس بەجی کاربەدەستانی بەرپرس لە ئیدارەی کومەلایەتی و پولیس، ئاگادار دەکرێن. بە پێی قانوونێک سەبارەت بە مافی منال، پولیس بۆی هەیە کە لە چوونەدەرەوەی ئەو منالە لە وولات، بەربگرێ. بەدوای ئەمەدا کارگێرانی ئیدارەی کومەلایەتی، دەس بەکار دەبن کە خانەوادەی منالەکە لەو کارە ناشیرینە و ناپیویستە پەشیمان بکەنەوە. ئانیکا دەلی:

«بە پێی **تابۆ** *( تابۆ بریتی‌یە لە هەر شتێک کە بە پێی رەسم و عورفی کومەلایەتی نابێ قسەی لێ بکرێ) بوونی ئەو باسە، هێندێ جار لەوانەیە ئەم کارە سالیک بخایەنێ. زور جار دایکەکە و تەنانەت خوشک و برا گەورەکانیش پیویستیان بە یارمەتی هەیە. خەتەنەکران شوێن دەخاتە سەر تەواوی قوژبنەکانی ژیان، شوینەواری رووحی و جسمی‌یەکەشی بەجێی خوی.»

چۆنیەتی بەریوەبردنی ئەم پرۆژە لە سوئید ئیستا بە تەواوی روون نیە. بەلام مەوزووعی کارەکە بریتی‌یە لە: ١ـ رزگارکردنی ئەو کچانەی کە لە مەترسی ئەم خەتەنە کردن دان. ٢ـ هەوڵدان بۆ گەراندنەوەی سلامەتی بو ئەو ژنانەی کە خەتەنە کراون. لە رابردوودا، خەلکی وولاتانی روژئاوا زور بە ساردی و کەمتەرخەمی‌یەوە سەیری مەسەلەی «خەتەنەی ژن»یان دەکرد. ئەوان پێیان وابوو کە ئەو کارە سوونەتیکی فەرهەنگی‌یە و نابێ خەلکی‌تر دەخالەتی تیدا بکەن. «ئانیکا» لەو بابەتەوە دەلێ:

«بە کردەوە مانای ئەم چەشنە بوچوونە ئەوەیە کە ئەو بەشە لە ژنان کە لە مەترسی خەتەنەکران دان، بە ئەمانی خوا بسپێرین. ئەو ژنانە خۆشیان دەلێن کە خەتەنەکردن و دووراندنەوەی ئەندامی تناسلی ژنان بەر لەوەی کە سوننەتیک بێ، نەوعیک ئەشکەنجەیە. تەقریبەن هەمیشە پیاوی مال یا خزم و کەسی و کاری بە سالاچوون کە پێ دادەگرن لە سە ر خەتەنە کردنی کچەکان؛ لە حالیکدا کە دایک هەول دەدا پیش بەم کارە بگرێ. ئیمە لیرەدا لە سەرمانە کە لەو کارەدا لە دایک پشتیوانی بکەین. سەرەرای ئەوەش، چون دەکرێ ئیجازە بدەین بەشێک لە منالان تەنیا بە تاوانی ئەوەی لە ئافریقاوە هاتوون، ئەشکەنجە بکرێن.»

هەتا ئیستا، «دەزگای کاروباری کومەلایە تی» لە سوئید، لیستەی نزیکەی ٢٠٠٠ منال کە لە مەترسی خەتەنە کران‌دان، گرتووە. قەول وایە کە لە مانگی سپتامبردا، لە گەل دایک و باوکی ئەو منالانە قسە و باس بکرێ.

***

ئەوەی لە سەرەوە خویندتانەوە، تەرجەمەی راپورتیکی «یێنی ئێکلوند» Jenny Eklund بوو لە گوڤاریکی سوئیدی بە ناوی «روانگەی ژن» Kvinnosyn بەرواری **٢٣ـ٧ـ١٩٩٢**. لە ئیرانیش «خەتەنەی ژن» شتیکی ئاشنایە و ئەم وەحشیگەرییە هەموو روژێ قوربانی خوی دەوێ. بەلام دەنگی گریانی مەزلوومانەی ئەم کەنیشکە کەمتەمەنانە و هاواری پر ژانیان کە لە قەسابخانەی «کچیەتی»دا لە گوشە و کەناری ئەم جیهانە بەرینە و لە کوتایی سەدەی بیستەمدا، بەم شێوە بی رەحمانەیە ئەشکەنجە دەکرێن، هیشتا وەک دەبێ سەرنجی ویژدانی خەلکی پیشکەوتووی رانەکیشاوە. ئەم نووسراوەیە، رەنگدانەوەی بەشیکی بچووکی ئەم هاوارە بەرزە، بەلام خنکیندراوەیە. ئەم بوشاییە لە گوڤارەکاندا سەد هیندە دیارە. گویا هیشتا ئەو کەسانەی کە سەر و کاریان لە گەل مەسەلە فەرهەنگیەکانە، قوڵیان بو شەڕ دژی ئەم **«تابۆ»**یە هەڵنەماڵیوە. چ خوش دەبوو ئەو روژەی کە ژنان لە وولاتی ئیمەش هەر وەک «ویلوئەبدولە» و باقی ژنانی ئەم نووسراوەیە، بە جەسارەتەوە لە پیش دووربینی هەوالنیرەکاندا بوەستانایە و پەردەیان لە سەر ئەو ستەمە جنسییانەی کە لە کومەلەکەیاندا باوە، هەلدابایەوە و گوڤارەکانی وولاتیش ببوونایە بە ئاوینەی ئەو دەنگە پر ژانانە. لەحالیکدا کە باری گرانی ئەو کارەساتە، کاری کردوەتە سەر ویژدانی رژێمە دەستەراستیەکانی ئینگلیس و سوئید، بێدەنگ بوونی کوڕ و کومەلە پیشکەوتوو و ووشیارەکانی هاوولاتی، ئەسڵەن ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێ.

لە سەر ئەم راپورتە من چەن قسەیەکم هەیە کە دەیخەمە بەر بوچوونی ئیوەش:

١ـ زەق کردنەوەی وەزعیەتی ژنان لە روژهەلات و بە تایبەت رەسمە مەزهەبی و کۆنەکان ـ بۆ وێنە مەسەلەی خەتەنەکردن ـ لە لایەن کوڕ و کۆمەڵەکانی روژئاوەوە، بووەتە هوی ئەوە کە خەلکی ئەم وولاتانە سەرنجیان لە سەرچاوەی مەسەلەکان بو لای مەسەلە غەیرە سەرەکیەکان رابکیشری و ریشەی واقیعی ئەم شتانە و بناغە کومەلایەتی و سیاسی و ئابووریەکانی بە کەم بگیرێن یان ئەسلەن لە بیر بچنەوە.

٢ـ هەست بە غرور کردن و دلخوش بوون بە وەزعیەتی ئەمرو لە نیو ژنانی روژئاوادا هەڵبخرێ و هەستی بەزەییداهاتن بە ژنی روژهەلات تیدا ببزوێ؛ کە ئەمانە لە خویدا دەبنە لەمپەرێک لە سەر ریگەی تێکگەیشتنی راستەقینە و هاوپشتی لە بەینی ژنانی دنیادا.

٣ـ سەرکوت کردنی ژنان شتێک نیە کە تایبەتی ژنانی وولاتانی دنیای سێهەم بێ. ئەمە مەسەلەیەکە کە لە تەواوی ئەو وولاتانەی کە پیاوەمزنی بە سەریاندا زالە، بە دواکەوتوو و پیشکەوتوویەوە، بەرچاو دەکرێ. لە ئوروپا و وولاتانی روژئاوادا «کلیتوریس»ی ژن ناقرتێنن بەلام بە کەلک وەرگرتن لە **پۆرنۆ** * و گواستنەوەی تەحریکی جنسی لە کلیتوریسەوە بۆ ناوەوەی ئەندامی جنسی ژن، ژنان لەباری فەرهەنگی و نەفسییەوە خەتەنە دەکەن!

٤ـ برینی کلیتوریس هەر بە هەڵپاچینی بەشیک لە ئەندامی جنسی ژن کوتایی پێ نایە، بەلکوو ئەم قەسابییە میشکی ژن بە شیوەیەکی بیرەحمانە لە هیزی بیرکردنەوە دادەشورێ. بەم شێوە ژنان وا باردینن کە خویان پێیان وابێ ئەم وەزعیەتە ئاساییە و نەتوانن ئەم زولمەی کە لێیان دەکرێ، ببینن.

٥ـ لە شوینیکی ئەم نووسراوەدا هاتووە کە «خەتەنە» کارێکی بە سەر مەزهەبەوە نیە و تەنانەت قورئانیش دژایەتی خوی لە گەل دەربریوە. خراپ نیە سەرنجیکی ئەم بەشە بدەین.

**یەکەم:** خەتەنەکردنی ژن زۆر بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام رەواجی بووە. لە راستیدا سەرهەلدانی خەتەنە دەگەریتەوە بو سەرهەلدانی نیزامی چینایەتی کە لە سەر بناغەی پیاوسالاری دامەزرابوو. بیجگە لە وولاتانی وەکو

هەواڵنامەی کتیب

میسر و سودان ... خەتەنە لە ئورووپاش هەتا سەدەی نوزدەهەم وجوودی هەبووە. «هێرودێت» ـ مێژوونووسی بە ناوبانگ ـ لە هەبوونی خەتەنە، حەوسەد سال بەر لە لەدایک بوونی مەسیح، قسە دەکا. پێشینەکانی ئەم رەسمە دەگەڕێتەوە بو سەردەمی پادشایی فیرعەونەکان لە میسری قەدیمدا. هەر بەم هویە لە «سودان» بە خەتەنە دەگوترێ «برینی فیرعەونی».

**دووهەم:** مەزهەب بەدریژایی مێژوو داردەستی دەسەلاتدارانی ئابووری و سیاسی کومەل بووە ودەوری سەرەکی بووە لە پاراستنی ئەو سیستەمانەدا. لە راستی‌دا مەزهەب هەر ئەو ئەرکەی هەیە کە دەزگاکانی قەزایی، پولیس، پەروەردە و بارهێنان... بو پاراستنی خانەوادە، پیاوسالاری و پتەوکردنەوەی نیزامی چینایەتی لە ئەستۆیانە. لە هیچ گوشەیەکی دنیادا، ناکرێ سێ کوچکەی سیاسەت، جنسیەت و مەزهەب لە بەر چاو ونبکرێ.

**سیهەم:** لە روانگەی مەزهەبەوە «کچیەتی» شتیکی «پیرۆز»ە و هەر ئەوە بووەتە هوی ئەوە کە لە پاراستن و قایم‌تر کردنی رەسمی «خەتەنە» دا مەزهەب دەوریکی بەرچاو بگێرێ. بو نموونە لە سەردەمی «یەهودییەت»دا شەرتی بنەرەتی بو ئەوەی کچێک بیتوانیبایە زەماوەند بکا، ئەوە بوو کە «کچیەتی» خوی بەر لە میردکردن پاراست بێ. ئەگەر کچیک، «کچ» نەمابایە هەر شەوی یەکەم پیاوەکە تەلاقی دەدا. یان ئەگەر ژنیک دوای دوو جار میرد کردن، میردەکەی مردبایە یان تەلاقی دابایە بە «گلاو» دەژمیردرا. ( تەورات، سەفەری تثبیە، فەسلی **۲۴**، ئایەتەکانی **۴۱** )

پاراستنی کچیەتی دوای بە دەسەلات گەیشتنی رووحانیەکان لە ئیسرائیل، زیاتر لەوەش وەحشیانە بوو. یەکیک لەو رەسمانە «ئایینی ئاوی تال» بوو. ئەگەر میردیک لە ژنەکەی دوودل بوایە، دەی‌بردە لای رووحانی گەڕەک یان مەنتەقە. رووحانیەکە بۆ ئەوەی بزانێ کە ژنەکە تاوانبارە یان بێ تاوان، بە شیوەیەکی سەرسام‌هینەر ئەشکەنجەی دەکرد. ژنەکە دەبوایە لە پشتێن بەرەو خوار رووت بوایەوە؛ هەرچی شتی زینەتی پێوەبوایە لێیان دەکردەوە و تاڵەمووەکانی گیانیان لە یەک جیا دەکردەوە. دوای ئەوە پارچەیەکی رەش و قورسیان بە مەمکەکانیەوە هەلدەواسی و «ئاوی‌تال»یان دەرخوارد دەدا.( تەورات، سەفەری ئەعداد، فەسلی **۵**، ئایەکانی **۱۸۸۱** ) ئەو ئاوە تیکەلاویەکی تال بوو لە ئاوی «پیرۆز»، خۆڵی مەعبەد و جەوهەری( مەرەکەب ) ئەو دێرە کە رووحانیەکە لە سەر پارچەکە نووسی بووی. لە سەر پارچەکە دەنووسرا: «ئەگەر ئەم ژنە تاوانبار بێ، هەتا دنیا دنیایە بە لەعنەت بێ». ژنەکە دەبوایە ئەو ئاوە پیسە بخواتەوە. خواردنەەی ئەو پیساوە نەدەبوایە هیچ ئەسەریکی خراپ لە سەر ژنەکە دابنێ. ئەگەر هاتبایە و ئەو ئاوە ببوایە هۆی با کردنی زگی ژنەکە یان پێستی رانی خاڵێکی دەرکردبایە، ئەوە ئیتر نیشانەی تاوانبار بوونی بوو و هەر چەشنە سزایەک حەقی بوو.

به پیروزکردنی «کچیەتی» لە دینی مەسیح‌یش‌دا هەتا ئەو جێیە دەچێتە پیش کە «کچ» مانەوەی مریەم و تەنانەت «کوڕیەتی» مەسیح پێی هەڵدەگوترێ. هەر بۆیەش کەشیشەکان و راهیبەکان لە پێکهێنانی خانەوادە نەهی دەکرێن. ئەم مەسەلە لە گەل ئیسلامیش یەک دەگریتەوە. زەماوەند کردن لە گەل «کچیکی بە ژن بوو» یان بێوەژن مەکرووهە. هەروەها سزای ژنێک کە سەرجێیی پیاوی نامەحرەمی کردبێ، بەردەباران کردنە.

بەو پێیە بەشداربوونی گشت مەزهەبە تەوحیدیەکان لەم تاوانە مێژوویی‌یەدا، لە ریگەی بە پیروز کردنی «کچیەتی» و پیاوسالاری‌دا، بە ئاشکرا دیارە.

* **«کلیتوریس»:** قیتکە، میتکە. ئەو بەشەیە لە ئەندامی تناسلی ژن کە دەبیتە هوی لەززەت بردنی جنسی ژن لە

کاتی سیکس‌دا. بە هوی ئەوەی کە ووشە کوردیەکە زیاتر لایەنی نگاتیڤی (مەنفی) لە زمانی کوردی‌دا هەیە، ئیمە لە ووشەی لاتینەکە واتە کلیتوریس کەلک وەردەگرین.

* **پۆرنۆ:** کەلک وەرگرتن لە لەشی رووتی ژن لە بازاردا بو تەبلیغات لە سەر کالای جوراجور، فیلم و گوڤاری سیکسی کە ژن لە ناویا تەنیا وەسیلەیەکەی جنسی و سیکسی‌یە.

***

هەواڵنامەی کتێب

# ژن لە پاکەتی پوست دا

لیلا قانعی

ژن و پیاو بێ یەک، گیانلەبەرێکی ناتەواون و بو کامل بوونی ژیانیان و دریژەدان بە پشت و بەرەی ئینسان پیویستیان بە یەکترە. پەنابەر ئینسانیکە کە بە زور، چ سیاسی و چ ئابووری، لە وولاتی لە دایکبوونی هەلدەکەندرێ و ئاوارەی هەندەران دەکرێ. ژیان لە «تبعید» دا موشکیلەی تایبەتی خوی هەن و مەسەلەی هەلبژاردنی شەریکی ژیان، یەکیک لەو موشکیلانەیە کە من دەمەوی لەم نووسراوەیەدا لە سەری بدویم و بیخەمە بەر نەزەری خوینەرانی بەریز. من خوم لە نزیکەوە ئاگاداری بەسەرهاتی تالی چەندین ژن بووم کە لە کوردستان، بە وەکالەت لە شووەکانیان ( کە لە ئوروپا دەژیان) مارە کرابوون؛ بێ ئەوەی پیشتر ئەم پیاوانەیان دیتبێت یا ناسیبێت.

ژیانی ئەم ژنانە تراژدیەکی راستەقینەیە. ئەوان بە هیوای ئەوەی کە لە جەهەننەمی برسیەتی، هەژاری و دواکەتوویی وولات رزگاریان ببێت، شوو بە پیاوی نە دیدە و نەناسیاو دەکەن، بەو خەیالەی کە ژیانیان هیچ نەبێ لە ژیانی وولات خوشتر دەبێ! کەچی دوایی بۆیان دەردەکەوێ کە بە هەلەدا چوون؛ چونکە دوای هاتنیان بو ئوروپا دەبینن کە لە راستی‌دا کۆیلەی بێ ئیختیاری شووەکانیانن. ئاخر ئیجازەی ئیقامەکەیان بە شووەکەیانەوە بەستراوەتەوە و ئەگەر لە قسەی میردەکەیان دەرچن، هەر بۆ رۆژی دوایی ئیقامەکەیان فسخ دەبێتەوە و بە رەقی ریگادا دەناردرانەوە بو کوردستان.

زور پیاوی پەنابەر لە وولاتانی روژئاوا، شەریکی ژیانیان لە وولاتەکەی خویانەوە، وەک نامەیەک بە پۆستدا بۆ دەنیردرێ. دایک و باوکی پەنابەر لە وولات، کچیک دیاری دەکەن؛ رەسمیک و هیندیک جاریش فیلمیکی ویدیۆیی بو زاوای داهاتوو دەنیرن و دوای ئەوەی کورِ، رەزایەتی خۆی دەربری دەچنە خوازبێنی کچ. دوای ماوەیەکیش، بۆ یەکەم جار، زاوا و بووک لە ئوروپا چاویان بە دیداری یەکتر روون دەبیتەوە. راستی بۆ دەبێ وابێ؟ ئەوە چ شتێکە بەر لەوە دەگرێ کە پەنابەر نەتوانێ یا نەیەوێ شەریکی ژیانی خۆی لەو وولاتە، لە نێو ئەو خەلکەی لە گەلیان دەژی، هەلبژێرێ؟ تەبیعی‌یە کە جوابی ئەم پرسیارە راست و رەوان بە وولامێکی هاکەزایی و گشتی نادرێتەوە. من ئەمەوی لیرەدا هەول بدەم کە لە دوو لاوە مەسەلەکە بخەمە بەر باس. هیوادارم کە بەشداری خوینەرانی بەریز لە باسەکەدا، ببیتە هوی ئەوەی کە لایەنە جواروجورەکانی ئەم مەسەلە زیاتر بکەونە بەر چاو و جوابی پیویستی خوی پێ بدرێتەوە. بە بروای من مەسەلەی «ژنی پۆستی» دوو لایەنی سەرەکی هەیە: یەکەم، تەئسیری فەرهەنگی کونەپەرستانە و پیاوسالارانەیە لە نیو ئەو پەنابەرانەی کە روودەکەنە ئەم کارە؛ دووهەم: راسیزم و دژایەتی لە گەل بیگانە لەم وولاتانە دایە.

***

دلنیام هەمووتان بیستووتانە کە ئالاهەڵگرانی فەرهەنگی ئایینی و پیاوسالارانە، چۆن باسی کچان و ژنانی ئوروپا دەکەن. بە قەولی ئەوان ژن لە ئوروپا هەلڕراوە و پیاو دەتوانێ بێ هیچ زەحمەت و ژانە سەرێک خویان لێ نزیک بکاتەوە و بە ئازادی رابیتەی جنسی بگرێ لە گەلیان. بە تایبەت کە لە ئوروپا ژن و پیاو دەتوانن بە یەکەوە بژین، بێ ئەوەی لە یەک مارە کرابن. دەلین کچانی ئورپایی دەرپێیان بە شانەوە و هەر روژە و هەر سەعاتەی لە

گەل کەسیک دەخەون! سەرتان نەخەمە ژان؛ فەرهەنگی پیاوسالاری وولاتانی شەرق، هەرچی لە دەمی ڕابێت بە ژنانی ئوروپا دەلیت و بە «جندە» و «سەلیتە» نیویان دەبات.

ئەو پیاوانەی بەو فەرهەنگەوە ریگەیان دەکەویتە ئوروپا، هەر لە یەکەم لەحزەی گەیشتنیان بەو خاکە، بە هیوان کە لە «باخی بەرەللای کچانی بێعاری ئوروپا» دا تیر و تەسەل بخون و کەیف بکەن! بەلام بو زوربەی هەر زوری ئەم جورە پیاوانە، دەرگای دلی ژنی ئوروپایی دەبیتە تەلیسمیک کە کرانەوەی بۆ نیە! ئەو پەیوەندی‌یەی کە گوایە دەبوو زور ئاسان و ئاسایی بوایە، وەدی نایە. بۆ؟ بو جوابی ئەم مەسەلە پیویستە دووبارە سەرێک هەلبێنینەوە لە ناوەوەی وولات ـ ئەو شوینەی پیاوەکە لێیرا هاتووە ـ و بروانینە شیوەی بارهینانی ئایینی منالان لە ناو مال و لە کومەلگادا بە گشتی. لەم وولاتانەدا ـ شەرق ـ کوڕ و کچ ئیتر بە دەگمەن دەتوانن دوای تەمەنی حەوت سالی، بە شیوەیەکی ئاسایی، یەک ببینن و بێ ترس دریژە بە کایەی منالانەی خویان بدەن. ئیتر ناکرێ کوڕ وکچ پەیوەندی‌یان بە یەکەوە هەبێت؛ نابێ لەشی رووتی یەکتر ببینن؛ بە یەکەوە بچنە حەمام و لە دنیای بێ شیلە و پیلەی خویاندا سەیری ئەندامی جنسی یەکتر بکەن و بێ هیچ مەنزوریکی «گەورەسالانە»، دەس لە یەک بدەن! ئەم کارە، کاری کەس نەکردەیە، «گوناهیکی گەورە»یە و منال فێر دەکەن کە خۆ لەو گوناهە گەورەیە بپاریزێ. بەم جورە هەر لە هەرەدی منالیەوە جنسیەتی ئینسان دەکرێ بە مەسەلەیەکی گەورە لە میشکی منالان دا. ئیتر هەرچی منالەکان بالا دەکەن وگەورەتر دەبن، زیاتر و زیاتر لە جنسی مقابلی خویان دوور دەکرینەوە. تەبیعیە کە ئەم خوپاراستنە لە جنسی مقابل، کەمتر یەخەی کوڕ دەگرێ؛ بەلام کچی بێچارە دەبێ بە تەواوی خۆی لە کوڕ بپارێزێ. بە تایبەت لەم چەن سالەی دوایی‌دا، لە ئیران و ئەو وولاتانەی کە ئایینیەکان هاتوونە سەرکار، بە ئاشکرا ئاپارتایدی جنسی دامەزراوە و ژن و پیاو ـ بێجگە لە سەر جێی‌خەو ـ لە گشت جیگایەک لە یەک جیاکراونەوە.

بەم فەرهەنگە و بەم بۆچوونە سەبارەت بە پەیوەندی نیوان کور و کچ، ئاشکرایە کە کور و کچ ناتوانن بە شیوەیەکی تەبیعی، بێ مزاحمەتی بنەمالە، کەس و کار، مەکتەب و کومەلگا لە گەل یەک بن. ئەوان ناتوانن هاموشۆی یەک بکەن؛ یەک بناسن؛ دوستی یەک بن؛ بیر و را بگۆڕنەوە؛ لە پەیوەندی‌یەکی ئاسایی‌دا خۆشیان لە یەکتر بیت و لە سەر ژیانیکی هاوبەش، جا بە زەماوەندی رەسمی یا بێ زەماوەند، ساخ ببنەوە. ئەم کارە لە کوردستانی ئەمرودا لە سایەسەری حکومەتە پیاوسالار و کونەپەرستەکانەوە تەقریبەن مەحالە و ئەوانەی کە جەربەزەی ئەو کارەیان بێت، دەبێ بە دزی و دوور لە چاوی حاکمان و کومەل بە گشتی، بیکەن؛ دەنا بە شیوەیەکی دژی ئینسانی سزا دەدرێن. ئەم رابیتەیە بە تایبەت بو ژنان غەیری مومکینە! ئاخر ژن دەبێ بە کچێنی و «دەست‌لێنەدراوی» بڕواتە مالی میرد، واتە ساحەبی دووهەمی. ئەگەر بێت و کالایەکە ساخ و سەلیم نەبێت، کچی بیچارە بەلای دنیا بە سەری‌دا دەبارێ و لە باشترین حالەت‌دا بە ئابرووی رژاوەوە بە سەر مالی باوکی‌دا دەکرێتەوە.

لایەنێکی‌تری ئەم فەرهەنگە، رابیتەی ژن و پیاو، ژن و شوو، لە ناو مال دایە. لە کوردستانی ئەمرودا ژن، کارەکەر و قەرەواشی بیست و چوار سەعاتەی مالە. هەلگرە، دانێ، کۆبکەوە، بدروو، بچنە، منال بێنە دنیا، شیر بدە و گەورە بکە، بشۆرە، بمالە... کاری هەمیشەیی و لە کوتایی نەهاتووی ژنە. کاریک کە ووشەی «ماندوویی هێنەر» بۆی کەمە. کاریک کە ئازاردەرە؛ بەر بە پیشکەوتنی ژن دەگرێ و بە هوی هەمیشەیی بوون و دوایی پێ‌نەهاتنی، ئینسان گەوج دەکات. خۆ ئەگەر بێت و ژن لە دەرەوەی مالیش کار بکات، کاری ناو مال هەر وەک لە قەبالەی دا نووسرابێ، بۆ ئەو دەمێنێتەوە و دەستی ماچ دەکات. نە تەنیا دەبێ مندالداری بکا، بەلکوو دەبێ

شوودariش بکا، واتە شووەکەشی وەک مندالیکی ساوا کە خوی هیچی پێ ناکرێ، تەر و ووشک بکاتەوە و نازی بکرێ! خوا بەو روژە نەکا، ژن بە کاری ناو مال، مندالداری و شووداریەکەی رانەگا؛ ئەگینا دەبێتە جەنگی مەغلووبە و شوو دەکەویتە گیانی زامداری ژن و هیندەیتر بێ حورمەتی دەکا و بە نێوی ئەوەی کە لیاقەتی مالداری و میرد و مندالداری نیە، لە مال دەرکردرێ.

شتیکی گرینگیتر، ئیتاعەی ژنە لە شوو و باوک و برا. ژن هەر لە منالیەوە فێر دەکرێ کە وەک کویلەیەک، ملکەچی فەرمانی باوک و برا و ساحەبی بیت. دەخەنە ناو مێشکیەوە کە خوی لە پیاو بە کەمتر و بێ تواناتر بزانێ. نەتیجەکەی روونە: ئەوەی فام و توانای کەمترە، دەبێ لەوەی کە ئاقلتر، وریاتر و بە هیزترە پەیرەوی بکا! کوڕیش هەر لە سەر بێشکەوە دەچپێننە گوێیەوە کە ئاغایە، بەگزادەیە، شازادەیە و هەتاو بە فەرمانی ئەو چاو دەکاتەوە و چاو لێک دەنێ! لە دایک و باوک و دەر و جیرانڕا فیر دەبێ کە بنەڕێنێ و بە خوشکەکانی زۆر بلێ، شەڕانی و نەترس بێ، خۆ لە هەموو شتیک هەڵقوتێنێ و دەس لە رەش و سپی ناو مال نەدا! ئاخر کاری ناو مال کاریکی ژنانەیە، واتە بێ قیمەتە و لە پیاو نایەتەوە! ئەگەر بێت و پیاویک لە کاری ناو مالدا بەشداری بکا و بە قەول «کۆمەکی» ژنەکەی بکا، دەلێن «کابرا بووەتە ژنی ژنەکەی» و بە هیچ و پووچ و «ژنسفەت» نێوی دەبردرێ.

هەر وەک پیشتر باسی کرا، بە پێی فەرهەنگی حاکم لە وولاتانی شەرقدا، رابیتەی جنسی نیوان ژن و پیاوی لە یەک مارە نەکراو، بە تەواوی قەدەغەیە. هەلبەت دەبێ بووترێ کە ئەم قەدەغەبوونە لە راستیدا تەنیا بۆ ژنانە. پیاوان هەمیشە بە دریژایی میژوو ئازادی جنسییان بووە و توانیویانە هەر کات مەیلیان لە سەر بووبێت و هەوەسیان بە ژن یان ژنە رەسمیەکانیان دانەمرکابێت، زور بە راشەکاوی و بە سەربەرزییەوە روو لە ژنیتر بکەن، بێ ئەوەی لە گول کالتریان پێ بووترێ. ئایین و قانوونیش زور «پیاوانە» پشتی ئەم دوو روویییە کومەلایەتیە دەگرن. دەلین پیاو نیازی جنسی لە ژن زیاترە، هەر بۆیەش پیاو بۆی هەیە ژن (صیغە) ـ مارە کردنی ژن بۆ ماوەیەکی کورت ـ بکا، یا روو بکاتە ئەو ژنانەی بۆ نانی روژانەیان مەجبوورن لەشیان بفروشن. ئەم کارە بۆ پیاو نەک هەر بە عەیب دانانرێ بەلکو بە زیرەکی و لێهاتوویی بۆی حیساب دەکرێ. لە راستیدا ئەوە تەنیا ژنە کە دەبێ ئاگای لە خۆی بێ و هەنگاویک بە هەلە هەلنەهێنێتەوە. هەلەی ژن لەو بارەوە بە کوشتن و بەردەباران کردن، یان بێ حورمەت کردن و وەدەر هاویشتنی لە کومەلگادا تەواو دەبێ.

ئەو پیاوانەی کە بەو فەرهەنگەوە دێنە دەرەوەی وولات، هەر بەو چاوچاویلکەوە سەیری ژنی ئوروپایی دەکەن. تەبیعیە کە بو دامەزرانی رابیتە بەینی دوو ئینسان، بەر لە هەموو شتیک دەبێ نیاز و عەلاقەی هاوبەش هەبێت. ئەمجار دەبێ ئینسانەکان شارەزای چونیەتی رێ و رەسمی هەلستان و دانیشتن و نزیکایەتی کردن لە کومەلگای ناوبراودا بن. دوستایەتی لە گەل کچ لە ئوروپا، بە هاوکاری خوشک و دایک و جیران وەک راسپاردە، ناکرێ! خەلک لێرە بو دیداری دەزگیرانەکەیان، ناچنە ژوانی شەو و نیوەشەو لە جیگەی کەس نەدیودا! هەر بزە و پیکەنینکی کچ، لیرە بە مەعنای دەرگای دل کردنەوە بۆ پیاو و دەعوەت کردن بۆ سەر جێ، حیساب ناکرێ! کاتێ فەرهەنگی ئاییني و دواکەوتووانە و فەرهەنگی مودێرن لە گەل یەک رووبەروو دەبن، نەتیجەکەی هەر لە پیشەوە روون و ئاشکرایە: یا دەتەقێنەوە بە سەر یەکدا و هەر کامە دەگەڕێتەوە هەرێمی خۆی؛ یا یەکێکیان مەجبوور دەبێ پاشەکشێ بکا. بە پێی ئەم راستییە، بەشێکی زور لە پیاوانی پەنابەر ناتوانن پەیوەندییە سەرەتاییەکە دامەزرێنن؛ بە هۆی ئەوەی کە شارەزای ئەو رێ و رەسمە کە باسی کرا نین. تاقمێکیش کە لەو بارەوە شارەزاییان زیاترە، بە سەر کەند و کوسپە سەرەتاییەکان دا زال دەبن و دەتوانن شەریکی ژیان بۆ خویان

بدوزنەوە؛ بەلام دوای ماوەیەک جیاوازی فەرهەنگی ناوبراو، ژیانیان لێ تاڵ دەکا و ریسەکە دەبێتەوە خوری. بەشێکیش کە هەر لە سەرەتاوە تەنیا بە مەبەستی خۆشرابواردن پەیوەندی بە ژنی ئوروپاییەوە دەگرن و وەک شەریکی ژیان لە سەریان حیساب ناکەن. ئاخر ئەم ژنانە بە لای ئەوانەوە سۆزانین و بە کەلکی ژیانی هاوبەش و بنیاتنانی بنەماله نایەن؛ سەر بۆ شووەکەیان دانانەوێن؛ موحتاجی گیرفانی شووەکەیان نین؛ ریگە نادەن شوو لە سەر هەموو شتێک بە مەیلی خوی بریار بدا؛ دەتوانن بێ ئیجازەی پیاو سەفەر بکەن، لە دەرەوە غەزا بخون، لە گەل هاورێکانیان بچنە دیسکۆ و وەک پیاوەکان مەشرۆب بخۆنەوە! ئەوان قەرار نیە دوای ئەوەی لە کار دەگەرێنەوە ماڵ، تەواوی کاری ناوماڵیش بە تەنیایی بکەن، بەلکوو پێیان وایە کە کاری ماڵ، ئەرکی هاوبەشی ژن و شوویە. جا لە چێشت لێنانەوە بگەرە تا دەگاتە شۆردنی لیباس و مندالداری. هەروەها بنەماله بە لای ئەوانەوە ئەو «تقدس»ەی نەماوە کە ئیستاش لە شەرق هەیەتی. کاتێ کە ژن و شوو دوای ماوەیەک بویان دەرکەوێ کە ئەخلاق و رەفتاریان لە گەل یەک نایەتەوە، لیک جیا دەبنەوە و هەر کەسە ریگەی خۆی دەگرێ و ژیانێکی نوێ بو خۆی دابین دەکات. ژن لیرە ئەگەر بێت و بەوە بگات کە ژیانی هاوبەش، شادی و لەززەتی پێ نابەخشێ، کۆتایی پێ دێنێ؛ بێ ئەوەی موحتاجی کەس بێ؛ بێ ئەوەی لە کەس و کار و لە کومەل، قسەیەکی ناشیرین ببیستێ و کارەکەی مایەی سەرشۆری بێ؛ بێ ئەوەی تەلاق، وێرانکەری ژیان بێ و تەئسیریک لە سەر موقعیەتی کومەلایەتی ژن دابنێ. تازە، لێرە ژنیش دەتوانێ پیاو تەلاق بدا و پیویستی بە هیچ کاریکی ئەوتۆ نیە! جا ژنانی ئاوەها ئازاد، دیارە بۆ هاوسەری و شەریکایەتی ژیان لە گەل ئینسانێ کە ژنی «نەجیب» و ملکەچ و دەم بەستراوی دەوێ نابن!

دیارە کە ئەم دوو فەرهەنگە جیاوازە ناتوانن یەک بگرنەوە. فەرهەنگی ئایینی و پیاوسالاری حاکم لە شەرق، ناتوانێ ژن لە موقعیەتیکی ئاوادا ببینێ. هەر بویەش پەنابەرانی هەلگری ئەم فەرهەنگە، ناتوانن شەریکی ژیانیان لە نیو ژنانی ئوروپاییدا هەلبژێرن. ئەوان دەیانەوێ هەر بە هەوای قەدیم، بە شێوەی دایک و باوکیان، ژیان بەرنە سەر. ئەوان ژنی گوێ بە فەرمانیان دەوێ، ژنیک کە بێ ئیجازە لە ماڵ نەچیتە دەر؛ مندال بینێ و گەورەیان بکا، خزمەتکاری میوانەکانی شووەکەی بێ و ئاشپەزیکی لیهاتوو بێ؛ لیباسی «نەجیبانە» لە بەر بکا؛ لە شوێنی گشتی وەکوو دەریاچە و مەلەوانگە، مەلە نەکا و هتد..ئەوەی کە لەم چوارچیوەدا نەگونجێ بە دەردی ئەم جورە پیاوانە ناخوات. تەنیا ریگایەک کە دەمینیتەوە ئەوەیە کە یان ژنی هاوولاتی ـ کە ئەم ئەخلاقیات و فەرهەنگە ئایینییەی قەبوول بێ ـ لە دەرەوەی وولات پەیدا بکەن ( کە کاریکی هیندە ئاسان نیە )، یان دەستەوداوێنی دایک و باوک و کەس و کار بن کە لە وولاتەوە ژنیکیان بو پەیدا بکەن و بویان بنێرن.

کەسی واش هەن کە بە ئاشکرا دیفاع لە فەرهەنگی حاکم لە شەرق دا ناکەن و تەنانەت لە زاهیردا بەرهەلستیشی دەکەن. ئەمانە رواڵەتێکی پیشرەو بە خویانەوە دەگرن و ژنەکانیان ( کە لە وولات ڕا بۆیان ناردراون ) قەرزداریش دەکەن. ئەوان منەت دەکەن بە سەر ژنەکانیاندا و دەلین کە ئەگەر لە وولات مابانەوە، بیجگە لە چارەرەشی تەواو و هەژاری و مێردیکی نابەدڵ، هیچی دیکەیان بە نەسیب نەدەبوو؛ بەلام لیرە لە لای ئەوان نە لە گوڵ کالتریان پێ دەووترێ و نە تووشی برسیەتی و هەژاری و زورەملی دەبن! ئەوان ئیدديعا دەکەن کە بەم کارەیان ئازادی و ژیانیکی راحەتیان بە ژنەکانیان بەخشیوە؛ هەر بویەش ژنەکانیان دەبێ زور لەم پیاوەتیەی شووەکانیان سپاسگوزار بن کە لە جەهەننەم رزگاریان کردوون! ئەم ئیدديعایە لانی کەم لە یەک رووەوە راستە. ئەویش ئەوەی کە بەشێک لەم ژنانە ئەگەر لە وولات مابانەوە، بە دلنیاییەوە ژیانیکی خراپتر لە ژیانی ئێرەیان دەبوو. بەلام ئایا ئەوە دەتوانێ بەلگە بێت بۆ بێ مافی ئەو ژنانە لە لای شووەکانیان لە ئوروپا؟ ئایا ئەوە دەتوانی

پاکانه بێ بۆ ئەسیرکردنی ژن لە ماڵ و ڕاگرتنی لە هەمان چوارچیوەی تەنگی فەرهەنگی ئاییني و دواکەوتوانە (چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ) بێت؟ ژنانی پۆستی ئەم جورە پیاوانەش هەر تووشی هەمان بێ حورمەتی بە کەسایەتی و مافە سەرەتاییەکانی ژن دەبن کە باقیتر. ئەوانیش هەر دەبێ لە ماڵدا بمیننەوە و خەریکی میوانداری و خزمەتکاری میوانەکانی شووەکانیان بن؛ بێ دڵی پیاوەکەیان نەکەن؛ هەوای ژنانی ئوروپایی نەکەوێتە سەریان و بنەچەی فەرهەنگی و نەتەوایەتی خویان لە بیر نەکەن! بەشی ئەم ژنانەش هەر مندالداری و لیباسشوردن و ئاشپەزخانەیە و شووەکانیان ئەگەر زور پیاوەتی بکەن، لەوانەیە لە کاری ناوماڵدا «یارمەتی» ژنەکە بدەن.

دیارە کە تەواوی ئەو ژنانەی کە بەم جورە دێنە ئوروپا، بەم جورە ملکەچ و مەزلووم نامێنن. هێندێکیان دوای ئەوەی کە چاویان دەکرێتەوە و بە سەر مافەکانی ئینسانی و بەرابەری خویان لە گەل پیاو لەم وولاتەدا شارەزا دەبن؛ ترسیان دەڕژێ و لە شووە زوردارەکانیان جیا دەبنەوە.

***

ئینسان زاتێکی کومەلایەتیە، واتە ناتوانێ بە تەنیا بژی و بۆ دریژەدان بە ژیان، پیویستی بە پەیوەندی و تیکەلاوی لە گەل مروڤیتردا هەیە. نیازی ژن و پیاو بە یەکتر، نیازێکی سروشتی و کومەلایەتییە و لەو بارەوە هیچ فەرقێک بەینی ئینسانەکان لە بەشەکانی جوراوجوری دنیادا نیە.

ئەم نیازە تەبیعی و سەرەتاییە بۆ زورێک لەو پەنابەرانەی کە روویان کردووەتە وولاتانی روژئاوا، دەبیتە موشکیلەیەکی ڕاستەقینە. ئەو پەنابەرەی کە وولاتی لە دایک بوونی بەجێ دەهێلێ، مەجبوورە زور شت لە سەرەتاوە دەس پێبکاتەوە. دەبێ زمانیکی تازە فێر بێ؛ دوست و ئاشنا پەیدا بکا؛ بە دوای کاردا بگەڕێ؛ شارەزایی پەیدا بکا بە سەر کومەلگای تازە و شیوەی ژیان و چونیەتی کارکردی سیستێمەکەی. بەلام کار هەر بەوە کوتایی نایە. موشکیلەیەک کە هەر لە سەرەتاوە بەرۆکی زوربەی پەنابەران دەگرێ، مەسەلەی ڕاسیزمی ئاشکرا و نائاشکرا، دژایەتی لە گەل بیگانە، و هەلاواردنی خەلک بە پێی شوێنی لە دایکبوونیان لەم وولاتانە دایە. فەرهەنگی حاکم لە وولاتانی روژئاوادا، هەر لە پێشەوە مۆرێکی دیاریکراو لە نیوچاوانی خەلکانی وولاتانی «دنیای سێهەم» دەدا. بە باوەری ئەوان، خەلکانی دنیای سێهەم فەرهەنگیکی جیاواز لە فەرهەنگی روژئاوایان هەیە و هەر بە هوی ئەم فەرهەنگەشەوە لە باری کومەلایەتی و ئابووری و سیاسیەوە لە وولاتانی روژئاوا دواکەوتوترن. ئەم فەرهەنگە وا دەکا کە زوربەی خەلک لە ئوروپا تصویریکی بەرئاوەژوو و هەلەیان لە خەلکانی دەرەوەی ئوروپا بێت. گوایە لە ناو خەلکانی وولاتانی دنیای سێهەم تەنیا یەک فەرهەنگ هەیە! گوایە تەنیا کەسیک کە رەگەزی لە ئوروپاوە سەرچاوەی گرتبێ، دەتوانێ مودێرن، پیشکەوتو، ئازادیخواز، تیگەیشتوو، لیزان و لیهاتوو لە مەیدانی هونەر و تکنیک و... بێت! گوایە پەنابەران نە ماشینیان دیوە و نە کامپیوتر؛ نە زمانیکی نێونەتەوەیی دەزانن و نە زانستێکی ئەوتۆیان هەیە! لایان وایە سەددام و تەواوی ئەوانەی لە دەست سەددام هەلاتوون هەر وەکوو یەک بیر دەکەنەوە و یەک فەرهەنگیان هەیە. ئەم بۆچوونانە سەبارەت بە خەلکانی غەیرە ئوروپایی دەبیتە هوی ئەوەی کە کومەل، دەرگاکانی خوی بە سەر پەنابەراندا دابخا و لە ناو خویدا ریگەیان نەدا. زوربەی پەنابەران بەم شێوە دەکەونە دەرەوەی ژیانی هاوبەشی کومەلایەتی ئەم وولاتانە. لە بازاری کاردا یان ریگەیان نابێ یان سەختترین کارەکانیان پیشکەش دەکرێ. پەنابەر دەبێتە ئینسانێک بە پلەیەکی نزمی کومەلایەتییەوە. بیکاری لە پیشدا بەردەرگای مالی ئەو دەگرێ. لە هەموو شوێنێکی شار مالی نادرێتێ و ریگەی گەڕەکەکانی دوورە شاری پیشاندەدرێ. پەنابەر بەم جورە دەکەویتە ریزی فەقیرترین بەشەکانی کومەل، بە هەموو ئەو گیر و گرفت و موشکلیە کومەلایەتییانەی کە

بەرۆکی هەژاران دەگریَ. سیاسەتی «کومەڵی فرە فەرهەنگی» بەم جورە پەنابەر دەکاتە مروڤیکی دەرەجە دوو و ریگەی تیکەلاو بوونی لە کومەلدا لیَ دەبەستیَ. ئەمەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەنابەر بە زەحمەت بتوانیَ شەریکی ژیانی لە نیو خەلکی وولاتی تازەدا هەلبژێریَ و ناچار دەبیَ روو بکاتەوە نێو هاوولاتیانی پێشووی خۆی یا خەلکانی پەنابەریتر.

***

فەرهەنگی کونەپەرستانە و پیاوسالارانە نە سنوور هەلدەگریَ و نە رەگەرز و رەنگ دەناسیَ. تاسەی ژنی «نەجیب»، کارەکەر و بێدەنگ و گویَ بە فەرمانی مێرد کردن... تایبەت بە پیاوسالارانی شەرق نیە. کەم نین پیاوی ئوروپایی کە بو ژن هینان روودەکەنە وولاتانی ئافریقا، ئاسیا و شەرقی ئوروپا. ئەمانە بە ئاگاداری بە سەر فەرهەنگی حاکم لەو وولاتانەدا و هەژاری بەربلاوی ئابووری بەشیکی گەورە لە خەلک، کەنیز و کارەکەر لە گەل خویان دێننەوە ئوروپا. ئەوان لە راستیدا ژن دەکرن؛ ژنانێک کە بە هۆی وەزعی ئابووری و کومەلایەتی لە وولاتەکەی پیشووی خویاندا و مەترسی گەراندنەوەی دووبارە بۆ ئەویَ، دەبنە دیلی شووەکانیان و لانی کەم تا دوو سال ناوێرن دەنگی نارەزایەتییان لە سەر هیچ شتیک بەرز بکەنەوە. ئاخر ئەگەر بێت و را بکەن یا دەس بە داوێنی پولیس بن، (تا دوو سالەکە تێپەرنەبووبیَ) ئیتر مافی مانەوەیان لە وولاتدا نامێنیَ و دیپۆرت دەکرێنەوە. بەشێکی زور لەم ژنانە سەدان بەلاَ بە سەریان دینن؛ ئەشکەنجە دەکرین؛ تەنانەت واهەیە مەجبوور دەکرێن لەشیان بفروشن بەو هیوایەی کە روژیک ئەم ژیانە تال و دژی ئینسانییە کوتایی پیَ بیت و لە چنگی شووە ئوروپاییەکەیان رزگار بن و ئیقامەی دایم وەربگرن.

بە پێی ئاماری رەسمی لە سوئید، شەست لە سەدی ئەو ژنانەی کە بە شیوەیەکی وەحشیانە لە لایەن شووەکانیانەوە ئەزیەت و ئازار دەدرێن و پەنا دەبەنە «ریکخراوی کێشکی ژنان» _Kvinnojour _ ژنانی بیگانەن.

***

لە کوتایی باسەکەدا بە پیویستی دەزانم بلێم کە من ژیانی هاوبەشی تەواوی ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان لە وولاتەوە بۆ هاتووە، مەحکوم ناکەم. من لە سەرەتاوە باسی فەرهەنگی کونەپەرستانە و پیاوسالارانەم کرد. تەبیعییە کەسیک کە دژی ئەم فەرهەنگە بیَ و بە چاوێکی بەرابەر سەیری شەریکی ژیانەکەی بکات، هەرگیز بەم جورە کە لەم نووسراوەدا باسی کرا، رەفتار ناکات. دەکریَ کەسی وا هەبیَ کە نە بە هۆی بیر و باوەڕی پیاوسالارانە و کونەپەرستانە، بەلکوو بە هوی موشکیلەی زمان، موشکیلەی تیکەلاو بوون لە گەل کومەلگای نوێی و گیروگرفتی کومەلایەتیتر، لە وولاتەوە داوای ژنیکی نەناسیاو بکات. کەسی وا هەیە کە تا ماوەیەک هەر وەکوو دوستیک لە گەل ژنەکەی (کە لە وولاتەوە بوی هاتووە) ژیاوە تا لە گەل یەکتر ئاشنا بوون بیَ ئەوەی ژنەکە لە مەترسی دیپورت کردنەوە بهاوێت یا ژنەکە لە ترسی دەرکران لە وولاتە ئوروپاییەکە مل بە ژیانە هاوبەشەکە بدات.

هەر وەکوو لە پیشتردا ووتم باسی من لە سەر ئەو بەشە لە پیاوان و ژنهینانیان لە وولاتی پیشوویانڕا نیە. رووی قسەی من لەو بەشە لە کومەلی موهاجیر و پەنابەر لە دەرەوەی وولاتە کە ئاشکرا بە هوی فەرهەنگی کونەپەرستانە و پیاوسالارانەی حاکم لە وولاتانی دنیای سیهەمدا، «ژنی پۆستی» دینن!

***

# كاريكاتير

(هونەرمەندی ئەم ژمارەیە)

ـ سەردار عبدالله

ـ سالی **١٩٦٧** لە شاری سلیمانی لە دایک بووەوە.

ـ سالی **١٩٨٨** ئەنستیتوی پەیوەندی پوست و تەلەفونی تەواو کردووە.

ـ ساالی **١٩٩٤** لە یەکەمین پیشانگای کاریکاتیر لە لایەن "مەلبەندی هونەر و ئەدەبی کریکاری" لە سلیمانی و قەلادزەدا بەشداری کردووە.

ـ سالی **١٩٩٥** لە دووهەمین پیشانگای کاریکاتیری "مەلبەند"، لە سلیمانی، هەولیر، دیانە، کوی، سنجاق و قەلادزە بەشداری کردووە.

ـ ئەندامی ناوەندی مەلبەندی هونەر و ئەدەبی کریکاری یە.

ـ کاریکاتیرەکانی لە زوربەی بلاوکراوە کریکارییەکاندا بلاو بووەتەوە.

***

هەواڵنامەی کتێب

# سەرنجێک لە سەر جوانیناسی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

ریبوار

## سەرەتا

مەبەست لیکولینەوەی جوانناسي بە گشتي نیە. مە بە ست لیکولینە وە یە کی کورت و دامە رزاندنی باسیکە لە سە ر جوانی ناسی نوی لە شیعری کوردیدا. کە دە لیم دامە رزاندن مە بە ستم ئە وە یە ئە م باسە پیویستي بە لیکولینە وە ی زیاترە. ئە وە ی لە من بووبی تیکوشاوم دامە رزاندنە کە لە سە ریکی عیلمی (ماتریالیستي تاریخي)یە وە بی و ریگای لیکولینە وە ی دوایی هە موار کردبی.

## تیزەکان :

١. جوانیناسی بەشەر هە میشە لە ئاڵ و گۆڕدا بووە.

٢. ئەم ئاڵ وگۆڕە بۆ ناسین دەبی و بە گوێرەی ماتریالیسمی تاریخی لێکدانەوە هەڵدەگری.

٣. ئەم ئاڵ وگۆڕە هەتا هاتووە، بە تایبەت لە دەورانی سەرمایەداری و سەدەی بیستەمدا؛ رەوتێکی خێراتری بووە.

٤. جوانیناسی چینایەتی قسەیەکی موعتەبەرە.

٥. لە هەر دەورانێکدا، جوانیناسی چینی حاکم دەبێتە جوانیناسی کۆمەڵ.

٦. جوانیناسی‌یەک کە لە سەدەی بیستەمدا بە سەر ئەدەبی کوردیدا زاڵ بووە دەکری لە زەوقی ناسیونالیستیدا ببینێیتەوە.

٧. شیعر و هونەر بە کوردیش، وەک باقیتر، تووشیاری ئەم ئاڵ وگۆڕە بووە.

٨. لە مەیدانی شیعردا، گۆران، لەم بابەتەشەوە هەنگاوێکی بەرزی ناوە گەرچی وا دیارە خۆی ئاگاداری نیە.

٩. جوانیناسی نوێ، یان بڵێین سوسیالیستی، لانی کەم لە هونەری کوردیدا، کەم باس کراوە.

١٠. ئەم تێزانە هەموو، جێگای باس و لێکۆڵینەوە و ـدیارەـ گۆڕینیشن.

١١. ئەمانە پێکەوە ـ نەک بە جیا جیا ـ ئەو نیگارە رەنگاورەنگە پێک دێنن کە واقیعییەتی زیندووی ئەدەب و هونەری کۆمەڵ بنوێنێتەوە.

١٢. ناسینەوەی جوانیناسی نوێ و رێگرەکانی و هاندەرەکانی رێگای ئاژوانی هونەر و جوانی خۆشتر دەکا.

ئەم تێزانەوەی سەرەوە، هەر تەنیا بۆ ئەوە هاتوون کە باسەکە بە روشنی **دەست پێ بکرێ**. لەوانەیە لە جەرەیانی باسەکەدا، یان پاش لێکۆڵینەوە و رەخنەگرتنی بەشداربووانیتر بگۆڕدرێن، یان بە شێوەیەکیتر بەیان بکرێن.

(بەشی دووهەم)

۱

* پیش ئەوەی بچمە سەر لیکولینەوەکانی بەشی دووهەم روونکردنەوەیەکی کورتم هەیە لە سەر تیزەکانی ۸ و ۹ (لیرەش بەو لاوە وشەی "تیز" لە جیاتی "حوکم" بە کار دینم؛ هەر هەمان مەبەستە بە وشەیەکی تێونەتەوەیی‌تر). لە تیزەکانی ۶ و ۹ دا دوو وشەی "جووتیارانە" و "کریکارانە"م لابردوە. (ژمارەکانیشم هەندیک خوار و ژوور کردوە) گەرچی ئیستاش پەشیمان نیم کە ئەو دوو وشەیەم لە بەشی یەکەمدا هیناوە بەلام پاش رەخنە و گفتوگو لە گەل هەندیک لە خوینەران پیم وایە تەعبیری "زەوقی جووتیارانە" و "زەوقی کریکارانە" مەعناکە بە تەواوی ناگەیەنی. پیم وایە پیوانەی وەک رومانتسم و ریالیسمیش ناتەواوی خوی هەیە. بویە هەر وشەی وەک ناسیونالیستی و سوسیالیستی جارێ باشترە. دیارە بە تەمام گەلیک ئال و گوری بە هیز و پێزتر لە باسەکەدا بیتە پیش، بویە جارێ لەمە زیاتر لە وشەکان ورد نابمەوە. دیسان داوای یارمە تی لە خوینەرانی دلسوز دەکەم کە بە رەخنە و پیشنیار و لەوەش زیاتر بەشداری کردن لە لیکولینەوەکەدا باسەکە پوخت و پاراوتر بکەن.

* بۆ وەبیرهینانەوەی بەشی یەکەمیش پیویستە کورتەیەکی بێنینەوە.

بە گویرەی گەلیک نموونە لە شیعری کوردی بە تایبەت لە شیعرەکانی گۆراندا، زەوقێکی نوێ سەری هەلداوە؛ زەوقێک کە من نیوم ناوە زەوقی روو لە ئینسان، واتە ئینسان بە پیوانەی جوانی دادەنێ. لەم نموونانەدا کە لە بەشی یەکەمدا هینامەوە، جوانی بەو پیوانەیە هەلدەسەنگێندرێ کە چەندە جوانی‌یەکانی پەیکەر و هەناوی ئینسان وەبیر بێنێتەوە. نالێ «چاوت جوانە وەک ئەستیرە»؛ دەلێ «ئەستیرە جوانە وەک چاوت».

رەنگە کەسیک بلێ ئەمە زور تازە نیە و چل سالی بە سەردا تیپەریوە. بەلام بە داخەوە هیشتا تازەیە! شت کاتیک کون دەبی کە شتیکی تازەتر بێتە گۆرێ. لەم بابەتە نەک هەر شتی تازەتر نەهاتووە بەلکوو لەم سی چل سالەدا "کونە"کەش کەم بە کار هینراوە. لەمەش خراپتر، بەرەو دواچووتێکی بەرچاو دەبینم لە زەوق و چێژی جوانی‌دا کە ئینسان تیدا بێ حورمەتە یان یەکجاری دەنرێتە پیناوی سروشت یان پیناوی حیزبی دەسەلاتدار یان رژیمی حاکم....

هیشتاش دلم رازی نەبووە کە سەرهەلدانەوەی کونەپەرستی مەزهەبی رێ بدەمە نیو باسەکەوە، دەنا مەسەلە گەلیک ئاستەمتر دەبی. وردە وردە لە کورتەی باسی بەشی یەکەم تیپەر بووم. باشتر وایە بچمە سەر بەشی دووهەم.

۲

لەپیش‌دا داوای لێبوردن لە خوینەر ئەکەم کە ناچارم ئەم نموونەیە لە بەر پێویستی ناسینی چێژی شاعیرەکەی سەبارەت بە ئینسان (ژن)، بهێنمەوە:

ژن و سەماوەر

ژنەکی کۆر لە گوندی لولان بوو

دووره دیده و هەتا بلێی جوان بوو
سوفیەکی شیخ رەشیدی لولانی
رۆژێ لای شیخ بە دەرفەتی زانی
وتی: گەر من لە خۆمی مارە بکەم
سویند ئەخوم دەردی چاوی چارە بکەم.
سیسە سوفی ژنەی لەباری برد
نە بژیشکێکی دی و نە چاری کرد
شیخ وتی: سویندی سوفی بە درۆ بوو.
وتی: سوچی سەماوەری تۆ بوو
ئاگری کۆر ببو نە خوست و نە هەست
چاپەزت هاتە پیش و شیشی بە دەست
لینگی راکرد و خۆیشی راکێشا
لە کونی خوارەوەی پیا کێشا
چاوەکانی گەشاوە، هاتەوە دەنگ
رەژوو رەش بوونەوە بە سوورە پەرەنگ
من وتم ژن سەماوەرە و کوێرە
چاپەزی پێ دەوێ و بە شیش فێرە
هێند خەریک بووم تیا چەما شیشم
وەختە کوێرایی دابێ چاویشم.

هەژار_ بۆ کوردستان، لاپەرەی **٢٣٥**

هەواڵنامەی کتێب

چەند سالیک لەمەو بەر لە سمینارێکی ئەدەب و هونەر هەر لە سەر ئەم باسە (لە شاری گوتنبرگ لە سوید) کە ژنان و پیاوانی ئەدەب دوست بەشداریيان کردبوو، یەکیک لە بەشدار بووان هیرش کردنی من بۆ سەر هەژاری لە بەرگران هات. منیش دیوانەکەی هەژارم لە بەر دەست بوو؛ نامە بەر دەستی و داوام لێ کرد ئەو شیعرەی سەرەوە بخوێنێتەوە بۆ جەماعەت! هەرچی کردی و کۆشای لە رووی هەل نەهات!
شیخ رەزا نەبی و لە **١٩٦٠**ە کاندا و پاش گۆران ژیابی و ئاوا باسی ژن بکەی؟!

کورِ بە دایکی گوت: بێجگە لە باوە
چەند شوی ترت بوون. وەلامی داوە:
نۆ میرد لەو هوزی و نۆ میرد لەم هۆزی
دو نۆش لە هوزی نەورزە قۆزی
نۆ لە بەر هەتاو خویان ئەدۆزی
نۆشیان نیوەی سال دەژیان بێ رۆزی

شەشە و شەشان و شەشێکیتریش
ورچەی ئامان و رەشێکیتریش
بە خوا رولەگیان دەست بە هەویرم
وردە میردەکان کەم دێنە بیرم!!

هەمان سەرچاوە، ل **٢٥٠**

ژن بێیەک گوتی بە شیخ و نادۆ
نە زورنا خۆشە و نە لی لی و لۆلۆ
ئەگەر تۆ ئازای زورنا باوێژە
هەر بەو دەهولەت دلۆیە بێژە.
وتی : تو **بایەک بە پێشت بەردە**
منیش دەبینم چاری ئەم دەردە.

هەمان سەرچاوە، ل **٢٥٠**

شێخێک بۆ ژنان ئاموژگاری بێژ
هەرای بوو لە مەر دروستی دەسنوێژ.
دەیگوت: تووکە بەر ون کا دەنکە جۆ
لەش پیسە و نوێژیان دەروا بە فیرۆ.
لاوێکی بێ موو چووبووە قوژبنێک.
بەرگی وەک ژن بوو پرسی لە ژنێک:
دەستێکت بێنە بۆ سەر بەر گەدەم
بزانە چۆنە دەگەل گفتی ئەم.
ژن هاتە دەستی رەقێ لەو ناوە.
هاواری کرد و دلی بووراوە.
شیخ فەرمووی: پەندم بە هیز و پێزە.
وا دای لە دلی ئەم خۆپارێزە.
لاو گوتی: یا شێخ، هەڵی دەبەستی.
نەگەیی بە دل، گەییشتە دەستی.
پەندی رەقی تۆ کار لە دل ناکەن.
دەبێ رەپ و راست لە دەستت راکەن.

هەمان سەرچاوە، ل **٢٤٩**

رەنگە تیک شکاندنی بوتە کونەکانی ئەدەب و هونەری کوردی کارێکی ئاسان نەبێ. بەلام بەرەو پیش چوونی ئەدەبی کوردی، رەخنەگرییەکی قوولی پیویستە کە لەوانەیە هەندێک لە بوتە گەورەکان و تەنانەت خوداکانیشی پێوە سەرنگوون بێ.

هەواڵنامەی کتێب

هەر وەک لە بەشی پیشوودا سەبارەت بە گۆران نووسیم، مەبەست لێکولینەوە لە کەسایەتی شاعیرەکان نیە و لیرەش‌دا قسە لەوە نیە کە "هەژار" لە شوێنێکی‌تری دیوانەکەی‌دا لە سەر زولم و زورێک هاتبێتە جواب یان لە کاتیکی ژیانی‌دا فەرهەنگی کوردی نووسیبێ یان چەندە لە دروستبوونی کونەپەرستی‌یەکی هیستریک لە نیو خەلکی کوردستان‌دا بەرپرس بێ. لیرەدا قسە لە جوانی ناسی‌یەکەیەتی؛ قسە لەوەیە کە جوانی ناسی «هەژار» لە سروشت پەرستی نەترازاوە هیچ، **بێ حورمەتی بە ئینسانیش** تییدا بە تیکرار هاتووە. وەک ئەوەی سەرەوە سەبارەت بە ژن لە دیوانەکەی‌دا کەم نین. بیجگە لەوە، بە بڕوای من هیچکەس، لەوانە "هەژار"یش، بۆی نیە بە بۆنەی (یان بە بیانووی) زولمی میللییەوە کە لە کورد کراوە، هیستری دژ بە ژن و دژ بە هەژارانی میللەتانی‌تر (وەک دواتر نیشانی دەدەم) هەلرێژێ؛ یان بەو جۆرە **تیتالی بەو هەژارانە** بکا کە پێیان دەلێ "جاش"! بێ‌حورمەتانەتر لەوەش و زور بی پەرواتر، هێرش دەکاتە سەر ئەو ئینسانانەی پێیان دەلی "عەجەم" (فارس و تورک) یان "عارەو" (عە رە ب). **بێ‌حورمەتی بە ژیان** و **بە پیروز گرتنی هیستریکی مەرگ و کوشتاریش** سەرباری گشت!

....

کێ پەنای گرت لە رهیلەی تۆپان

چەند **سەکەت بوون عەرەب** و **جاش تۆپان**

سەردەمی خەنجەری کورد هاتەوە گەڕ

**سەری وشکی دەبری و گوشتی تەڕ**

**خوینی پیسی لەشی سیسی عەرەبان**

گور و فیچقەی بوو لە سەر تیغی دەبان

هەمان سەرچاوە، ل**١٤٥**

....

....

**ژەنگی سەر دل ئەسرێ خوین رشتن**

هەمان سەرچاوە، ل **١٤١**

"ئەو چیای سەفینەی... دەس کوردان کەوتەوە و جاش و عارەویش، ئەوی لە تۆپین رزگار بوون زۆر بە شپرزەیی هەلاتن..."

لێوژە ـ **١٩٦٥.١٢.١**

دەمە تەقەی پیروت و باپیر

ـ باپیر مەرحەبا

ـ مەرحەبا سەر چاو

ـ بۆ کوێ وا گورجی؟

ـ بە خوا.. ئەچمە راو

ـ راوی چی ئەکەی ؟

ـ هەرچیم دەس کەوێ....

**بەراز بێ، جاش بێ، زایتە عەرەوێ**

هەواڵنامەی کتێب

من هەر **پیس‌کوژم** بچمە هەر جێیە.

....

هەمان سەرچاوە، ل **١٥٥**

....

خوینی کوردان کە رژاوە

ناوی ترکی پێ کوژاوە

هەر دلۆپێکی ئەو خوێنە

بۆ تۆڵەسەندن هەوێنە

تالە کۆردستانە تورکێ

خوینی کوردان دانامرکێ

....

هەمان سەرچاوە، ل ١٠٠

**تورکی تور** تووری ئەدا بۆ بەر پێ

**لێی دەگەوزن عەرەبی بێ دەرپێ**

**مشکە کویرەن عەجەم** و ریشە برن

خیوی باغ برسیە ئەو تیر ومرن.

....

هەمان سەرچاوە، ل **١٣١**

ناوی بەرزت لە سەرووی بەرزان بوو

**بۆ گورگ لاشە عەجەم** هەرزان بوو

هەمان سەرچاوە، ل **١١٦**

تۆزێ لەو **خاکە** بە سەر خۆتاکە

**تۆزی پیرۆزە** لە دنیا تاکە

**تۆزی چاوی دلی نابینایە**

لێرە کل بۆ کلەکەی سینایە

هەمان سەرچاوە، ل **١١٥**

"خاک وخول" ببوە گروی گریانی

من چ خاکیک بە سەرم.. دوردانی!!

هەمان سەرچاوە، ل **١١٨**

لەوانەیە شاعیریک هەژار بووبێ یان دەولەمەند، بە دەربەدەری ژیابێ یان حەساوە؛ لە کەرەج "ناچار" بووبێ بە خومەینی‌دا هەڵ بلێ یان لە کانگای دلەوە، بێ هیچ شەرم و شکویەک، سەرۆک عەشیرەیەکی کونەپەرستی

هەواڵنامەی کتێب

کردبێتە قارەمانی ئازادی؛ یان هەر ڕێک و ڕاست شاعیری دەربار بووبێ و بە شیوەیەکی عیرفانی شیخ و عەشایەری بەرز کردبێتەوە. لەوانەشە هەر ئەم شاعیرە لە لایەن سەرمایەداران و ئەنواعی حیزب و تاقمەی چەکدار و حوکومەتی هەرێمەوە ڕێزی خودایانەی لێ بگیرێ. بەلام بە هیچ جۆری ناتوانی زەوق و چێژی "هەموو کومەلی کوردەواری" بنوێنێتەوە.

بێحورمەت کردنی ئینسان و لە پیناونانی ئینسان بۆ خاک و بۆ سروشت لە گەلێک بابەتەوە بە مەزاقی دەسەلاتدارانی ئیستا خۆشە. یەکەم با برسیەتی و فەقیری خویان لە پیناو خاکدا لە پیش چاو پیروز بێ، با بە شەوارە بکەون تا بە پێش چاویانەوە، ئاغایان بە ملیۆن و ملیارد بنێنە سەر یەک، بێ ئەوەی خەلکەکە بە ناشیرینی ئەو کردەوانە ڕاچلەکین و داوای حەقی خوراوی خۆیان بکەن. کاتێک شاعیرێک بەم جۆرە ئینسان بیحورمەت دەکا ئایا دەتوانێ چێژی ئەو هەژارانە نوینەرایەتی بکا؟ یان **چێژی چینێکی کومەلایەتی دیکە** (بگرە تاقمێکی دیاریکراوتریش لەو چینە) دەنوێنێتەوە کە ئاوا خەلاتی ماموستایەتی و شەرەف دەکەن بە بەریدا کە من و تۆیش ئەگەر بوێرین ڕەخنەیەکی لێ بگرین لە سەد لاوە چاومان لێ زیت دەبیتەوە؟

کام ژن یان پیاوی ئاسایی و سالم دەتوانێ ئیستا ئەم دیوانە، کە پڕە لەو جۆرە شیعرانە، بخوینیتەوە و بێزی هەلنەستێ؟ من ئەگەر بەم چێژە بلێم ناسیونالیستی، دەبی لەپیشدا ناسیونالیسمیش مەعنا بکەمەوە. بە داخەوە هیشتا ناسیونالیسم لای هەمووان بە شەرم و عار دانانرێ. ئەگەر پێی بلێم بورژوایی و سەرمایەدارانە موددەعی دەتوانێ گەلیک سەرمایەدارم نیشان بدا کە بێزی لەم شتانە هەلدەستێ یان گەلیک ڕژیمی سەرمایەداریم نیشان بدا کە چاپ کردنی شیعری وای لە قانوونی خۆیدا کردوە بە جورم و خیلاف و لەوانەیە زیندان و جەریمەی بۆ دانابێ. ئەگەر پێی بلێم سەلیقەی جوتیارێکی دواکەوتوو، یان عەشایەرێکی بەدوی، دیسان پیم وایە نارەواییم کردوە دەرحەق بەو هەژارانە. موددەعی زۆری پێ خۆش دەبی کە هیچ چێژێکی چینایەتیم بۆ ساغ نەبیتەوە. بەلام ئەگەر حاکمانی دیکتاتۆری ئەمریکای لاتین بنێیتە بەر دەست دادگا یان ڕۆژنامەکانی ئەورووپا، هەر بە هەمان شێوە بە بێ شارسانیەت و موجرمیان دەر دەکەن. دەی ئاشکرایشە کە ئەو حاکمانە نوینەری ڕاستەقینەی بورژوازی و تەنانەت نوینەری تایبەتی فلان کومپانیای نەوتی یان غەیرە نەوتین! بەلام موددەعی خۆی بە دەستەوە نادا و دەلێ ئەوە باسی سیاسەتە و ئەمە باسی ئەدەبە و فەرقی زورە. منیش خو بە تەما نیم هەموو موددعییەک ڕازی بکەم بەلام مادام لە سەری ماتریالیسمی تاریخیەوە بیگرین، گران نیە سەرچاوەی ئەم چێژە بێز هەستێنە بدۆزینەوە. پێم وایە سەرکردە خوێنرێژە دواکەوتوەکانی عەشایەری کوردستان کە ڕێگای سەرکوتی خەلکی ئەو ناوچەیە بۆ سەرمایەدارانی "خۆیی" و "بێگانە" خوش دەکەن تامەزرۆی ئەم جۆرە جوانی ناسیەن کە من و تۆ بێزمان لێی هەلدەستێ.

دریژەی هەیە؟*

---

* جارێ لە سەر چونیەتی دریژەدانی ساغ نیم. وەک پیشتریش نووسیومە باسەکە پیویستی بە لیکولینەوەی زیاتر **هەیە** بەلام ساغ نیم کە ئایا بە دریژەدانی باسەکە و هینانەوەی نموونەیتر باشتر پاراو دەبی یان ئەوەی کە بە شیوەیتر درێژە بدرێ.

ریبوار

****

# شیعری "شەوە" لە "تاپو و بوومەلیل"دا

فاتح شیخ‌الاسلامی (ف. پشکو)

دەمیکە پیوەم چەند دیریک لە سەر شیعری "شەوە" بنووسم و جاریکیتر بلاوی کەمەوە. ئەوەم وەک دەسپیکردنی پرۆژەیەک لە بەرچاو گرتبوو بو لیکدانەوە لە سەر جوولانەوەی ئەدەبي لە سالەکانی چلی هەتاوي (شەستی زاییني) لە کوردستانی ئیران و بارودوخێکی کومەلایەتي و سیاسي کە ئەدەبییاتی نوێی کوردي ئەو سەردەمە نەشو و نمای تیدا کرد. ئەمە کاریکی نەکراوە و بەش بە حالی خوم کە لەو جوولانەوەیەدا بەشداري شەخسيم هەبووە لەمیژە دام ناوە "روژیک لە روژان" دەستی بدەمێ. ئەوە بۆ دە سال دەچێ و قەتیش پێم وانەبووە ئاوەها وەدرەنگ دەکەوێ. دیارە یەکیک لە هویەکان بەدەستەوە نەبوونی نووسراوەکانە کە بە هۆی خەفەقانی سەردەمی خۆیەوە زوربەیان لە هیچ کوێ چاپ نەکراون.

بەلام تازەکي بە ریکەوت شریتێکم دەس کەوتووە، "شەوە"ی لە سەرە لە گەل لیکولینەوەیەک بە دەنگی هاورێی سالانی لاوي و شاعیريم "سوارەی ئیلخانيزادە".* ئەمە هانی دام "شەوە" بە روونکردنەوەیەکی کورتەوە بلاو کەمەوە. ئەم شریتە یەکێکە لە بەرنامەکانی گۆشەی ئەدەبي "تاپۆ و بوومەلیل" کە سوارەی داهێنەر و زاراوشیرین، ئەو سالانە لە ئیزگەی کوردي تارانەوە بلاوی دەکردەوە. لە بەرنامەکەدا، وەک لە خوارەوە دەیبینن، پیشەکي سوارە بە پەخشانە پاراوەکەی ناوەرۆکی شیعری "شەوە" شيدەکاتەوە؛ پاشانیش تیکستی شیعرەکە دەخوینێتەوە. سوارە، بە پێی نهینيکاري پیویستی ئەو سەردەمە، نە بۆنەی شیعرەکە ئاشکرا دەکا و نە ناوی شاعیرەکەی دێنێ؛ تەنیا تێدەکوشێ یارمەتي گویگرەکانی بدا لە رەمزی "شەوە" بگەن.

شیعری "شەوە" هی "ف. پشکو" نووسەری ئەم دیرانەیە و بە شوین ئەوەدا نووسرا کە سالی **١٩٦٤**، لە بزووتنەوەی میللي کوردستانی عیراق، بارزاني نەیارانی سیاسي خۆی لە مەکتەبی سیاسي پارتي بە زوری چەک لە مەیدان دەرکرد و دەسەلاتی خۆی و "پاراستن"ەکەی و هیزە چەکدارەکەی، یەکپارچە بە سەر خەلکی کوردستاندا سەپاند. شیعرەکە وینەیەک بەدەستەوە دەدا لە رەوتی گەرابەستن و لەبارچوونی خۆشباوەري بە بزووتنەوەی میللي و پیناسەیەک کە بە ئینسانی دەدا. "شەوە" بە "شەو" دەسپیدەکا، دەگاتە "هیوا"یەک و بە "هاوار"ێک تەواو دەبی؛ ئەودەم کە هەست پیدەکا "شەو"ەکە و "هیوا"کە بوونەتە یەک شت. "شعووری گەرمی هەبوون" لە گەرد و خولیکی کورتماوەدا دەبێتە هاواری "شەوە گرتوومی بمگەنێ!" و دەکووژیتەوە.

شیعری "شەوە" لە سالانی دەسەلاتی شادا بە دەسنووس و دەسبەدەس لە کوردستانی ئیران دەگەرا و دەخوێنرایەوە. ئەم شیعرە وینەیەکی تیکئالاوە لە دیکتاتوري پشووبری زال بە سەر ژیانی خەلکدا و پووکانەوەی هیوا بە بزووتنەوەیەک کە ئەویش جەوهەری نیمچە دیکتاتوري خوی زور خیرا دەردەخا. ئەو دەمەی "شەوە" لە ناو دەستاندا دەگەرا، لە سەرهەلدانەوەی بزووتنەوەی کوردایەتي تەنیا چەند دانە سال تیپەریبوو، هەر ئەوەندەش تەجرەبەی بەدەستەوە دابوو. ئەمرو دوای تیپەربوونی سيوچەند سال، بەتایبەت لە **١٩٩١** بەم لاوە، کەرستەی زیندووی تاقیکردنەوە لە سەر بزووتنەوەی کوردایەتي، بە هەموو باڵەکانیەوە، ئەوەندە زورە کە ناماشرێتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا بە باشی دەزانم "شەوە" و شي کردنەوە کەی سوارە پیکەوە، وەک دیاردەیەک لە حال و هەوای ئەدەبییاتی

نوێیی کوردي کە لە شەستەکان لە کوردستانی ژێردەستی رژیمی شا سەری هەڵدا، بکەوێتەوە بەردەستی خوێنەران.
ئەمەش دەقی بەرنامە کەی "تاپۆ و بوومەلیل":

**سوارە:** لە بەرنامەی ئەمجارەماندا یەکیک لە جوانترین و بەنرخترین شوینەوارەکانی شیعری نوی هەلبژاردەمانە کە لەگەل شي کردنەوەیەکدا بوتان دەخوینینەوە. ئەم پارچە شیعرە هی شاعیریکی گەنجی کوردە و ناوی شیعرەکە "شەوە"یە.

ئادەمیزادیکی سەرلیشیواو و کولول بیننە بەر چاو، لە شەویکا، شەویکی کپ و کر و کاس، هەتا چاو برشتی هەبی تاریکي‌یە و بیدەنگي؛ وەها کە ئادەمیزاد ئەسیری شەوە و تەنانەت لە بوونی خوشی ئەکەویتە دوودلي‌یەوە. تەنانەت هەناسەکیشان و روانینی چاو و هەستپیکردنی سامی شەو ناتوانی ئەو دلنیاکەن کە هیشتا زیندووە. "هەبوو و نەبوو" وەها سنووریان تیکەل دەبی کە لە یەکتری ناناسرینەوە.

لەم حالەدا؛ لەم حالەدا کە نە تەواو نەبوونە و نە تەواو هەبوون، دەنگیک لە دوورترین سووچی شەوەوە دیتە گوی. ئادەمیزادی بەندی زیندانی شەوگار هەست دەکا کە زیندووە و بە واتەی شاعیر:"شعووری گەرمی هەبوون، بە گیانیا ئەگەری". دەنگەکە پەرەگر ئەبی، بەرزتر و نزیکتر دیتە گوی. ئادەمیزادی تاسەبار تەواوی هەستی خوی لە گویی‌دا کوئەکاتەوە تا بزانی ئەم دەنگە خوشە کە مزگینی ژیان و هەبوونی پیوەیە چي‌یە. بەلام دەنگەکە هیشتا دوورە. ناچار ئادەمیزادی بەسوی و تامەزروی دەنگی بزووتنی ژیان، بیرئەکاتەوە: جاری بە دلیا دی ئەمە دەنگی نووحە. جاری لەبەر خویەوە ئەلی نا! دەنگی نرکەی تەور بە دەسیکە کە خەریکی هەلپەرتاوتن و برینی لقوپوی دارسانە تا ریگایەک بەرەو شاری رووناکي بکاتەوە. جاریکیش ئەلی ئەمە دەنگی دەنووکی مەلی بەیانە کە پەرژینی سەختی شەو کون ئەکا تا دەروویەک لە سەر پرشنگی هەتاو بکاتەوە.

دەنگ هەر دی و نزیکتر ئەبیتەوە تاکوو ئەبی بە شەقژنیکی تال و مەرگهین. لەپیشا ئادەمیزاد لە بیدەنگي و خاموشي شەو ئەترسا، ئەمجار دەروونی پر ئەبی لە سامی دەنگەکە و تی‌ئەگا ئەو زەمزەمە نەرمە کە لە دوورەوە وەک پتەی سەر ئاو وابوو وە زایەلەی ئەتگوت هەلقولینی کاني‌یە، کاتیک نزیک بوەوە، بوو بە دەنگیکی ترسینەری مەرگاوي کە چەشنی شەوە گەرووی ئادەمیزادی تەنیا و بەهەلەچوو ئەگووشی. وە ئیستا گوی بگرن بو شیعرەکە:

# شەوە

پەساپەسا پەرەگر بوو
شەوی کری لاسار
نەما شنەی شەوبا
نەوي بوو چەسپی زەوي بوو
لە سامی شەو پاسار.

بە سیحری تاریکي
هەبوو نەبوو یەک بوو
نەما نیشانەی بوون
نەما نیشانەی من.
لەشم توایە دەروونی شەویکی بێڕۆچن
پەساپەسا پەرەگر بوو
بەرەو فەزای بێبن
بەرەو فەزای بێبن.

***

بە چاو و گوێ
پەلەقاژەی شعووری بوونم بوو.
سەرنجی چاوی بە هەڵپەم
شەوی سمی
لە هەموو لاوە
بۆ ترووسکایي.
بەلەز بوو گیانی بەسوێ
دلی بەخورپە لەبن گوێ
وە گوێ بە وریایي
بەکول مەلاسی جریوەی ژیان
بەلام هەیهات!
مەلوولی کردم شەو
مەلوولی کردم شەوگار
عەزابی دامێ شەوی بێڕەزا
بە گۆڕەوشار.

***

کەچی لە دوورترین ناخی ئەم شەوا
ناکاو
بە نەرمەئاهەنگی

هەواڵنامەی کتێب

درنگ درنگ دەنگی
وەکوو پتەی سەر ئاو
شەپولی خستە دەروون.
لە گوێم تەنینی لەگوێن هەڵقوڵینی کانی بوو
تەنینەوەی وەکوو بۆنی هەلالە ئاني بوو.
شنەی بلاوێنی
دنەی ئەدا بە خەیال:
هەرا هەرای نووحە،
گەمي ئەخوڵقینی
کە دێوی زالمی شەو
هەڤالەکانی بە لافاوی رەش نەخنکێنێ؟
بەیاخی کاوەیە ئاخۆ
بە رەمزی فەتحی بەیاني
لە جەرگی شەو ئەچەقێ؟
مەلی بەیانە لە شەو زیزە بێ وچان و هەدا
دەنووکی سەختی لە پەرژینی قایمی شەو ئەدا؟
وە یا تەور بەدەسێکە
لە دارسانی چڕی شەو
خەریکە تێئەپەڕێ
روو لە شاری رووناکي؟

***

ئەهات، ئەهات، ئەهات
ئەهات و شەو شەق ئەبوو
شعووری گەرمی هەبوون
بە گیانما ئەگەرا
جێ بە سامی شەو لەق ئەبوو.
ئەهات، ئەهات، ئەهات
ئەهات و گەورە ئەبوو

هەواڵنامەی کتێب

گەورەتر ئەبوو

هەیهات!

لە سامی شەو کڕ بووم

لە سامی دەنگ پڕ بووم

دلم کولاوە بە زرمەی هەناسەتاسێنی

ئەهات و گەورە ئەبوو

گەورەتر ئەبوو

هەیهات!

شەقڤنی تاڵی وەکوو مەرگی ناگەهاني بوو

تەنینەوەی وەکوو ژەهری هەلاهەل ئاني بوو.

هەرای دەروون ئاخن

پەساپەسا پەرەگر بوو

وەکوو شەوی لاسار

پەساپەسا پشووبڕ بوو

عەزابی گۆڕەوشار.

وەرن وەرن هاوار!

وەرن وەرن شەوە گرتوومی

بمگەنی

هاوار!

١٩٦٤

---

* سپاس بۆ دۆستی قەدیمیم کاک ئەسعەدی سیراجەددیني کە ئەو شریتەی بە دەس گەیاندووم.

***

هەواڵنامەی کتێب

# ماڵەکەم

ئاسو

دەکرێ بیکاری بێتە ماڵم و
تا چەند وەختێک تیای دانیشێ.
تەنیایش هەروەها
بەڵام تەنها ئەو کاتانەی
شیعر دەڵێ:چاوەڕێم بە،من ئەمشەو دێم؛
گریانیش،ئەو وە ختەی
ڕەنگە هیچ پەنجەرەیەک نەبێ
بەڕووی ئاسۆی ئارامیمدا بکرێتەوە؛
خۆ بۆ عیشق
نەخاوەن ماڵم
نەماڵیشم دەرگای هەیە
نەپەنجەرە.
بەڵام گەر غوربەت بێ و
بەدەستەکانی توند دەرگام بکوتیٚ و
یقیژێنیٚ و
دراوسێشم بێنێتە سەر
ئەو کات؛خۆم
قەڵەمم
ژوورەکان
دەبینە زیندەوەری بێ گوێ و
هەموو دەبینە
دەرگای ئاسنین و
پەنجەرەی توند کلوم دراو.

هەواڵنامەی کتێب

# لە ئاسمانی یادگاریکما

ئاسو

کەمنداڵ بووم
سەر تەپۆلکەی ئاشی گاوران
دەبووە جێگای یاری و بەزمی مندالەکانی گەرەکمان.
زۆر چێشتەنگاو،
لە چێشتخانەی چێشتە قولێی ئەو ئاشەدا
خواردنی خۆش و بێ خوێمان دروست دەکرد
بۆ هەموومان.
من تەماتە و سەلکە پیازێکم دەهێنا.
یە کێکیتر، کەوچکێک رۆن.
ئەویتر، دوو نانی تیری و
ئەمیتر، قاپێکی فافۆن.
کاتێک خواردن پێدەگەیی
بە چوارمشقی
هەر لەسەر سفرەی گڵوبەرد
خواردنمان دابەش دەکرد و
هەریەک بەشی خۆی بەردەکەوت.
ئای چەند سەیرە!!
بێئەوەی خۆشمان بزانین
کە وابووبین؛
ئەوکاتانە، هەر هەموومان
کومونیست بووین.

*هەوێنی ئەم شیعرە، کورتە شیعریکی مەجیدی نفیسییە
کەلە«همبستگی » ژمارە **٤٢** بلاوکراوەتە وە.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەهلی ئەشکەوت

حەمە عەلی حەسەن

لە لێواری چەرخە بەردینەکانەوە
دێنەدەرێ ....
بۆنی کەڕوو
بۆنی زبلدانی مێژوو، دێ لەدەمیان
تەپو تۆزی ئەهلی ئەشکەوت،
لە کەللەیان هەڵدەوەرێ.
کورتەبالآن ...
لە بن تاشەبەردی «جەهلوخورافەدا»
سەری خۆیان حەشارداوە
نمایندەی شەوە بەسەرچووەکانی
عومری مێژوون
بۆیە ڕقیان
لە گوڵەبەڕۆژەی ئاشق بەخۆرەتاوە.
دنیایەکی گەلیک سەیرە
دنیای ئەوان
ئەگەر کچ بێ کۆرپەلەیان...
هەر لە سەر بێشکەوە کۆتی «اغتصاب»ی
دەکرێتە پێ
کە هێشتا پێی نەگرتووە...!!
هەر لە سەر بێشکەوە گیانی ئەتک دەکرێ
کە هێشتا لە تامی ژیان نەگەیشتووە...!!
کە گەورەش بوو، ئەو کۆرپەیە
بەدەر لەوەی.... بپرسن: بۆمەلی ئەشقت
کوێ ئامێزی هێلانەیە؟
سەر و سیمای تەلبەند دەکەن
وەک سنووری وولآتێکی داگیرکراو؛

هەواڵنامەی کتێب

نیگاکانی دەشارنەوە
لە خوێندنەوەی نامە ڕەنگاوڕەنگەکانی
تیشکی هەتاو.
دنیایەکی گەلێک سەیرە
دنیای ئەوان.
چاندنی تۆوی کینەیە بەرنامەیان.
پەیامی چۆک دادان دەدەن بەگوێی بوونا.
لە بەر شنەی دڵرفێنی ئازادیا
زەلیلێکی کوول و لەرزۆکە
خامەیان.
هێندە گێلن ..
فتوای برینی تالێکی
پرشنگی پرچی خۆر دەدەن.
بزەی سەرلێو...
هەناسەی سنگ...
ترپەی دڵ و لێزمەبارانی نەوبەهار
سانسۆر دەکەن...!
لە لێواری چەرخە بەردینەکانەوە
دێنە دەرێ...
بۆنی کەڕوو
بۆنی زبلدانی مێژوو
دێ لەدەمیان؛
تەپ و تۆزی
ئەهلی ئەشکەوت لە کەللەیان هەڵدەوەرێ.

هەواڵنامەی کتێب

# دیوار

ریبوار

پیکه‌نینت

به هار ده‌ژیه‌نیته‌وه

سه‌رچاوه‌ی حه‌یاته نیگات،

پیش ئه‌وه‌ی که فاشیستانه

باسی نه‌فره‌ت له "بیگانه"

نه فره‌ت له ئینسان ده‌ربری؛

پیش ئه‌وه‌ی ته‌شه‌رم لیده‌ی

که چه‌نده خوشباوه‌رم من

کاتیک ده‌لیم "ئاخری ئینسان مل نادا

به کویله‌تی و

بی حورمه‌تی خوشه‌ویستی!"

کاتیک وایه

سه‌د هه‌زار جار بیزارتر ده‌بم له فاشیسم

که ئاوا لیت بوه‌ته دیوار

بوار نادا

بییته باوه‌شی دلمه‌وه.

۹٦.۱

هه‌ولنامه‌ی کتێب

# کونکریت

له گورانی یه کانی ماری تولای گورانی بیژی ئینگلیسی

ریبوار کردوویه به کوردی

ئەو شوێنەی من تێیدا دەژیم،
دیواره کانی کونکریت
تەبەق ـ تەبەق لە سەر یەکتر
یەکسەر کونکرێتە؛ سیمان!
میچی سیمان، تەختی سیمان، چما زیندان!
زیندانیک کە پیویستی بە کلیل نیە.
دەرگاکان هەموو ئاوەلان.
بەلام گیرفانی بە تالم
له من بوونه تەلە و زیندان!

\\\\

(کورس)
بویه منیش خەریکم هەلی دەکلوشم
ئەم سیمانە هەلدەکەنم
ئاگاداري تووەکانی بن عەرز دەکەم
چرۆ دەرکەن و بالا کەن
هە لی دەکۆلم من ئەم سیمانە
من خەریکم هەلیەکەنم!

\\\\

من نامەوی لێرە بژیم،
کەس نایەویَ!
جیگایەکی نەگبەت کە روحمیان تێیدا دەناشت
(هەر بەو مەرجەی توانیبایان)
قەتیسی چواردیوارم دەکەن چما من زیندانی بم.

هەواڵنامەی کتێب

بەلام من خۆ کول نادەم و

ئەم ئەرزەی لە ژێر پیم دایە

ئاخری دەکەم بە هی خوم.

\\\\

(کورس)

بویە منیش خەریکم هەلی دەکلوشم

ئەم سیمانە هەلدەکەنم

ئاگاداري تووەکانی بن عەرز دەکەم

چرۆ دەرکەن و بالا کەن

هە لی دەکۆلم من ئەم سیمانە

من خەریکم هەلیەکەنم!

\\\\

من ئەمەوێ کە هەمدیسان ئەرز ئاسمان ببینێ

هەست بە تیشکی گەرمی هەتاو بکاتەوە؛

تامی باران هەمدیسان بچێژێتەوە.

نەفەس بکێشێ

با زیندەوەرانی ژیر خاک هەڵ نەکورمێن

بژیەنەوە

کاتیک کە من دەستم بە خاکدا رۆ دەکەم.

\\\\

(کورس)

بویە منیش خەریکم هەلی دەکلوشم

ئەم سیمانە هەلدەکەنم

ئاگاداري تووەکانی بن عەرز دەکەم

چرو دەرکەن و بالا کەن

هەلی دەکۆلم  من ئەم سیمانە

من خەریکم هەلیەکەنم!

هەواڵنامەی کتێب

# خوشکۆلە نان فرۆشەکەم

یوسف رسولی

واهاوینە
نیگا ئاسک ئاساکانت
لە دوور،
مەودای نیوان
عەرز و ئاسمان ،
دارە رووتەڵەکانی کێو
کە هەر وەک خۆت
بێ بەرگ و تینون بریوە و
تاوی بەتین
سەرکولمەکانت دەنگێوێ و
شەمالی گەرم

هێور هێور
قژی خوڵاویت ئەبزێوێ .

لە خەیال دای
کۆرپەی برسی ناو باوەشت
هێدی هێدی
ئەتمژێت و
جار ناجارێ
سەر هەڵئەبرێ و
نیگای ساوا و کرچ وکاڵی
لە ژێر کەوشی کریارانی
ناسکەنانت
کە بۆ کرینی تاقە نانێ

هەواڵنامەی کتێب

کۆشکی بیر و
ریزی نانی گەلاگەلات
لێ تێک ئەدەن
تێک ئەشکێت و
وەکو بێچوە ئاسکی ترساو
توند بە بەرۆکدا ئەنووسێ ،
سوژەی تابلۆیەکە ، ئەگەر
لە موزەدا
خۆبنوێنێ
"مونالیزا " سەر دائەخا و
کرنۆشی لەبەر دادێنێ .
دەم ئێوارە
ئەم دەمانەی
هەتاو وونە و
خەلک تاق و لۆقە دیارن
تۆ هەر میوانی شەقامی
بە قوڕگی تۆز بەر گرتۆکەت
هاوار ئەکەی
بۆ فرۆتنی
کوڵی پر لە
ناسکەنان و
گریانی کورپەی باوەشت
کوتایی بە رۆژ دەهێنی و
تاک و تەنیا
ریگای مالت ئەگریتە بەر .
گشت شەوانە
ئەو دەمانەی
کە خەلکی شار

هەواڵنامەی کتێب

له ناو خەوی هەنگوینی دان
تۆ شەو نخونی ئەکێشی و
بۆ بژیوی خۆت و ساوات
رفێدەکەت بێ ووچانە
لە سەر سنگی گەرمی تەندوور
خەوی ساواکەت
ئەرزێت و
بۆ نواندنەوەی
بە دەنگی گەرمی دایکانەت
سکالاکەت

ئەکەیە لای لایەی خەوی:
" ئەی ئەوانەی
کە شەو پێخەو
لە ئەتلەسا نەبێ نانوون !
ئەی ئەوانەی
بە هێزی من
بەرزە دیواری تەلارتان
تێر و تەسەل
بزە میوانە لە لێوتان
قا قا
گۆرانی
تەشەرتان
چزو دادەگرێ لە دلمان

دلنیا بن
ئەگەر ئێستا
منالی چاو بە فرمێسکم

هەواڵنامەی کتێب

بەرامبەرم
نەدەوێستا
لەجیاتی نانی دەستکردم
گوللەم ئەدایە سنگتان و
بۆ یەکسانی و ژین دەمردم
بەلام داخم
ئەم بەستەزمانە بێ نانە و
رسق دەرمان
سنگە گەرمەکەی تەنوورە و
هێزی ئەم دەستە ماندوانە .

***

هەواڵنامەی کتێب

# بوتی بەندی

سلیمان قاسمیانی( کاکە)

بابە گەورەکانی شیعری وولاتەکەم
لە دالانی تاریکی پیچی زولفتدا
وون دەبوون...
پیت نەدەگەیین!
لە گیژاوی زیی چاوانتا دادەمان
رەش هەلدەگەران
دەنالاّن
دەلالاّنەوە
بۆ نیو نیگای چاوی گەشت و
بەر دەبوونە مەلە مەرگە و
دەیان قیژاند،
هەناسە سوار
قوم دەبوون...
رەش دەبوونەوە!

لە ژیر لطافت ی خەیال
هەوری حەیایان دەباراند
بە سەر لەشتا؛
ئاوریشمی زیرینی مانگی جواني
دەدروا بە بەرتا و
یەخسیر دەکرای
لە چوارچیوەی مەنگی شیعر و

هەواڵنامەی کتێب

زیندانی ئەبەدی
جواني سروشتي
ژنانەت دەبووی!

بە هەودای حەریری شیعر
تارای حوری ناسکی خەویان دەهونیەوە و
بالات دەبوو
بە نمامی ئەتلەس و نوور
بە شەوچرا
کیوی تەلاّ
خەیالی نەرم و ورشەدار ...
تاسەی پیاوانەت پیّ دەشکا و
دەکرای بە تاجی دیوانی
شیعری هەموو شاعیرەکان!

*

هۆ بوتی باپیرە گەورەی شیعری تەری وولاتەکەم!
پینووسی شیعرەکانی من
قولپی بەستەیەکی سەررِەو
شیعریّ یاخی
جینگل دەدا لە گەرووی‌دا
لە بارەگای بابە گەورەکانی خەیال!
ئەوا قەلەمی سەررِەوم
خەریکە گیانی دەگووشی و
دانار دانار
رووحی دەچۆرِێنێتە ناو ووشەکانی و
گیان دەبەخشیّ
بە مۆمی ژین لێدزراوی
سالی بە هەزار هەزاری

هەوالّنامەی کتێب

تەمەنی پر کوێرەوریت!

ئەوا پینووسی سەررِەوم

چوک دادەدا لە بەر دەمتا و

ئارەقەی شەرمی گشت میژوو

دەسرێتەوە لە نیو چاوان؛

چوک دادەدا لە بەر دەمتا و

دەواری شیعری شیواوی

لە چینی تەوێلت دەچنێ

کە باری ملیونان نفرین

لە ژینی سەمەرگی حالدا

بە رێی کافروشانیا دەروا!

***

هەواڵنامەی کتێب

# «ئەڤین، ئینسان، رزگاری
# و
# ئەڤینی ئینساني رزگاریدەر»

چاوخشانێکی کورت بە سەر سێ فیلمی کیسلۆوسکیدا


نووسەر: سینا پدرام
وەرگیر: سمکو ئەحمەد


تریلۆژی( چیروکی سێ پارچە ) ناسراو بە تریلوژی سێ ڕەنگ، سێ فیلمە کە لە سەر بناغەی دروشمی شۆرشی فەرانسە واتە ئازادی، بەرابەری و برایەتی دروست کراوە، جارێکی‌تر توانایی بێ وێنەی «کرژیستوف کیسلۆوسکی» Krzysztof Kieslowski کارگەردانی (دەرهینەر) بەناوبانگی لەهیستانی (پولونی) سەلماند.

سمبولیسمی زەریف و هێندێ جار چوڵەپێچ، ووت و وێژی کورت و رەوان، وینەگرتنی هونەرمەندانە و کایەی دڵگیری زۆربەی هونەرپیشەکاني ئەم سێ فیلمە و بە تایبەت ئەکتەرەکانی رولی یەکەم، گیرایەکی بێوێنەی بەم فیلمانە بەخشیوە.

«فیلمی شین» Trois coulenrs blen یان «ئازادی»، کە یەکەم فیلمی ئەم تریلوژیەیە، لێکوڵینەوەیەکی زەریف لە ئەڤین وئازادیە. ئەکتەری رۆڵی یەکەمی فیلمەکە، «ژولی» Juliette Binoch ـ کە بە ئارامی و لە سەرەخۆیی خۆی، فەزای شاعیرانەی فیلمەکە زیاتر دەکات و تەئسیر لە بینەر دەکا ـ دەوری ئافرەتێکی لاو دەبینێ کە هاوسەری نەوازەندە و منالەکەی خۆی لە کارەساتیکی ئوتوموبیل‌دا لەدەست دەدا. تێکۆشانی «ژولی» بو دەرباز بوون لە دەس بیرەوەری رابردو و هەرچی پەیوەندی بە رابردووەوە هەیە، مەجالێکە بۆ دەست پێکردنی ژیانێکی نوێ. لەم ریگەیەدا «ژولی» جارێکی‌تر رووبەروو دەبێتەوە لە گەڵ توانایی ئینساني خوی لە ئەڤین و خۆشویستن، رێزدانان بۆ شیوەی ژیانی کەسانی‌تر و سەرهەڵدانی هەست و سوزی بنەرەتی ئینساني، لە بەرەوروو بوون لە گەل چارەرەشی چارەرەشان.

ئەڵبەتە فیلمەکە نایەوێ رابردوو و دواروژی کەسایەتیەکانی فیلمەکە هەڵسەنگێنێ و

تێ‌ناکۆشێ لە سەر ئەم دوو دەورە لە ژیان قەزاوەت بکا؛ بەڵکوو دەیەوێ گۆڕانی ناچاری ئینسان لە پرۆسەی دەرباز بوون لە دەس رابردوو و گەیشتن بە ئازادی نیشان بدا.

نهێنی گەورەی ئەم فیلمە، ئەوەی کە «ژولی» چ دەورێکی لە خولقاندنی سەمفونیەکانی هاوسەرەکەی ـبە تایبەت سەمفونی رێزگرتن لە یەکێتی ئورووپا ـ هەبووە، شتێکە کە تەواوی وەخت مێشکی بینەر بە خۆیەوە مەشغول دەکا و تەنانەت دوای کوتایی هاتنی فیلمەکەش هەروا بێ وڵام دەمێنێتەوە. ئەم نهێنی‌یە شاراوە، هەڵسەنگاندنێکی هونەرمەندانەیە لە سەر ئەو دەورەی کە ئیلهامدەر، لە پرۆسەی پێک‌هاتنی بەرهەمی هونەری‌دا، لە سەر خوڵقێنەر هەیەتی.

ئاهەنگ‌سازی «فیلمی شین» و دوو فیلمەکەی‌تر «زبیگنیو پریسنرس» Zbigniew Preisners ئاهەنگسازێکی لەهستانی‌یە کە بە جۆرێکی سەیر خۆی هاوچارەنووس لە گەل «فان دن بورن‌مایر Van den Bodenmayer» ئاهەنگسازی سەدەی شازدەهەم دەبینێ. ئاهەنگسازێک کە لە راستی‌دا هەر نەبووە و تەنیا لە مێشکی «پریسنرس»دا شکلی گرتووە. بەلام سەرەرای ئەمەش زۆ جار لەم سێ فیلمەدا ناوی براوە و لە لایەن ئەکتەرەکانی رۆڵی یەکەمەوە حەزی پێدەکری و بەم جۆرە ئەوان بە یەکەوە پەیوەند دەدا.

موسیقای «فیلمی شین» گەرچی بە شێوەی چەن بەشی لێک‌دابڕاو دووپات دەبێتەوە بەلام کاریگەریەکی قووڵی لە سەر فەزای فیلمەکە هەیە و بە جۆرێ لە گەل فیلمەکە تێکەلاو بووە کە بیستنی، تەنانەت دوای فیلمەکەش، دیمەنەکانی فیلمەکە دەخاتەوە یاد و دەبیتە هۆی بزواندنی دووبارەی هەستی هەلخراو سەبارەت بە دیمە جوراوجورەکانی فیلمەکە.

«فیلمی سپی» ـ بەرابەری ـ کۆمێدیایەکی رەشە لە بارەی زاڵ بوونی کاملی سەرمایە لە لەهستان بە سەر هەموو پەیوەندی‌یە ئینسانی‌یەکان‌دا. ئەکتەری پیاوی فیلمەکە لەهستانی‌یە و لە فەرانسە دەژی. دوای شکست هێنان لە پەیوەندی (رابیتەی) عیشقی خۆی، لە سەر ئەوە ساغ دەبێتەوە کە بگەڕێتەوە لەهستان. بەم مەبەستە لە چەمەدانێک‌دا خۆی دەشارێتەوە و دەگاتە لەهستان. هەوڵ و تەقەللا بۆ بەدەست هێنانی پوول، پرۆسەیەکە کە سەرەنجام سیبەر دەخاتە سەر تەواوی ژیان و پەیوەندی‌یەکانی و چارەنووسی دیاری‌دەکا.

ئەم فیلمە کۆمێدیایەکی تاڵە، سەبارەت بەو پەیوندی‌یە کومەلایەتی‌یانە کە زالن بە سەر پەیوەندی نیوان ئینسانەکان‌دا، لە سەر بناغەی پول و سەرمایە. ئەو پەیوەندی‌یانەی کە لە دوو سەدەی رابردوودا بە نیوی «بەرابەری» دەرخواردی مروڤایەتی دروان تا بی‌رەحمانەترین نابەرابەری‌یەکانی ئەم دوو سەدەیە شکلی ئەبەدی و «پیروز»ی پی ببەخشرێ.

موسیقای فیلمەکە «تانگۆ»یە( موسیقای سەمای دووکەسی بە چوار زەرب، کە لە

هەواڵنامەی کتێب

ئارژانتینەوە سەرچاوەی گرتووە) چونکە بە بڕوای «پریسنر» ـئاهەنگسازی فیلمەکەـ فیلمەکە وەدیهێنەری دوو ئیحساسی تالی و شەیدایییە، هەروەک لەدەست چوونی شتیک.

«فیلمی سوور» یان «برایەتی»، بە فۆرمی شاعیرانە و ووت و وێژە کورت و پوخت و جوانەکانی، هەول دەدا هەستی قووڵی دۆستانە و عاشقانەی ئینسانەکان بخاتە بەر چاو؛ ئەو هەستەی کە لە قالبی دڵنیگەرانی، پەرۆشی، دوودلی، دردۆنگی، بێزاری لە ناحەزی و تاڵی خو نیشان دەدا و یارمەتیمان دەدا لە تیکوشانمان بو ناسین و تیگەیشتن لە جوانیەکانی نهێنی ئەو ئینسانانەی کە لە ژیانی رۆژانەماندا لە گەلیان رووبەروو دەبین.

جیاوازی «فیلمی سوور» لە «فیلمی شین» ـ کە ئەڤین و ژیان بە شێوەیەکی ئینتزاعی و شکۆدار نیشان دەداـ لە هەلبژاردنی ئەڤین و ژیان لە شکڵی ساکار و ئاسایی و رۆژانەی دایە.

«والنتین» (ئیرێن یاکوب Irene Jacob کە لە فیلمێکیتری کیسلۆوسکی بەناوی «ژیانی دوولایەنەی ورونیکا»شدا کایە دەکا) کچێکی گەنجی قوتابی دانشگایە کـــە بە تەنیا دەژی. «فیلمی سوور» ژیانی کچێکمان پیشان دەدا کە نیگەرانی موعتاد بوونی برایەکەیەتی و لەوە دەترسیَ کە دایکی لەو مەسەلەیە ئاگادار بێت؛ بە دڵتەنگیەوە جوابی تەلەفونی دۆستە کوڕە حەسوودەکەی کە لە لەندەن دەژی دەداتەوە و جارجاریش لە دووکانە چکۆلەکەی سەر کۆڵانەکەیان سیگار دەکرێت. کوریکیش هەموو رۆژیَ بۆ کرینی سیگار دیتە ئەو دووکانە.

لە شەویکی بارانیدا سەگیک وەبەر ماشینەکەی «والێنتین» دەکەویَ و بەم جۆرە لە گەل خاوەنی سەگەکە کە قازیەکی خانەنشینە، ئاشنا دەبیت. «والێنتین» بە زوویی تیدەگا کە قازی پیر لە ژیانی شەخسي خۆی دا کەسیکی شکستخورادەیە و یەکیک لە سەرگەرمیەکانی گوێ هەلخستنە لە قسەی تەلەفونی خەلک؛ شتێک کە دەبێتە هوی رق و تورەیی «والێنتین». بەلام خولق و گفتی تایبەتی قازی، دەبێتە هوی ئەوەی کە «والێنتین» خوشی لە قازی بیت و عەلاقەیەکی قوولی پیَ پەیدا بکات.

«والێنتین» لە سەفەریک بۆ لەندەن، بو دیداری دوستە کوڕەکەی، لە ناکاو لە ناو کەشتیەکەدا چاوی بەو کوڕە دەکەویَ کە هەموو رۆژیَ لە دووکانی سەرکولانەکەیان لە کاتی سیگارکڕیندا دەیبینیَ. ژیانی ئە کورە، کە ئەویش هەر لە هەمان گەرەکدا دەژی، دەلیی کۆپیایەکە لە ژیانی شکستخواردووی قازی پیر. ئەم دیدارە لە کەشتیەکەدا (کە دەبێتە هوی ئاشنایی و نزیکایەتی «والێنتین» لە گەل کوڕەکە) لە نیگای یەکەمدا وەک رووداویکی چاوەروانکراو و مقدر (فاتالیستیانە) دیتە بەر چاو؛ لە حالیکدا کە لە هەمان کاتدا دەکریَ وەکوو تەئسیر وەرگرتن و ئالو گوری ژیان لە ئاکامی رووداوەکانی ورد و درشتی دەور و بەری

ئینسان بیت. سەرەرای ئەوەی کە فیلمەکە زور ئیشارە بە «رێکەوت» و «پیشهات» دەکات، بەلام لە ئاکام دا، «رێکەوت» وەکوو بەرهەمی نیهایی فاکتەری جوراوجور هەلدەسەنگینێ.

لە لایەکیترەوە گورانی فیلمەکە کە لە سەر ئەساسی شێعریکی شاعیری لەهستانی «ویسلاوا سیمبورسکا» Wislawa Szymborska دروست کراوە، لایەنی فاتالیستی (قەدەرگە رایی) فیلمەکە قورستر دەکات.

«وە هەر سەرەتایەک

تەنیا درێژە پێدانێکە

و کتێبی چارەنووس

دائیم لەم بەینەدا کراوەیە»

پارچەیەکە لە شێعری «ئەڤین لە نیگای یەکەم‌دا» لەم شاعیرە لەهستانی‌یە کە لە فیلمەکەدا چەند جار بە شێوەی جۆراوجۆر دووپات دەکریتەوە.

دیاردەی ئەڤین، لە نەوعی تەواو ئینساني و زەوینی خوی‌دا، لە لایەنی جواروجورەوە باسی سەرەکی هەر سێ فیلمەکان بووە. کارگەردانی ئەم فیلمانە دەیهەوێ هیزی رزگاریدەر و ئال و گۆڕ پیک‌هینەری ئەڤین و خوشەویستی بخاتە بەر چاو. تصویر و موسیقا بو ئەم کارە بە لیهاتوویەکی ئەوتۆوە کەڵکیان لی وەرگیراوە و لە هەر سێ فیلمەکان‌دا، چ تاک بە تاک و چ سەرجەم، خوی دەنوێنێ. بەلام لیکولینەوە و باس لە ئەڤین و ئیحساساتی ئینساني، بی لە بەر چاو گرتنی پەیوەندی و موناسباتی کومەلایەتی، میژوویی و ئابووری، کە ژیانی ئینسانەکان دەتەنێت و تەئسیر دەخاتە سەر ئینسان و و ئیحساسەکانی، تەنیا بە یەک نەتیجە دەتوانێ بگات، ئەویش: بەتال کردنی لایەنەکانی ئەم دیاردە رەوانی-فیزیزلوژیکە و پیچانەوەی لە کاغەزی ئالتوونی «تقدس»دایە.

لە دنیایەکی ئینساني‌دا، جیاواز لە ژیانی کومەلایەتی تا بە ئەمرو، خوشەویستی نەک هەر رزگاریدەر و ئال و گۆڕ پیک‌هینەر لە ژیانی ئینسان‌دادەبێ، بەلکوو دەبیتە ئامانجی ژیانی مروڤ و پاداشیک بو تیکوشانی بی ووچان لە ریگەی بەرەو پیش چوون و خوشبەختی مەمنووع‌دا. بەلام لە دنیای ئەمرودا کە هەژاری و چارەرەشی ئاسوی هیوای ئینساني رەش و تال کردووە؛ لە دنیایەک‌دا کە پەیوەندی‌یەکانی بورژوایی خوی بە سەر گشت پەیوەندی‌یەکی ئینسانی‌دا داسەپاندووە، خوشەویستیش لەو ئامانجەی کە لە سەرەوە باسی کرا، دوور دەکەویتەوە و دەبیتە ئامرازیک (وەسیلەیەک) بو خۆ رازی کردن و دەرچوون لە دەس راستی‌یەکانی ژیان.

هەواڵنامەی کتێب

***

*-بۆ ئاشنایی زیاتر لە گەل بۆچوونەکانی «کیسلۆوسکی» دەکرێ کتێبی « کیسلۆوسکی سەبارەت بە کیسلۆوسکی» کە کۆمەلێکە لە ووت و ویژەکانی «دانسوا ستوکDannsva Stok» لە گەل «کیسلۆوسکی»،بکرێ. سەبارەت بە «کیسلۆوسکی»، کورت و موختەسەر، دەتوانم بڵێم کە ئەویش وەکوو زورێک لە رووناکبیرانی دەورانی شەری سارد، مارکسیسم و کمونیسم بە تعبیری (دەربرینی) روسی فیر بووە و تەجرەبە کردووە. رەخنەی ئەم رووناکبیرانە دژی دیکتاتۆری سیاسی و نەبوونی ئازادی لە ولاتانی پێشووی بلووکی شەرق، رەخنەیەکە چاو دەپۆشی لە بناغەی ئابوری و بە گشتی کومەلایەتی حاکم لەو وولاتانەدا. لەوانەیە رەشبینی و بێ هیوایی شاراوەی «کیسلۆوسکی» کە جارجار لە فیلمەکانیشیدا خو دەنوینێ، لەم کورتبینییەوە سەرچاوە بگرێ.

***

هەواڵنامەی کتێب

# شمشیر و منداڵ

نووسەر: روژە دوینی
وەرگێر: عەلی کیتابی

ماڵە کرێکارەکەی سەر تەپۆلکەکە، ئەمشەو منداڵێکی نیوەگیانی لەکۆشدایە. «میمی» رەنگ هەڵپڕوچکاو و سپیهەڵگەڕاو، دەڵێی بووکە شووشەیە لە ناو نوێندا. بێ ئەوەی قامک بەرێ بۆ کەرەستەی یاریەکانی، هێدی و هێمن ڕاکشاوە. براکانی «میمی» زۆر تامەزرۆی کایەکردن بە کەرەستەی یاریەکانەوەن. بەڵام «پییەر» کە لەوانیتر گەورەترە، توورەیە. ئەو دەزانی کە ئەو کەرەستەی یارییانە، پارەی زوریان پێدراوە و تەنیا بۆ دڵخوشی برا نەخۆشەکەی کراون و لە سەر لێفەکەی دانراون: ئەسپ و گاری، (کلاون)ی سوور و زەرد، مەیموونی مەخمەرپۆش، دەستێک چەک و رەختی رومی لە گەڵ کڵاوخوودێ ڕاستەقینە، گوڵ کەمەری هەتاونیشان، شمشێرێکی شیک و شیرین و چکۆلە.

ئیستا تەنیا یاریەک هەیە کە بتوانێ سەرنجی «میمی» بەرەو خۆی ڕابکێشێ. کاتی کە دایک بە سەریا دەنوشتیتەوە، بەگریانەوە دەڵێ:

ـ دەی دایەگیان، بدروو بدروو!

دایکی هەژار بە ئەسپایی پێ لە سەر پێی مەکینەی لیباسدروونەکەدا دەگرێ و زۆر لە سەرخۆ دەیخاتەگەڕ. چەرخی بەستەزمان و نەزان، وەکحەیوانێکی دەستەمۆ، زۆر لە سەرخۆ بۆی دەخۆنی ...

باوک لە گەڵ گەیشتنی دوکتور دەگاتەوە ماڵ. ئەسلەن هیزی کارکردنی نەبوو و لە ناچاری چووبووەوە سەرکار. هاوریکانی لە کارگە پێی دەڵین:

ـ دەست لە کار هەڵگرە و بڕۆوە.

سەرکرێکاری پیریش دەڵێ:

ـ کەسێک کە تەواوی هۆشی لەماڵەوە بێت، کەی توانا و وزەی کارکردنی دەمێنێ؟

ئێستا باوکی هەژار و دڵبریندار بەکۆڵێک خەم و پەژارەوە لە ماڵە. دایک لە چیشتخانەدا چاوەڕوانە. لە سەر قادرمەی ماڵ، دراوسێکان بە ئەسپایی لەگەڵ یەک دەدوێن و دوومناڵەکەی تری سوکنا دەکەن.

«پییەر» بە پاتۆلی کورت، تەویلی پان، پرچی کاڵ و هەیکەلی منداڵانە و بە ویقاریەوە، بە

هەواڵنامەی کتێب

نهێنی لە گەڵ دوکتوردا، خۆی دەخزێنێنیتە ژوورەوە. هەر چەن بە توندی لەو کارە منع کرابوو! ئیستا بیدەنگ و ئارام لە سووچێکی ژوورەکە، لە ناو تۆڕ و قولاپی ماسیگیریدا خۆی حەشارداوە. دەترسێ...! لە درزی درگاوە باوکی دەبینێ، کە بە قیافەی وشک و خامۆش، بێ ئەوەی جووڵەی پێ دەگری. دوو دڵۆپ فرمێسک بە سەر گوناىدا دەخزێنە خوار؛ دیسانەوە دوو دڵۆپیتر و دوو دڵۆپیتر... «پییەر» دەنگی گڕ و گیرا و میهرەبانی دوکتور بیست کە بە باوکی ئەووت:

ـ خۆ تۆ پیاوی! دلداری ژنەکەت بدەوە. چون ئیمشەو دێن منداڵەکەی دەبەن.

«پییەر» دەچێتەوە چێشتخانەکە. وێدەچوو دایکی هەموو شتێکی بیستبێ. لە سەر فەرشی ڕەشیئاجۆرین و ناو وردەداری بەر کوانووەکەدا دەستەوئەژنۆ دانیشتووە و بێئیرادە کەوچکیکی دارین لەحاجەتێک وەردەدات. «پییەر» ڕۆڵەی گەورەی بنەماڵە، کە باڵای لە باڵای نوشتاوەی دایکیشی کورتترە، دەستەکانی لە ئەستۆی دایکی دەئاڵێنێ و بە ئەسپایی بەگوێچکەیدا دەچپێنێ:

ـ دایەگیان، بڕیارە کێ بێت؟!

دایک توزێک گریا سوکنایەک بە دڵیدا هات. «پییەر» وەکوو پیاوێکی کامڵ بە شێوەیەکی جیدی، دایکی ڕادەمووسێت. دایک دەڵێ:

ـ ئێوە هەر سێکتان دەبێ زۆر عاقڵ بن و زووبخەون. قەرارە کابرایەکی زۆر دزێو بێت و «میمی» چکۆڵە بەرێت.

«پییەر» دەچێتە هۆدەیەکیتر. باوک لە ناو پەنجەرەدا دانیشتووە. تیشکی هەتاوی دەمەو ئاوابوون بە سەر شیشەی پەنجەرەوە دەخوشێ. لە تۆێ پەردەی سێسووچی پەنجەرەوە، بەشێکی بەرچاو لەخانووە جۆراوجۆرەکانی شاری ئاسمانیپۆش وەدی دەکرێ.

باوک وەک ئەو کەسانەی کە ناتوانن لە ڕۆژە کانی حەوتوودا بێکاردانیشن، بە قامکە ئەستوور و زبر و ڕەشەکانی کەرەستەی یاری منداڵەکەی لە سەر لێفەی نوێ و گوڵقرمزە شیرینەکەی کۆ دەکاتەوە.

«پییر» لێی نزیک دەبیتەوە و پاش ماوەیە ک بێدەنگی و چاوەڕوانی دەڵێ:

ـ بابەگیان، ڕوخسەتم دەدەیتێ ئەو شمشێرە چکۆلە هەڵگرم. ئاخر ئەو خۆی شمشێرەکەی پێ بەخشیبووم.

باوک کە لەم داواکاریە داچڵەکابوو، بە تووڕەییەوە وەک ئەوەی کفری کردبێ دەنوارێتە کوڕەکەی و تێی دەخوڕێ:

ـ بڕۆ وون بە لە بەرچاوم؛ ئیتر چارەت نەبینم.

هەواڵنامەی کتێب

هێشتا شام حازر نەبووە و کاتی داخرانی کارگەکانیشە. باوک سەریکی کورت دەکوتێتە مەیخانەی پەنای ماڵان تادەربارەی بەدبەختی خۆی لە گەڵ ڕفێقەکانی‌دا بدوێ.

ئیستا ئیتر شەوە. مال لە خەودایە و گەڕەکی تاریکی شاریش سەری ناوەتەوە. بەلام دایک و باوک لە دەوری جیگەی خەوی جگەرگۆشە نەخوشەکەیان شەونخوونی دەکەن؛ وەک ئەوەی بیانەوی مناڵە بچکۆلەکەیان، لە شالاوی ئەو چەتە غەیبی‌یە کە قەرارە بێ، بپارێزن.

داماو، لە ژێر باری خەم و خەفەت‌دا وردبوو، بە روخساری رەنگ پێوە نەماوەوە و بە لیچی ئاواڵە، وەک کەسیک کە خەریکی گریانە، لە سەر کورسیەکان وەنەوز دەدەن.

لەو لەحزەدا «پییەر»ە چکۆل بە پێی پەتی، هێور هێور بە کراسی دەرەدامانی نوستنەوە، خۆی بەرەو تەختی خەوی برا نەخۆشەکەی دەکشێنی. شۆڵەی چراییەکی لاواز دەلەرزێ. جوولە لە هیچ کەس نایە. «پییەر» چاو دەگێری بەناو کۆگای ئەسلەحەکان. ئەوە شمشێرەی کە لە پێشەوە دلی گرتبوو، لە کێلان ڕادەکێشێ و دەیبا. «پییەر» بە شمشیرەوە رادەکات. شمشیرەکە لە ژێر تیشکی چراکەدا بریقەی دێ. بە پەلە و بێدەنگ دەگەریتەوە لای شتوومەکی خۆی و جلەکانی لەبەردەکا. ئیستا بە کەوشی بەند بەستراو و کلاوی کورکی‌یەوە ئامادەیە.

شەوژەنی‌درگا داخراوە. دەچێتە سەر کورسیەک... لە سەر پەنجەی پێ رادەوەستێ و فشار بو خوی دێنێ. شمشێرە بچکۆلەکە وەدەسگیرەی درگاکە دەکەوێ و دەنگی دێ.

دایک لەوکاتەدا، لە رووی هەستی نامەعلووم لەناکاو لە خەو دادەچلەکی و هاوار دەکا:

ـ بڕوم بزانم منداڵەکان لێفە لە سەریان لانەچووبێ. بەحەبەساوی و دێوانەوار دەگەریتەوە و دەپرسێ:

ـ «ژان»! خۆ «پییەر» دیارنیە؟!

باوک وەکوو ئەوەی کە مشتێکی وەنیوچاوان کەوتبێ، ڕادەپەڕێ و دەڵی:

ـ دەخیلت بم باش‌گەڕاوی؟

دەچن دووبارە دەگەڕێن و دەگەڕێن؛ دەڵێی میردەزمەلێدراون و ماڵەکە ژێرەوژوور دەکەن....

دایک بە سپایی هەر بانگ دەکا:

ـ «پییەر» لە کوێی؟ وەرە کوڕم! وەرە کوڕم!

کاتێک باوک بێ ئەوەی بزانی چ دەکا، درگای ئاپارتمانی کردەوە، کوڕەکەی دەبینێ بە سەری بەرزەوە و روخساری وەحشەت‌لێدراوەوە، دەست بە شمشێر روو لە تاریکایی‌دا راوەستاوە و چاوەروانی کابرا دزێوەکەیە.

کوڕە بە دیتنی باوکی بە غرور و ئەسپایی دەڵی:

هەواڵنامەی کتێب

ـ بابەگیان لێم توورە مەبە، خۆ دەبینی راوەستاوم تا نەیەڵم براکەم بەرێت.

چەتەی غەیبی کە لە پلیکانەکانەوە سەر دەکەوت، ئیستیکی کرد...

***

هەواڵنامەی کتێب

# کوکتیل

## کەمال کەریم عبدالله

ترومبیلەکانی شار تووشی کۆکە و پژمە و تەقە بوونە. جگەرەکێش ئەگەر زوو جگەرەکەی بگۆڕێ، تووشی کۆکە دەبێت. رەنگە ئەمە ئەساسێکی زانستی نەبێت وەیان هەیبێت. گرنگ ئەوەیە جگەرەکێش ئەگەر لەژێر کارکردی دەروونیش بێت، بەگۆڕینی جۆری جگەرەکەی، ئەویش بە ناچاری لە بەر گرانی یان نەمانی ئەو جۆرەی کە پێی راهاتووە، دەکۆکێ. مەشروبخۆر پێی خۆشە یەک جۆر مەشروب بخواتەوە ئەگەر هەبێت. ئەم جۆرە عادەتانە بەشێک لە کۆمەڵ خووی پێوە گرتووە. هەتاکو ئێرە گیروگرفتێک نەهاتووەتە کایەوە، بە رەچاوکردنی بارودۆخی تایبەت بە وولاتانی تازە-خەریکە پێگەیشتوو.

با بێینەوە سەر باسەکەمان. بەشێک لە مەشروبخۆرەکان بە هەر هۆیەک بێت کوکتیل دەخۆنەوە. کوکتیلی ویسکی- بیرە، عەرەق- بیرە و هتد... هێشتاش هیچ گیروگرفتێک رووی نەداوە. بەڵام وەختێک کوکتیل دەگات بە خواردنەوەی ترومبیلەکانی شار، گیروگرفت راستەوخۆ و پاشان ناراستەوخۆ، یەخەی من و تۆ دەگرێ، بێ ئەوەی کۆکتیل بخۆینەوە یان ترومبیلمان هەبێت کوکتیل بخواتەوە.

کوکتیلی ترومبیل بریتی‌یە لەمانە: بانزین-گاز، بانزین-نەوت، بانزین-نەوت-ئاوی شەلغەم تورشی. خزمەتگوزاری بانزینخانەکان لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی‌یەوەهەنگاوی زۆرگەورەی هاویشتووە. لایەنی چەندایەتی: هەموو شوێنێک بەنزینخانەیە! لایەنی چۆنایەتیش، کوکتیل دەرخواردی ترومبیلەکان دەدەن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ترومبیلەکان تووشی نەخۆشی یاخی بوون و هەلبەز و دابەز بکەن. لێرەدا گیروگرفتی باسکراو لە قۆناغی ناراستەوخۆ خۆی مەڵاس داوە و لە گەڵ یەکەم یەخەگیری‌دا هەڵدەگۆڕێ بۆ راستەوخۆ و نیشانەکانی ئەو گیر وگرفتە. نەخۆشیەکە لە ترومبیلەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆمن و تۆ و لە ناخمان‌دا جێگیر دەبێت بە هۆی ڤایروسێکەوە کە پێی دەوترێ دەسەڵات. رەنگە پێت سەیر بێت. بەردەوام بە لە گەڵمدا، تێدەگەیت.

کومبیوتەر لە ئەوروپا نەخۆش دەکەوێت. ئەو نەخۆشی‌یە ڤایروسی تایبەتی خۆی هەیە. زۆر جار کۆمپانیاکان لە دژی یەکتر ئەو ڤایروسە بەکار دەهێنن. ئەو پێشکەوتنە ئێمەشی گرتۆتەوە!...بەڵام بە پێی هەل‌ومەرجی خۆماڵی خۆمان. ووتمان کوکتیل بۆ مرۆڤ گوونجاوە. رەنگە هەبێت پێی نەکەوێت. بەڵام هەشە پێی دەکەوێت و لە سەری راهاتووە. هەرچی ترومبیلە، هەرگیز کوکتیلی پێ‌ناکەوێت. وەختێکیش بەناچاری دەکرێ بە قورگیدا، تووشی کۆکە و ترە و ساتمە و هەلبەز و دابەزی دەکات. ئەم نەخۆشییە زۆربەی ترومبیلەکانی گرتۆتەوە. هەتاکو رادەیەک وا لێی پیس‌کردوون لە پەل و پۆی خستوون و وەکو ولاخێکی غەزەب لێگیراو لە شوێن خۆیان دەچەقن و بە کلک بادان نەبێت لە شوێن خۆیان ناجولێن. من و تۆیەکی بێ ترومبیل، نەک بە پیاسە، بەلکو لە هەلپەی گەیشتن بە کارێکی زەرووری‌دا لەململانێ و پێشبرکێی رینو«١١»دا هەنگاوی دووەم لە یەکەم فراوانتر و سێیەم لە دووهەم و هتد.....ئارەقە بە دۆلی پشت‌دا چۆراوگەی بەستووە و هەناسەسوار، ئا لە کاتێکی وەهادا، یەکێک داوات لێ دەکات، ترومبیلەکەی بۆ پاڵ پێوە بنێیت.

ـ زەحمەت نەبێت پالێک نانێیت چاوەکەم؟؟

- بەڵێ باشە، هەرچەندە هیلاکم و دوا دەکەوم.

- دەی تۆزێکیتر... ئەها..دەی هەندەی نەماوە.

- دەبێ بمبووری دوا دەکەوم.

- ....

دەکرێ بووترێ ئەویش هەقیەتی. ئەی بە کێ بڵێ؟ خۆ خاوەن ترومبیلیش راناگرێ. ناچارە هەر داوای یارمەتی لە پیادە بکات. ئێ خۆ ناشکرێ کرێنی بۆ بهێنی. چوونکە کاری رۆژ و دوو رۆژ نیە. پاشان دەرمانی دەردەکەی لای کرێن نیە. دەی... تۆ دەکەویە ڕێ و کۆکتیلی جگەرەی رەنگاورەنگ تەنگە نەفەست دەکات؛ دەکۆکی؛ بەڵام ئەوەی باشە پیویست بە پالنانت نیە. یەکێکیترت لێ پەیدا بوو.

- مامۆستا زەحمەت نەبێ کە.....

- مامۆستا زۆر دەبێ بمبووری، پەلەمە و زۆریش ماندووم.

- چیی!! بۆ مەگەر من ماندوو نیم؟؟ کەم ماندویەتیم کێشاوە؟؟ دەوەرە بۆ کێی بکە، «دەستێکی نا بە بان مشتووی دەمانچەکە»

- کاکە گیان ئێستا ترومبیلێکم پاڵ نا. ناتوانم و شوێنم دوورە.

- کورە هەی داوەشێی؛ زووکە؛ هێی کورە، ئادەی لە گەڵ ئەو برادەرە پالێک بنێین. بە پەلەخۆی ترنجانە ناو ترومبیلەکە و......

ئەویشت بە ڕێخست. بەڵام وەکو یەک نا؛ ئەمیان هەتا ترومبیلی نەعلەتی نەکەوتە گەڕ، نەتتوانی بە جێی بهێلی. بیکووتە، ماراسۆنی گەیشتن بە کاری زەرووری، خوا حەز بکات لە ویستگەی کۆتای نزیک بووەوە. دەیدەی هەندەش گوێ مەدەرێ، یان بیدەرێ. هەر تۆ نیت تاجی ناچاری پاڵ پێوەنانی ترومبیلت لە سەر نراوە. هەر تۆ نیت دوای هەناسە برکێیەکی زۆر، تەنانەت سووپاسیشت پێ نالێن. هەر چەندە هەموو گیرفانەکانیشت پڕ بکرێن لە سووپاس، وەکو «بژی» و «بژی»ی سەر دیوارەکان، گەروویەکی خالی گەرم ناکاتەوە. ئەگەر تۆش ترومبیلت هەبوایە، کوکتیلیشی دەخواردەوە و بە خەلکیشت دەووت: پالنێ. ئەوەی لە باڵەخانە بژێت، وەکو دەوار نشین بیر ناکاتەوە. کە ترومبیلیشت هەبوو، وەکو پیادە ناچار نابیت پاڵ بنێیت. خۆ ئەگەر مشتوویەکیش کەرەم بفەرموویت، ئەوا عالیلعال.

ڕۆژێکیان بینیم ترومبێلێکت پاڵ دەنا. دیمەنەکە ڕێک وەها هاتە پێش چاوم، یەکەم هۆی گواستنەوە، وەکو دەڵێن، تەبیعییە هی خودا پێداوەکان، کورسییەک بووە، پشت بە پشت کۆیلە لە کۆڵی خۆی شەتەکی دەدا و جێی دانیشتنەکەی جووت دەبوو لە گەڵ بەشی خوارەوەی گازەرای پشت و لەسەر گۆلەی سمت جێگیر دەبوو و ڕێێ دەگرت لە داخزینی بەرە و خوارەوە و بەگزادە لەسەری دادەنیشت. کە بینیم ئەوەم وەبیر هاتەوە...دەی، با بچینە ناو شار. تەواوی ترومبیلەکان لێی پیس کردوون و سەرجەم پێویستیان بە کلک بادان هەیە. هەر گایەکی بڵح چوار شوانی دەوێت. بە شێوەیەکیتر، هەر چوار پیادە و ترومبیلێکی هەیە؛ نەک بۆ سوار بوون، بەهەلەدا نەچیت، بەلکو بۆ پاڵ نان. بەینی خۆمان بێت، تەواو وەڕەس بوو بووم لە پاڵ نانی زۆرە ملی. ناچار ئەم فێلەم دۆزیەوە: سپرایەکی تەنگە نەفەسیم کڕی، لە بازاڕیش نەک لەدەرمانخانەکان، دەست دەکەوێ. دوای ئەوەی کە پسپۆڕێکی بیانی کە لە بواری پزیشکیدا کاردەکات، نەخۆشخانەکانی بەسەرکردەوە، چەند هەزار قوتوویەکی پێشکەش بە نەخۆشخانەکە کرد و یەکسەر قوتوەکان لە سەر شۆستەکان لە گەڵ باقی شمەکەکانی تر جێی خۆیان کردەوە. سەرت نەیەشێنم،

هەواڵنامەی کتێب

یەکێک لەو قوتیلکانەم کڕی و لە بەر پشتێنەکەم نا.

بەیانی زوو، زووتر لە هەموو ڕۆژێک چوومە بازاڕ، تاکو چەکە نوێکەم تاقی بکەمەوە. بەختم باشی هێنا و کابرایەکی ناو تەنگ ئەستوور بە نەرمیەوە تەکلیفی لێ کردم و ووتی: ئادەی کوڕە، پالێک بنە. یەکسەر قوتووەکەم دەرهێنا و فشکاندم بە ناو دەممدا. ووتم: قوربان پارێزم! و ڕۆشتم. پاش چەند دەقیقەیەک هەستم کرد سەرکەوتنێکی گەورەم بە دەست هێناوە. وەکو سەرکردەیەکی سووپا کە لەچالاکیەکی سەربازی گەرابێتەوە، لە سەر تیمپۆی مارش، هەنگاوی خێرا، یەکسان و بە باوەرم دەنا و دەستەکانم هەتا ئاستی سەر شان بەرز دەکردە وە. ئەو ڕۆژە هەتاکو نیوەڕۆ خۆم لە ترومبیلی نەخۆش دەگەرام، بەڵام هیچم بەر نەکەوت. لە بەر ئەوەی بێکاریش بووم، بەتەواوی خۆم تەرخان کردبوو بۆ بە کارهێنان و تاقیکردنەوەی چەکە نوێیەکەم. نەخێر لەوە زیاتریش بیرم بە لای مانۆری هاوبەشیشدا دەرۆی. ڕۆژی دواتر هەمدیس سەر لە بەیانی خۆم تەیار کرد و بە هیوای گەیشتنە سەنتەری شار کەوتمە ڕێ. دوو گای بلحم بینی پێیان لە زەوی چەقاندووە و چاو سوور هەلگەراو، پیاو ناوێرێ بە لایاندا تێپەرێ، نەخوازەڵا کلک بادان. خۆم تێک نەدا و بەرەو روویان بوومەوە. هێشتا چەند شەقاوێکم مابوو بگەمە ئاستیان، هەردوو خاوەن ترومبیلەکە لە یەک کاتدا و بە تەبایی و هاوئاهەنگ دەعوەتنامەیەکیان ئاراستە کردم. هێشتا هیچ جۆرە کاردانەوەیەکم نەنواندبوو، یەکێکیان دەستی گرتم و ووتی: ئادەی پالێک نانێیت. ئەمەم بە لاوە سەیر نەبوو؛ سەرسورمانیەکەم زوو رەویەوە و پێش وەخت تێگەیشتم کە رێکەوتوون لە سەر چۆنێتی دابەشکردن. ئەمەیان هەتا رادەیەک بە قازانجی من شکایەوە چونکە ئەگەر رێک نەکەوتبان ئەوا بێ سێ و دوو لانی کەم شوێنێکم هەر دەشکا. چونکە زۆر جار ئەو شتەی کە شەری لە سەر دەکرێ و نابێ بە مالی لایەک، نابووت دەکرێ. بە هەر حاڵ من چەکی خۆمم پێیە و هەر کات بیتەقێنمەوە؛ نەک نیشان دەپێکێ، بەلکو خاپوریشی دەکات. چونکە ئیشێکی تریشم نەبوو، بەدیاریانەوە وەستام. پێی ووتم: جارێ راوەستە تاکو یەکێکیتریش پەیدا دەکەم. ئەم لە کەسی دووەم دەگەرێ و ئەویش لە کەسی یەکەم و منیش لە هەردووکیان. تەماشایەکی ناو ترومبیلەکەم کرد. کلاشینکۆفێکی مزەللی حەفتا و پێنجی لە سەر کوشنی تەنیشت سایەق هەلسپێردرابوو. لە تەنیشتیەوە بەربەلەمێکی پر لە قەیماغ و لە پاڵیدا کیسەیەک صمونی گەرم هەلاوی لێ هەڵدەستا. دوو عەتری گران بەها و چەند پاکەتێک جگەرە لە بان داشبوولەکە بوون. بەیانیەکی زووە و هێشتا هەندە خەلک بەدەرەوە نیە. ئەوانیش بەوە دەچوو پەلەیان نەبێت و راهاتبوون لە گەڵ ئاکامەکانی کوکتیل و بیر و را گۆڕینەوە دەربارەیان. کەوتنە قسەکردن.

ـ دەزانی پاقلاوەخانەیەکی تازە کراوەتەوە. هی تورکی و لوبنانی و هەموو جۆرەک دروست دەکەن. زۆر نایابە؛ کیلۆیەک دەخۆیت پێ نازانیت.

ـ بەراست، کەوتۆتە کوێوە؟؟ بروا بکە هێشتا نەمزانیوە.

ـ ئەوە لای فیلکەکەی.... بەمبەر دایەرەی.....

ـ ئێئێ راست دەکەی... زۆر نایابە. کورە چۆن دوێنێ سینیەکی تایبەتی بۆ کردم قەت لەزەتی تەواو نابێت. ژنە تازەکەم بەیانیان تەنها ئەوە و قەیماغ دەخوات. لە بەر ئسراحەتی من وازی لە کۆلێژ هاورد و منیش هیچ بێ دلی ناکەم.... راست دەکەی پاقلە، ئادەی کورە لە گەڵ ئەم کاکەیە پالێک بنە.

من بووم بەکاکە؛ بۆ؟! دیار نەبوو.

ـ داوای لێبوردن دەکەم، نەخۆشم.

قوتویەکی لەوی من لە گیرفانی دەرهێنا و فیشکانی بەناو دەمیدا و ڕۆشت. ئەگەر گوللەیەکیان لێ بدام

گەرما وگەرم هەر هەندە کاری تێدەکردم. سەیرە تۆ بڵێی منی دیبێت پێشتر؟! یان خۆی بەم ئەزموونە گەیشتووە؟! ئەو رۆشت. ئەوجا نۆرەی من بوو چەکە تاقی بووەکەم نمایش بکەم. هەر چەندە وورەی جارانم نەما و ئەوی لای من نوێ بوو، یەکەم هەنگاوی بە سەراچوونی لە پێش چاوم نرا. بەڵام چارم نەما و لە هەوڵی وەگێرخستنی یەکێکیتر، هەنگاوی پوولپێوەنانی ئەمم نا و قوتوەکەم دەرهێنا و بە بەرچاویەوە مژێکم لێدا و پێم ووت: منیش هەروەها و رۆشتم.

هەردووکیان بە سەرسورمانەوە تەماشایان کردم و کەوتنە قسەکردن، بەڵام لێیان حالی نەبووم. چونکە من لە مێشکمدا خەریکی گەلالەکردنی رێگەیەکیتر بووم. بەدەم رۆیشتنەوە تۆزێک وورەم بەرز بوەوە و گەیشتمە ئەو باوەرەی کە هێشتا چەکەکەم پەکی نەکەوتووە. چۆن گەیشتمە ئەو باوەرە ؟! نازانم. وورده وورده بازار جوولەی تێکەوت و دەست فرۆشەکان هەر یەکە و جێگەی خۆیان لە سەر شۆستەکان گرتەوە؛ شمەکەکانیان ریز کرد، لە گەڵ هەندێ کتێبدا و دانیشتن بە دیاریەوە. هەرچەندە لەو شتەم هەبوو، بەڵام هەر حەزم دەکرد تەماشایان بکەم و بزانم کێیتر هەیە بیان کرێ. خوای منو تۆ کردی یەکێک دەستی دایە دانەیەک و ووتی: بە چەندە؟! پاش مامەلە کردن دانەیەکی کری و رۆشت. دوای کەوتم. پاش تەوەرێک، هەلێک رەخسا و لێم پرسی:

ـ ئەوە بۆچیتە؟

ـ ئەمە دەرمانی تەنگە نەفەسییە.

ـ باشە جەنابت چیتە؟

ـ ئەی نەم ووت هی تەنگە نەفەسییە.

ـ یانی تەنگە نەفەسیت هەیە؟؟

ـ ...... بەلێ.

ـ کەوابێ ناتوانی پاڵ بە ترومبیلەوە بنێی؟

هەر کە ناوی ترومبیلم هاورد، نەعوزوبیللا کابرا حەوت رەنگی برد و هاورد؛ دەم و چاوی وەکو مۆمی تواوە نیشتە بان یەک؛ هەناسەی سواربوو؛ مرخە مرخی رۆژە رێیەک دەروشت و قیژاندی.

ـ بۆ ترومبیلت هەیە؟..... بەزمەکەیە؟!

ـ نە کاکە ترومبیلی چی، بەقوربانت بم، پشتا و پشتیش ترومبیلمان نەبووە. تەنانەت لەم دواییەش نەبووینە خاوەن ترومبیل. ترومبیلی چی و حالی چی؟ ئەوە ئێمە چەنێکە بە رێگاوەین.

قوتوەکەم دەرهێنا و بە بەرچاویەوە ناو دەمم فێنک کردەوە و ووتم: منیش وەک تۆ وام. ئێمە لەم قسانەدا بووین دوان دایان بە تەنیشتماندا و باسی وەرەس بوونی خۆیان دەکرد لە ترومبیل پاڵنان. برادەرەکەم بە جێهێشت و گرتمنەوە و پێیانم ووت: لە پێشی خۆتان، پێش ئەوەی پێچ بکەنەوە، لای ئەو کتێب فرۆشەی بەرامبەر ترافیکەکە ئەو شتە هەیە.

ـ چیی ؟؟ نەکا پێویستی بە پاڵنان بێت؟!

ـ نا، نا دەرمانەکە!

ئەوانیشم بە جێهێشت، بەو هیوایەی برادەرەکەم بگرمەوە، هەنگاوەکانم گەورەتر و خێراتر کرد. بێ سوود بوو. بازار جمەی دەهات. ژمارەی تازەی رۆژنامەکان گەشتنە سەر شۆستەکان. لە لاپەرەی یەکەمی هەموویاندا بە مانشێتی گەورە نووسرابوو «١٥» تۆن دەرمان گەیشت. زۆر باشە، پرای هەرزان دەبێت و یەکێکیتریش بۆ یەدەک

هەواڵنامەی کتێب

دەکرم. بەلام جارێ نایکرم. گەیشتمە بەردەم عیادەک. کوریکی گەنج چووبووە ژێر بالی پیرەژنێکەوە و هاوردیە لای دەرگای عیادەیەک کە هێشتا نەکرابویەوە و داینیشاند. بە کورەکەم ووت:

ـ ئەوە دایکتە؟

ـ بەلێ.

ـ چ خێریەتی؟

ـ تۆزێک ناساغە.

ـ خۆ تەنگە نەفەسی نییە، خوانەکەران؟

ـ نەخێر، بۆ دەپرسی؟؟

ـ وەللا هەروا، ووتم نەکا تەنگەنەفەسی هەبێت.

ـ راست دەکەی. ئەوی راستی بێت تۆزێک هەناسەی سوارە بەڵام پێم وایە هی ئەوەیە کە تۆزێک قەلەوە. ئێ پیریش بووە. ئیتر...

ـ مامۆستا «ئەمەی بە تەوسەوە ووت» پرسیارەکانت سەیرن. ئاخر ترومبیل لەکوێ و تەنگە نەفەسی لە کوێ؟ تەنگە نەفەسی چ پەیوەندی بە ترومبیلەوە هەیە!!

قوتوەکەم دەرهێنا و تێر هەلم مژی و ووتم: ئەمە دەرمانی تەنگە نەفەسییە. تەنگەنەفەسی ئوتومبیل. یەکێک لەمانە بۆ دایکت بکرە و هەقت نەبێت. ئەگەر چاک نەبویەوە لەسەرمن. ئەوانیشم بەجێ‌هێشت. گەیشتمە بەردەم کەبابخانەکان. ترومبیلێک دوای دوو سێ کۆخە و تەقە و ساتمە وەستا و کابرا دابەزی و بە کۆمەلێ گەنجی ووت کە تۆزێک لەولاتر وێستا بوون: ئادەی پالێک نانێن؟ هەموویان بەیەک جوولە هەر وەک ئەوەی مەشقیان لە سەر کردبێ قوتوە سپرایەکانیان دەرهێنا و وەک کۆرس ووتیان: تەنگەنەفەسین جەناب.

واقم وورما و حەپەسان و ووربوون بەدەور سەرمدا هەر یەکە و لە مەودایەکدا، چەپ و راست دەستیان کرد بەخولانەوە. هەتاکو دەهات ژمارەی خێرایی مەدارەکان لە زیاد بووندا بوون و پڕ بوونەوە لە بۆ، جاران، کەی، چۆن، بەڵام، نا، خراپتر و، باشتر و هتد... دەنگە دەنگ و هەرا تەنگی بە مەدارە کان هەلچنی و لە کۆلم بوونەوە. کە هاتمەوە هۆش خۆم، ژمارەی ئەو کەسانەی کە قوتوە سپرایان پێ بوو، ئەو ناوەیان تەنی بوو. هەتاکو چاو بری دەکرد هەر خۆیان بوون. لێدانی دلم وەکو دەف لێدانی زکرکردن دەژنەفت و خەریک بوو لە سنگمەوە دەردەپەڕیە ناو ئاپۆراکە. دلم تێک هە لهات، چاوم بریبوە ئەو کۆشک و بالەخانانەی کە لە بەردەممدا قوت بووبوونەوە. زۆری نەخایاند هەموویان بە بان سەرمدا هاژەیان کرد و تێپەرین. کە چاوم هەلهێنا، لەسەر پشت راکشابووم و شووشەیەک ئاویان بۆ هە لواسی بووم. نەم زانی چ وەختە بەلام زانیم کە خەستەخانەیە. تەماشای ئەو دەم و چاوانەم دەکرد کە بەدیار سەرمەوە وەستابوون. لە پڕ هەستم بە هەناسەسواری کرد. سنگم بە خێراییەکی نارێک و پێک بەرز و نزم دەبووەوە. یەکسەر شتێکیان نایە بان دەم و لووتم. تەماشام کرد سۆندەیەکی پێوەیە و چاوم بە بان سۆندەکەدا گێرا هەتاکو لە سەر لولەکێکی درێژکۆلە گیرسایەوە کە لە لای چەپمەوە دانرابوو. ساردیەک بەدەم و لووتمدا هات و چۆی دەکرد. پاش تۆزێک لایان برد. هەستم بە حەسانەوەیەکی تەواو کرد. ویستم قسە بکەم، هەستم کرد دەم و لێوم ناجولێن. بەلام ئەوانەی کە بە دیارمەوە وەستا بوون وورده وورده دەیانم ناسینەوە. تەماشای منیان دەکرد و لێوەکانیان دەجوولایەوە، زانیم کە قسەم بۆ دەکەن بەڵام گوێم لە هیچ نەدەبوو. نازانم چەند رۆژی خایاند تا توانیم بجولێمەوە و قسە بکەم بەلام لە تەواوی ئەو رۆژانەدا دەم و چاوی تازەم دەبینی

دەهاتە سەردانم. یەکەم قسە ئەمە بوو: ترومبیلەکان ماون؟ ووتیان: نەخێر.

ـئەی قوتوەکان؟؟

ـهەمووی شکێنرا؛ کەس پێویستی پێ نەماوە.

ـئەی کەی دەردەچم؟؟

ـچەند رۆژێکی‌تر. دوکتۆرەکان دەڵێن: ئەوەندەی لەو سپرایە هەلمژیوە کاری تێکردووە، هەروا بەئاسانی لە کۆلی نابێتەوە.

ئەوان لەم قسانەدا بوون، منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە شتێکی‌تر پەیدابکەم بۆ پاش دەرچوونم؛ چونکە لەم قسانەم زۆر بیستبوو.

***

هەواڵنامەی کتێب

گوشەیەک لە رۆمانی:

# سارا

عەلی کیتابی

بەشی دووهەم

سارا کەوتە ناو بەحری خەیالاتەوە. واقی ورما؛ هەزاران پرسیار و تو بلیی بی جواب و عەجایب، برووسکە ئاسا بە میشکیدا تیپەرین. تیگەیشت کە کوشکی ژیانی پڕ زرق و برقی رِەزیە، پووشالیە؛ بەلام بۆ؟؟!! مەگەر ئەم رازە هەر رِەزیە بو خوی بیزانیٚ و بیدرکینیٚ.   ئیستا نورەی سارایە. رِەزیە لە ئامیز دەگری و دەلی:

ـ بە قوربانت بم، دلم توقی زووکە دەردی دلتم پی بلیٚ.

پاش چارەکە سەعاتیک رەزیە دیتەوە سەر خو و دەلی:

ـ قەت ئەو روژە رِشەم لە بیرناچی. چاشتەنگاویک کە باوکم لە مزگەوت گەرایەوە و بە بۆلە بۆل خوی کردە مالا. بە کلکی خوڵ هەلمالەکە کولاوکەی ناوەراستی مالەکەی وەلا نا. کوگایەک بەفر کەوتە سەر کورسیەکە. با و بورانی دەشتی هەوەتوو وەک گورگ دەلوورینی؛ هەر ئەوە نیە لە کولاوکەوە بومان بیتە مالەوە. باوکم بیسملا بیسملا، چمکی سەر بێشکەی تاقانە براکەمی هەلدایەوە. کە هەستی بە بێشکەی سارد و سڕ کرد حەمەرەسوولّی تیدا نوستووە، دیسانەوە بە بیسمیللایی کردنەوە سەر بێشکەکەی داپوشیەوە. چوار چاو بووە بە شوین سەوەتەی  وردە و تەپالەدا دەگەری. وەختیک کە زانی من بەخەبەرم، بە توورەیی و جنیودانەوە پیی ووتم:

ـ ئەری ئەو دیلەقورەی دایکت لە کوییە؟ بلیی چووبیتە کام جەهەنەم وا هیشتا تەنووری بوتان دانەخستووە؟ بە پەلە پەل سەوەتە گزرەیەک  کە مەشیا دایکم بەیانی زوو بیکرد بایەتە بەر مانگا و گویلکەکە، هەلی رژاندە ناو مالکە و رِویی وردە و تەپالە بینی، تەندوورمان بو داخات.

زوری پیٚ نەچوو باوکم وەک گا دەی بورِاند؛ وەک شیت دەی نەرِاند و  دەیگوت:

ـ هەی هاوار خەلکی گوندی کانیسوور فریام کەون.

لە ژیر لوورەلووری بەفر و بورانی دەشتی هەوەتوودا خەلک لە مزگەوت و لە مالانەوە رژان بە سەر باوکم و کوشکەلانەکەماندا. بەچنگ و پاچ و خاکەنداز لاشەی سارد و سڕی دایکمیان لەژیر چەندین خەروار وردە و تەپالەی تەڕ و تلیس و سەهول بەستوو دەرهینا و هینایانە مالەوە.

باوکم قورِی وەچنگ نەدەکەوت تیی نیشیٚ؛ بەردی وەگیر نەدەهات تا کاپۆلی خوی پیٚ سوورکات. بە چنگ بەفری بە سەر خودادەکرد و تەختە سەهولی بە سەرخو دا دەدا. هەلی کردە بورانیک چاو چاو نابینیٚ و مالە و مال ناکریت. سیٚ شەو و سیٚ رِوژ مەیتی دایکە کولّوّلەکەم لە بەر چاوم هەر لە ناو مالدا مایەوە.

بو ماوەیەک بیدەنگی و ماتەمینیٚ بە سەر سارا و رِەزیەدا زال بوو.

دیسانەوە رەزیە دەلی:

ـ قەت ئەو کاتەم  بو فەراموش  ناکریت کە تاقەبراکەم بە گاولکیٚ و کەوت و خیز، خوی گەیاندە پەنای لاشەی سارد و سری دایکم. نازانم چون لە پیش چاوی ماق و ورِماوی دانیشتوانی ناو مالدا، لیفە و لوی کفنەکەی وە لا نا و دەمی ژندە مەمکی سارد و سری  لاشەی بیٚ  گیانی دایکم و دەستی بە مژین کرد! لە کاتی ئەو دیمەنە دل

تەزینەدا، کەس مووی نابزوێت؛ جگە لە بێدەنگی و ئەشک ڕشتن. سەرەنجام باوکم بە ئیشارە بە منی ووت براکەم دوور خەمەوە. کاتێ کە بە هەر حالێک بوو براکەم لە سینگ و بەروکی لاشەی دایکم کردەوە، بە گریانەوە وتی:

ـ بابە گیان ئەوە بۆ ڕەزیە نایەلێ مەمکی دایکی خۆم بخوم؟ خۆ من مەمکی دایکی کەس ناخوم، بۆ نایەلن؟

بە هەر ڕوژە ڕەشیەک بوو بە ئامانەت و بە بێ یاسین و تەلقین مەیتی دایکمیان بەئامانەت هەر لە پەنای مالاندا ناشت. ئاخر باوکم دەیگوت کە زستان نەما و عەرز ڕەشەوە بوو، دەیگوێزینەوە ناو گورستانی گوند. ئیستا باوکی کوڵوڵ و کوسکەوتووم بە کولێک مندالی وردەواڵەوە کە بریتی بووین لە چوارخوشک و برایەک، کە من کزری ناویانم تازە دەتوانم گوزەلە ئاو لە کانی بینم، دەستی ما و بەچکی! دوای دوومانگ، بە پێی زەروورەت و پرس و جوی کەس و کاری، بە تایبەت خوشکەکانی، بێوەژنیکی (کلکەدار) یان بودوزیەوە و لێیان مارە کرد. ئیمە پینج و ئەوان چوار، وەک جووجەڵەی بەرەی دوو مریشک تیکەلاوکراین. ئەوان چوار و ئیمە پینج و باوکم و باوەژنم، ئەمە ١١ سەرخێزان. جگە لە باوکم و باجیم گشتمان نانناس و خوانەناس! کەمبژیوی، دوژمنایەتیەکی ئەوتوی پیکهینا. لە کاسەی سەری یەکتردا ئاومان بخواردایەتەوە، ئوخەیمان لێنەدەکەوت. نەبوونی و هەژاری و باوەژنداری، دەستی دایە یەک؛ مالی لێکردینە جەهەنەم و کافرستانێ. باجیم ئەوەی وەچنگی دەکەوت و ئەوەی بابم دەیهینایە مالەوە، نیوەی دەشاردەوە و بە دزیەوە دەیدایە مندالەکانی خوی. منیش وەک سیخوڕ مووبەموو بۆ باوکم دەگێرایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ڕەزیە گشت فرمیسک و بوغزیک کە لە گەروو و چاوەکانیدا پەنگی خواردوتەوە، بە سەر سارایدا هەلدەرێژی و دەلی:

ـ وەک دەلین گوریس بە یەک لانە ناگاتەوە، ئەمیش جگە لە ئیمە پینج مندالی بی دایک و تازەهەتیو کەوتوو، بێوەژنیکی هەتیوباریشی بوو بە تووشەوە! کاتیک من دزی و زولم و زور و هەلاواردنی باوەژنم لە قاو دەدا، باوکم ئەو شێرە پیاوە نەمابوو کەدایکمی هەمیشە و دایم وەبەرشەق دەدا. ئیستا لە حەنای باجیم وەک ڕیویش نەبوو. بویە وسکوتی پیم دەکرد و دەیگووت:

ـ ڕولە بو خاتری خوا ددان بە خوتدا بگرە و هیچ مەلێ. بە بێ ئەو ناتوانین بژین. ئەو چوار سەرە حەیوانە هی ئەوانە؛ ئیمە تەنیا مانگایەکمان هەیە ئەویش ئەم ساڵ قسرە، چوڕیک شیر لە گوانەکانی ناچوڕیتە خوار. باجیت و بزنەکانی نەبێ، بەچی بەخیوتان بکەم؟!

سارا گیان سەرت نەیەشێنم. باوکم وەک گشت هاوچینەکانی، دەور و بەری پایزان بەرەو گەرمین بوی دەرباز دەبوو و بەهار دەهاتەوە. شەش مانگ لە گەرمین شەشیش لەکویستان؛ تا دایکە مەینەتیەکەم مابوو هەرچەندە لە نانی وشکیش تێر و تەسەل نەبووین، بەلام بەهوی دلسوزی و خوشەویستی گەرمی دایکمان، کەمتر برسیەتی و هەژاریمان پیوە دیار بوو. بەلێ ساراگیان. ئا ئەمەیە نهێنی ناو دڵم.

﴿ باوەژنی بی ئیمان و کلکە دار* ژینی تالکردین وەکوو ژاری مار﴾

﴿گرەی گرالک دووری گاوڵمە * چەپوک باوەژن زووخی ناودلمە ﴾

بەلی بەم جورە، جەوری باوەژن و نەبوونی مال و دەر و دەشت و دنیای لیمان کردبووە جەهەنەم. روژیک بە جووتیک نیمچە گوزەوە لە کانی دەگەرامەوە، لەناکاو لە دەوری ماڵمان بوو بە غەڵبەغەڵب و وەی ڕو وەیڕو. باوەژنم بینی کە دەگریا و دەیدا بە سەر خویدا، بەلام فرمیسک بە چاویەوە وەدی نەدەکرا. گوزەلەکانم دانا و لە ناو دەست و پیی خەلک و دراوسیکاندا خوم گەیاندە ناو ماڵ. دەک لاڵ بم، چیم بەم چاوانەم بینی. نازانم چونت بو بگیرمەوە؛ تاقەبراکەم کە جێی هیوا و ئومیدی چوار خوشکان بوو، دەتگوت جووجەلەیە و کەوتوتە تەندوور، پەر و پوی بە جاریک هەلپڕووزاوە، وەک فڕووجێکی سەر بڕاو و ئاوەڕووت کراو بە باوەشی پوورەکانمەوە بوو. پڕ بە خوم زیڕاندم و پڕم دایە. لاڵ بم بە حالێک و دوو بەلا چاوی بێ برۆ و برژۆڵە هەلپڕووزاوەکانی بۆ هەلبڕیم و بە گریانەوە ووتی: بوخوی خستمیە تەندوورەکە و دەریشی هێنامەوە.

پاش گریان و شین و شەپوڕی پوورەکانم و کومەلێک ژن و کچانی گووندی کانیسوور، مەیتی تاقانە براکەمیان لە پیشچاوم هەڵگرت و بردیان؛ ئیستا و ئیستایش نەم بینیەوە. لە بیرمە دایکم پێی دەگوتم ڕولەگیان خوزگەم بەخوت شوکور برات هەیە، میرد ناتوانی وەک من بیکەسکوژت کات. ئەگەر برام بوایە بهاتبا چوار شەقی لە باوکتدا هەلدابا، بمی بردایەتەوە مالی خوی، دالدەی دابام، ئەوسا باوکت پەنای بە پیاوماقوولان دەبرد تا منی پێ بدەنەوە، توبە بکات قەت جاریکیتر بێکەسکوژم نەکات. دایکم دەیگوت کچی بێ برا وەک داری بی گەلایە. شوکور تو برات هەیە وەک من نیت.

تا باوکم لە گەرمین گەرایەوە خوشکە ناوەنجیەکەشم بە نەخوشی سکچوون مرد. ئیمانمان نەچی باوەژنم ئەویشی دەرمانخوارد کرد. بەلی بەهار هات و باوکی ساکوسیام هاتەوە، بەلام بە سەر هەواری نیوە بەتالدا کەوت. من هەموو شتیکم بوگێرایەوە، بەلام ئەو پالەوانەی لە حەنای دایکە کوڵوڵەکەمدا دەتگوت ڕوستەمی زاڵە لە بەرابەر باجیمدا ڕێوییش نەبوو. جگە لە فرمێسک هەلڕژاندن و خەم و خەفەتخواردن زورتر لە پێواری باجیم، هیچ دەستەلاتیکی نەبوو. ڕەزیە هەناسەیەک هەلدەکیشی و دەلی:

دژایەتی و دوژمنایەتی من و باوەژنم شتیکی زەق و بەرچاو بوو و ڕوژ لەگەل ڕوژ زیاتر تەشەنەی دەکرد. وادیار بوو باوکم چاوەڕوانی ڕووداویکی دلتەزینی دەکرد؛ بویە پایزی پیرارەکە لە گەڵ وەڕیکەوتنی کاروانی گەرمین و کویستانکەری هەوشار و هەوەتوویی وەریکەوت. ئەویش لە ناکاو پیلی گرتم، بەتیکەلاوی ئەواندا بەرەو گەرمین وەڕیکەوتین. تا لیرە لە مالی ئەم حاجی عەلیەدا گیرساینەوە. باوکم بێ ئەوەی پرسێکم پیبکات، لەو حاجیە پیرەی مارە کردم، کە بە باوکی باوکیشم دەژمیرێت. پوولی شیربابییەکەی نایە باخەلی و گەڕایەوە. باوکم بڕیاریدا لانی کەم سالی جاریک بەدەم گەرمین و کویستانکردنەوە، سەرم لێ بدات. بەلام ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت واولی نەکردوتەوە سەرم. ڕەنگە بە پوولی شیربابییەکەی منەوە جووت و گای وەڕێ خستبیت و ئیستا ئیتر پێویستی بە گەرمین و کویستان کردن نەمابیت؟!

سارا وەک مقەبا مووی ناجوولیتەوە. وەها واقی وڕماوە، دەلیی ڕوح لە بەدەنیدا نەماوە. دلوپ دلوپ ئەشک بە چاویدا دینە خوار و بەس. ڕەزیە بە لوی لەچکەکەی فرمیسکەکانی بو دەسڕی و دەلی:

ـ سارا گیان، بە قوربانت بم تو زور بە هەڵەداچووی. چاوەکەم تو پیت وابوو من کچی حاجی عەلی و

هەوڵنامەی کتێب

پوورەمرووەتم؟ بۆیە هەر دەلیی خوزگەم بە خوت؟ نەخیر، هەزار جار من خوزگەم بەخوت! بو ئاگاداریت، غەزنەی بەستەزمانیش هەر وەک مندیلە و دەست و پیی لە کوت و زنجیری باب و برا و سەروەت و سامانی حاجیعەلیدایە. ئەویش هەر وەک من بە پارە فروشراوە بەلام ئەو بی کەس نیە؛ دایکیکی هەیە دەلیی وڕوڕەی جادووە؛ باب و برا و کەس و کاریشی کەلاکیان بەدیار بەشە میرات و سەروەت و سامانی حاجیعەلی وجاخکویرەوە خستوە. بە تەمان بەم زوانە حاجی بمری و بەشە مالی غەزنە بە نسیبیان بیت، ئەوسا غەزنەیش بەدلخوازی خوی بە شوو بدەن.

***

هەواڵنامەی کتێب

# گولی خویناوی

سلیمان قاسمیانی

ستێریۆکە تا ئاخر دەنگی دراوەتێ. گورانی «گولی خویناوی» عومەر دزەیی تەواوی دیوەکەی داگرتووە. لە گەل گرمەی یەک یەکی ووشەکانی گورانیەکە: « بڕوانە... بڕوانە... شاییە، چوپییە لەو ماڵە * گویَ بگرن... زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە...» مالەکە بە گشتی دەلەریتەوە!

سارا وەک میژوکە دەلەرزێ. حەمەی باوکی وەک دیوەزمەیەکی لاڵ لێی نزیک دەبێتەوە. چەقویەکی بەدەستەوەیە و وەک کەسیک کە دەیەوی فروجیک بو سەربرین بگری، بە ئەسپایی هەنگاو هەلدەینیتەوە و چاوی زەق بریوەتە چاوی نیچیرەکەی. سارا پشتاوپشت دەکێشێتە دواوە تا دیواری چیشتخانەکە پشتی دەگرێ و ئیتر ریگەی دەرەتانی لیّدەبڕێ. هەرچی هەول دەدات ووشەکان هێزی کردنەوەی دەرگای دەمیان نیە. لەناکاو قفلی دەمی بە حال دەترازێ و دەکەوێتە پسکەپسک کردن:

ـ با..با..بابە... گیا...گیان... ت..ت..تو خ.....تو خوا... بابە گیان! نـ..نە..نەکەی بابە گیان...

حەمە هەروا دێتە پیش. چاوەکانی وەک پتی خوینن و ئاگریان لی دەبارێ. بیدەنگ دیتە پیش و لە روخساریدا هیچ رەنگیک لە رەحم، لە هەست و سۆزی مروڤانە بەدی ناکرێ. کت و مر نزیک دەبیتەوە و چەقو لە دەستیدا بریقە دەدا. دەگاتە سارا. دەستی حەمە دەچیتە حەوا. سارا بی ئیرادە دەستەکانی دەکاتە قەلغانی سەری و هەر وا بە پەسکە پسک و هەناسەسوار دەپاڕیتەوە:

ـ بابە گیان ... بابەگیان ....

چەقو وەک بروسکە سینگی ئاسمانی دەدڕێ و دادەبەزیتە سەر سینگی سارا. سارا دەکەوێ. خوین فیشقەدەبەستێ و موری تاوان دەکەویتە سەر روومەتی باوک. سارا هەلدەستیتەوە و بەرەو گوشەی راستی دیوار هورۆژم دەبا. هاواری بو نەدەکرا. دەمی دووبارە قفل ببووەوە و ئیتر پسکە پسکیشی لیبرا. چەقو هەر بە شوینیەوە و و بەزەیی بە نیگا مەزلوومەکانی سارادا نەدەهات...

***

سێ سال لەمەوپیش هاتنە سوئید. باوکی سالیک زووتر خوی دەرباز کردبوو و دوای ماوەیەک ئیقامەی بو دەرچوبوو. سارا لە گەل براکەی کاوان و دایکی «زین»، پاش شەش مانگ کاری ئیقامەکەیان دروست بوو و لە سوید بە یەک شاد بوونەوە. مالەکەیان لە گەرەکیکی دەرەوەی شار بوو. زوربەی دانیشتوانی گەرەک خەلکی غەیرە سوئیدی بوون. سارا و کاوان زوو لە مەدرەسە دامەزران. سارا ئیستا سالی ئاخیری دەبیرستانی دەخویند و کاوان سالیکی مابوو تەواو بیت. سارا زور وریا و زیرەک بوو و بە هیوابوو ببیتە دوکتور. لە هەموو هاوکلاسەکانی لە پیشتر بوو و خوشەویستی زوربەیان بوو.

باوکی فەخری بە وریایی و زیرەک بوونی ساراوە دەکرد. خۆی بێکار بوو و شتیکی واش لە زمانی سوئیدی فیر نەببوو. لە وولات دوکاندار بوو و تا بەر لە شەری خلیج، وەزعی مالی زور باش بوو. ئیستا لیرە بە

سەر مالی مامەوەبوون. سەری مانگ دەبوایە بچیتە دایرەی کومەلایەتی و داوای یارمەتی مانگانە بکات. بە روژ کەمتر دەکەوتەوە مال؛ یان لە کومەلەی کوردی بوو یان لە گەل هاورێکانی لەم و ئەو قاوەخانە بوون.

***

چەقو بو جاری دووهەم دیتە خوار و باسکی سارا شەتاوی خوین دەکا. سارا بە هانکەهانک بە نیو لاقی حەمەدا را دەکا؛ لە سەندەلیەکەی چیشتخانە هەلدەنگوێ و بە سەردا دەکەویتە سەر عەرز. حەمە وەردەسوورێتەوە و هەر وا بیدەنگ، وەکوو وەستایەک کە لە کاری خوی دلنیایە، دێتەوە سەر نیچیرە خویناویەکەی...

***

ئەوەی بە شوین ساراوە بوو، لە بەشەر نەدەچوو. دێویکی زنجیر لە لاق هەڵمالاو بوو. بیری سارا خەریک بوو بە هەموو گوشە و قوژبنیکی میشکیدا دەگەرا تا بزانی ئەم روخسارەی کەی و لە کوێ دیتوە. ئەم روخسارە مۆڕ و مرچنە، نائاشنا نەبوو... ئەری ئیستا هاتەوە بیری. دوو سال و نیو لەوە پیش هەر عەینی ئەم روخسارە خەریک بوو زراوی ببات. ئەو جارە باوکی دانیشتبوو و سەیری فیلمیکی بێ قیمەتی تەلویزیونی دەکرد. سارا لە دیوەکەی خۆی خەریکی نووسینەوەی دەرسەکانی بوو. باوکی بانگی کرد:

ـ دا چاییەکم بۆ بێنە!

ـ بابە گیان من خەریکم دەرسەکانم دەنووسمەوە. خوت ناتوانی چاییەک بو خوت تیکەی؟!

هیچی پی نەچوو کە باوکی لە بەر دەرگای دیوەکەی سارا قوت بووەوە. چەقوت لێ دابا خوینی لێ نەدەهات. نەراندی:

ـ بەلێ؟!... ئەم مەکرانە لە کوێ فیربووی؟ ها...؟!

پرچی سارای گرت و وای راکیشا کە سارا لە سەر سەندەلیەکەی بەربووەوە خوار.

ـ خەریکی ئەدای سوئیدیان دەربێنیێ...؟! هەستە چاییەکە بێنە بەر دەمم....

***

ستێریۆکە هەر لە سەر هەوای خۆی، تەواوی مالەکە بە هاواری دلی «گۆران» پر دەکا: « کچ لە رێی جوانیتا، کچ لە رێی جوانیتا... * پاییزە، گەلای دار رژاوە..باغ رووتە ...»

چەقوی سیهەم شانی دەگرێ. سارا نووزەیەکی لە دەم دیتە دەر و خێشکە خێشک خۆی لە سەر زگ دەکێشێتە ژێر مێزی چیشتخانەکە. پیی وایە خەو دەبێنێ. نە بە چاوی خوی باوەر دەکا و نە بەو ژانەی کە ئێتر تەاوی گیانی داگرتووە. پێی وایە مۆتەیەک لە سەر سینگی دانیشتووە و هەناسەی لی بریوە. بە ناباوەرێیەوە چاوەکانی هەلدەگلوفێ، بەلام روخساری ئەو دیوەزمەی کە لە بەر دەمیەتی وون نابێت. نا ئەم روخسارە نائاشنا نیە...

***

ئیوارەیەک کە سارا لە مەدرەسە گەرایەوە، بە دایکی ووت کە قەرارە لە گەل چوار کەس لە هاوکلاسەکانی بچنە سینەما. دایکی ووتی کە دەبی راوەستێ تا باوکی دیتەوە و پرسیاری لی بکات. باوکی کە هاتەوە سارا ووتی:

ـ بابە گیان، من و سێ کەس لە هاوکلاسەکانم قەرارە شەو بچینە سینەما. لە مەدرەسەوە پێیان سپاردوین کە بچین سەیری فیلمیک بکەین ودوایی بیر و رای خومان سەبارەت بە فیلمەکە بنووسین.

ـ سینەما؟! کەی و لە گەڵ کێ؟

ـ ئەمشەو. قەرارە لە گەل مارتین و داوید و هانا بچین و سەعاتی ۱۲ی شەو دەگەینەوە مال.

ـ بە راستیتە؟! گەلێ جوانە!! قەرارە لە گەڵ دوو کور و کچێک بچیە سینەما و سەعاتی ١٢ی شەو بگەڕێیتەوە ماڵ!! لەمە جوانتر هەر نابێ!! برۆ لە بەر چاوم وون بە و جاریکیتر ئەم قسە لە دەمت نەبیستم...

ـ بە لام بابە گیان من مەجبوورم. ئەوە کاری مەدرەسەیە و دەبێ لە سەری بنووسم.

ـ مەدرەسە بێ مەدرەسە. ئیمە و ئەم جورە مەکرەیان نەووتوە. بە راستی پێت وایە من ئەوەندە حیزم ریگە بدەم تو بچی بو شەوگەڕاڵی لە گەل هەتیو مەتیوی سوئیدی؟!

ـ بابە گیان من نە بۆ حیزایەتی دەچم نە بۆ شەوگەڕاڵی. خۆ تۆ هەم هانا دەناسی و هەم مارتین و داوید.

ـ نەخێر، ئیمکانی نیە! حەقت نیە بچی.

ـ باشە بۆ بابە گیان؟! بۆ چی دەرگای مال ٢٤ سەعاتەی خوا بۆ کاوان ئاواڵەیە؟ مەگەر فەرقی کاوان و من چیە؟!

حەمە سوور بووەوە. پەلاماری بردە سەر سارا؛ پشت ملی گرت؛ بە هەموو هیزی خویەوە رایوەشاند و گوراندی بە سەری دا:

ـ چون فەرقتان چیە؟ کاوان کوڕە و تو کچی! دەزانی یەعنی چی؟ یەعنی تو بێ ئابروو دەکرێی بەلام ئەو نا. تۆ سوارت دەبن، بەلام کاوان سوار دەبێ... نازانی ئەم فەرقە چەندە زۆرە... وولاغ؟!

***

دەستی بێ چەقو پڕ دەداتە لاقی سارا و لە ژێر مێزەکە دەیکیشیتە دەرەوە. چەقو دیتە خوار و پەنجەی ناوەراستی سارا کە بە تەمای پاراستنی سینگی بوو، لە گەل خوی دەبا و سینگیشی دەنگێوێ. سارا دەقیژینی. دەستەکانی دووبارە بەرەو چەقو دەگرێ، بەلام بێ سوود. چەقو دەستی راستی دادەماڵێ؛ لە سەر سیپەلاکی دەگیرسێتەوە و بەر بە هەناسەی دەگرێ. جینگل دەدا، لاق دەکوتی و لە خوینی خۆیدا دەگەوزێ. ئیستا ئیتر تەنیا تارمایی دیوەزمەکە دەبینی کە هەروا دەست دەوشینی و دادێتەوە و راست دەبێتەوە. سارا بۆ لەحزەیەک دێوەزمەکەی لە بەر چاو وون دەبێ و خۆی لە مالی هانا دەبینێ.

***

یەکەم جار لە مالی «هانا» چاویان بە یەک کەوت. «یووناس» هاورێی سەیوان برای هانا بوو. کوریکی شیرین و قسەخوش. لە باخچەی مندالاندا کاری دەکرد و سەروکی گروپی «خەبات دژی رەگەزپەرستی» بوو. سارا و یووناس چەن جاریتریش لە مالی هانا یەکتر دەبینن و شەیدای یەک دەبن. هانا رازداری سارا بوو و هەر کات یووناس بهاتبایە مالیان، سارای ئاگادار دەکرد. حەمە لە سەر هاموشۆی سارا بۆ مالی هانا قسەیەکی نەبوو. لە گەڕەکیک دابوون و مالەکەیان لێک نزیک بوو.....

ـ هانا گیان خوزگەم بە خوت. بریا دایک و باوکی منیش وەک دایک و باوکی تو بووایەن. ئاخر چ لەوە ناخوشترە کە ئینسان مالی خوی لێ ببێتە زیندان و دایک و باوکی لی ببنە پاسەوانی بێرەحمی چوار دیوارەکە؟

ـ سارا گیان، پیت وانیە ئەگەر باوکت بزانی یووناس چ کوریکی باشە، رازی بە دلداری و پەیوندتان ببێت؟

ـ خوا بەو روژە نەکا بزانی! بێت و بزانی سەرم هەڵدەقەنێ. ئەو دایکم و من بە ناموسی خۆی دەزانێ و هەرگیز ناتوانێ قەبوول بکا کە کوڕێک، بە تایبەت ئەگەر سوئیدیش بیت، چاو ببرێتە ناموسەکەی.

ـ ئەی خۆ قەرار نیە بە گیسی سپی لە مالی باوکت دا بڕزیی! روژیک هەر دەبێ باوکت قەبوول بکا کە دەسبەرداری **ناموسەکەی**، واتە سارا، بێت و بە کەسیکیتری بسپێرێ!!

ـ ئەرێ خۆ راستە. بەلام ئەو بە تەمایە من بە مەیلی ئەو و بە پێی ریگە و رەسمی ئەو شوو بکەم.

ـ دەی باشە ئەگەر یووناس بێت بۆ خوازبێنی تۆ، باوکت دەڵێ چی؟

ـ باوەرِ ناکەم رازی بێت. جگە لەوە یووناس چون دەتوانێ بێ بۆ خوازبێنی من لە کاتیکدا ئیمە هیچ تەجرەبەیەکمان لە ژیانی هاوبەش لە گەل یەکتر نیە؛ یەکترمان هەلنەسەگاندووە و نازانین داخوا لە ژیانی هاوبەشمان رازی دەبین یا نا...

ـ باشە، ناکرێ یووناس بێت بۆ لای باوکت و باسی ئەڤینداری خۆی و تۆی بۆ بکات؟ خۆ دەکرێ لە پێشەوە ئالقەی دەزگیرانی بکەنە ئەنگوستی یەکتر و دوای ئەوەی بە باشی یەکترتان ناسی، زەماوەند بکەن!

ـ بەلام باوکم هەر بێت و هەست بەوە بکا کە من کەسێکم خۆش دەوێ، ئیتر ریگەی مالی ئیوەشم لێدەبرێ. خۆت دەزانی کە ئەگەر بە یارمەتی جار و باری تۆ نەبێ، ریگەی چوونە ناو شار و جەژن و شتی واشم نامێنێ.

ـ سارا گیان، ئەم رازە روژێک هەر ئاشکرا دەبێ. بە رای من لە گەل یووناس بە جۆری ساخ بینەوە و لە گەل باوکت قسە بکەن. من ترسم لەوەیە کە باوکت بە جورێکیتر لە مەسەلەکە ئاگادار بێت و بەلایەکت بە سەر بێنێ. ئەی ناکرێ لە گەڵ یارمەتیدەری دایرەی کومەلایەتی قسە بکەی، بەلکوو ئەوان بتوانن بە شیوەیەک لە گەل باوکت قسە بکەن؟

ـ نازانم... من ئیستا ئیتر تەمەنم ۲۱ سالە. دلنیام کە لە جوابدا پیم دەلین کە ئیتر لە باری قانوونەوە خوم دەتوانم چارەنووسی خوم دیاری بکەم و بەرنامە بو ژیانم داریژم. بەلام موشکیلەکە لەوە دایە کە باوکم و باوکی ئیمەمانان قانوونی خویان هەیە و تا قانوونی ئیرە بیهەوێ بێتە فریای من، ئەمەیتریان منی نیوەگیان کردووە.

ـ حەقتە نیگەران بی. قانوونی ئیرە هەر چەند بە گشتی لە قانوونی وولاتانی روژهەلات باشترە، بەلام زور کەلێنی تیدا هەیە کە بە تەاوی دژی من و تۆی پەنابەرە. دوور بێ لە تو؛ خۆ کچە فەلەستینیەکەت لە بیرماوە کە باوکی بە نیوی «پاریزگاری لە شەرەف و ناموس» کوشتی و دادگا بە بیانووی «جیاوازی فەرهەنگی» و ئەوەی کە خەلکی وولاتانی روژهەلاتی ناوەراست رەسم و یاسای تایبەت بە خویان هەیە، حوکمی باوکە پیاوکوژەکەی دابەزاند و زیندانیکی کەمتری بو بریەوە!

ـ ئەی بو منالە دوو سالانەکە نالێی. باوکی لە قاتی سیهەم، لە پەنجەرەرا فریّیدایە دەرەوە و دادگا لە ژێر ئێوی « کولتوور و ئایینی جیاواز» و ئەوەی کە لەو کولتوورەدا دایک و باوک مافی ئەوەیان هەیە کە منالەکانیان تەمبێ بکەن، حوکمی کەمتری بو دیاری کرا؛ لە حالیکدا کە ئەگەر مروڤێکی سوئیدی ئەم کارەی کردبا و کابرا بە نەخوش دەرنەچووبا، لانی کەم دوو سال زیاتر حوکمی بو دەردەچوو.

ـ سارا گیان، هیوادارم دادگا هەرگیز ناوی تۆ بە خۆیەوە نەبینێ...

***

دەنگی گورانی بیژ، خەم دایگرتووەوە و مەحزوون دەچرێکێنێ: « باخچەی پاشا لەم بەر ئاوە..لەم بەر ئاوە * خێلی دوژمن دەورەی داوە...* ئەرۆم، ریگام لێ گیراوە... »

سارا ئیتر هەست بە ژان ناکا. لەشی بە قەرای کێوێک قورسە. جوولەی لێبراوە و تەنانەت ناتوانی قامکێکیشی هەلبێنێ. هەرچی دەکا بڕولکەکانی بۆ لە سەر یەک ناترازین. جار جار شتێک لە حەواوە دیتە خوارەوە و لە لەشی رۆدەچێ. بۆ یەک لەحزە قورسایی لە سەر چاوەکانی لادەچێ و زور ئارام چاوەکانی دەکاتەوە. باوکی دەبینێ کە لە سەر تەرمەکەی هەلوەستاوە و وەک قەسابێکی لێهاتوو خەریکی کاری خۆیەتی.

باوک لە بەر چاوی وون بوو و ئەمجار روخساری یووناس بە بزە شیرینەکەیەوە هاتە بەر چاوی...

***

حەوتوویەک لەوە پیش، لە گەل یووناس بوو بە باسیان:

ـ سارا گیان، من ئیتر لەوە زیاتر رازی بە دریژەدان بەم جورە دلداریە نیم. من و تو یەکترمان خوش دەویٚ و لە وولاتیکی ئازاددا دەژین. دەی کەوایە بۆ دەبیٚ بە دزیەوە یەکتر ببینین؟! تا کەی دەبی سێبەری باوکت قورسایی بخاتە سەر ئەڤینی من و تو؟!

ـ تو لە یەک شت ناگەی و ئەویش ئەوەیە کە من لە بنەمالەیەکدا دەژیم کە وا بە ئاسانی رەوشتەکانی ناگوردریٚ. من دلنیام کە لە گەل باوکم تووشی موشکیلە دەبین...

ـ ئازیزەکەم تو خۆت بەشێک لەو بنەمالە و ئەو رەوشتانەی کە باسی دەکەی. ئەم رەوشتانە کەی و چۆن قەرارە بگوردرین؟! بە هیوای خەلکیتر بێن و زەحمەت بکێشن رەوشتەکانی دایک و باوکت بگۆڕن؟! ئەگەر دلنیای کە تووشی موشکیلە دەبین، دەی تا کەی دەتهەوی ئەمرۆ بە سبەی پێ بکەی؟ مەگەر موشکیلەکە بەم جۆرە چارەسەر دەکریٚ؟ خوت دەزانی کە رەوشتی ژیانی باوکت هیچ کات لە گەل بیر و رای تو یەک ناگرنەوە و روژێک هەر مەجبوور دەبن ریگاکانتان لە یەک هەلاویرن و هەر کەسە ریگای خوی بگرێتە بەر. وەدواخستنی ئەو روژە تەنیا بە زەرەدی تۆیە و کۆیلەتی خۆت درێژە پێدەدەی.

ـ قسەکەت راستە، بەلام نازانم بلێم چی. لام وایە روژیک باوکم خۆی بەو نەتیجەیە بگات کە بۆچوونەکانی ئیتر لە گەل ژیانی ئەمرۆ دا ناگونجن...

ـ باوانەکەم، خوزگە دەمزانی ئەو روژە کەی بی! مادام کە ئینسان خۆی هەول بۆ گۆڕانی ژیانی نەدا، ئەگەر گۆڕانکاریەکیش بە سەر ژیانیدا بیت، سوودیکی وای بو ئەو تیدا نابیٚ. ناکریٚ تەنیا چاوەروانی ئەوە بی داخوا باوکت کەی خۆی بەوە دەگا کە دەبیٚ بە جورێکیتر بروانێتە ژیان و رەوشتە کومەلایەتیەکان. تۆ لایەکی مەسەلەکەی و دەبیٚ خۆت لە وەپێش خستنی ئەم گۆڕانکاریەدا بەشدار بی...

ـ تو باوکم ناناسی. زورداره، تەنیا قسەی خۆی قەبوول دەکا...

ـ باوکت تەنیا تا ئەو کاتە دەتوانیٚ زۆردار بیٚ کە کەسیکی وەک تۆ، ملی بو کەچ بکات و سەر بۆ زولم و زۆری دانەوێنیٚ. کاتیٚ کە تۆ لە هیچ شتیکدا لە قسەی باوکت دەرنەچی، ئەویش پێی وادەبیٚ کە تەنیا قسەی حەق لەم دنیایەدا قسەی ئەوە! دەبیٚ دوو قسە لە قسەی ئەو بکردریٚ و دوو قسەی جیاواز لە قسەکانی خوی ببیستیٚ تا حالی بیٚ کە کەسیتریش لەم دنیایەدا هەیە و قەرار نیە قسە هەر قسەی ئەو بیٚ!

ـ لە گەلتام، یووناس گیان. تا ئیستا هیچ هەولێکی ئەوتۆم بۆ گۆڕانی ئەم وەزعەی کە تییدام، نەداوە و هەر بێدەنگ رام بواردووە. دەکرا لە گەل ئەوەی کە رێزی دایک و باوکم دەگرم، سەر بۆ شتی نارەوا و رەوشتی کۆن دانەنوێنم...

***

ستێریۆکە هەر لە گەڕ دایە و دەنگی گورانیبێژ دیوارەکانی مالەکە دەکوتیٚ: « ناتەوی ئەم زامی سەر دلەم لە باتی؟ * هەی هاوار! تفەنگی دوژمنیش پێکاتی؟....»

حەمە کەوتووەتە هەناسەبڕکیٚ. چەقوکەی لە سینگی سارا دەردێنیٚ و لە بەر شێرەی ئاوی چیشتخانەکەدا دەیشواتەوە. ئیتر دەنگی عومەر دزەیی نایە. شریتەکە خەریکە هەروا خشە خش دەسووڕیٚ. دواى ماوەیەک لە ناکاو

هەواڵنامەی کتێب

ژوورەکە پڕ دەبێ لە گرمەی سروود: « ئەی ڕەقیب هەر، ماوە .... کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە...»

سارا لە سەر عەرز کەوتووە. چیشتخانەکە وەک قەسابخانەیەک شەتالی خوێن بووە. ئەوەی گیان بێ لە بەر سارادا نەماوە. خەیالی سارا وەک کوترێکی سپی شەکەت و ماندوو خەریکە بۆ ئاخرین جار باڵ لێدەدا و دەڵێی ئێستا نا ئێستا لە باڵ لێدان دەکەوێ...

***

ئێوارە کە لە ماڵ چووە دەر، ووتبووی کە دەچێتە لای هانا. دوای ئەو باوکی بە هەلکەوت چوو بوو بو ماڵی هانا و زانیبووی کە سارا لەوێ نیە و دوای کەمێک قسە و باس شکی بردبووە سەر ماڵی یووناس. بە یارمەتی یەکێک لە هاوڕێکانی، ئادرەسی یووناس دەدۆزێتەوە و لە بەر ماڵی یووناس خوی حەشار دەدا. حەمە ڕادەوەستێ تا سارا دێتە دەر. سارا لە بەر دەرگا، یووناس لە باوەش دەگرێ؛ بە گەرمی ماچی دەکا و خواحافیزی لی دەکات. حەمە خوی ئاشکرا ناکات و بە دوای سارادا دێتەوە ماڵ. دایکی سارا و کاوان لە ماڵی پوورە مریەم بوون و نەگەڕابوونەوە.

حەمە شریتی عومەر دزەیی دەخاتە سەر ستێریۆکە و تا ئاخر دەنگی دەداتێ. چەقویەک هەلدەگرێ... دەنگی عومەر دزەیی تەاوی ژوورەکە دادەگری: « بروانە... بروانە... شاییە، چوپیە لەو ماڵە....»

***

هەواڵنامەی کتێب